# لەژێر شمشێرەکەی خەلافەتی ئیسلامی
# ساڵێک کاری ڕۆژنامەوانیم لە شەڕە خوێناوییەکەی داعش

شوان سدیق

**ناوی کتێب**: لەژێر شمشێرەکەی خەلافەتی ئیسلامی، بەدواداچوونێکی رۆژنامەوانی بۆ شەڕی پێشمەرگەو داعش

**نووسین و ئامادەکردنی**: شوان سدیق مەحمود

**پێداچوونەوەی**: عیسا خدر

**کاری هونەری و دیزاین**: پۆڵا مەحمود

## ئەم کتێبەم پێشکەشە بە:

* دایکی ئازیزم، بەماندوبوون و شەونخوونی و چاوەڕوانییەکانی.
* شەهید هوجام سورچی، کە بەرامبەر بەشمشێری داعش سەری دانەنواند.
* شەهید نیگار حوسێنی ٧-٩-٢٠١٤ لە کەرکوک بەدەستی داعش شەهید کرا.
* شەهیدی ڕۆژنامەنووس دەنیز فورات، ٨-٨- ٢٠١٤ لەنزیک شارۆچکەی مەخمور بەدەستی داعش شەهید کرا.

# پێشەکی

لە ماوەی ساڵێکی شەڕی نێوان چەکدارانی داعش و هێزەکانی پێشمەرگەدا ئەوەی بینیومە بە دروشمی ئایینی بە ناسنامە بەجێماوەکانی چەکدارانی داعش، ئەوان ئایینی ئیسلامیان لا پەسەند بووە، سەلەفی ئاسا رەنگ و روخسارو جۆری جل و بەرگیان لەگەڵ چەکدارانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەو چەکدارە توندڕەوەکانی شیشـــان و ئەنسارولئیسلام لە هەورامانی ســـەر بە پارێزگای ئێســـتای هەڵەبجە یەک جۆر و رەنگ بوونەو جیاکردنەوەیان لەیەکتر ئاسان نیە.

داعش لە پێناو گرتنە دەستی دەسەڵاتی دەیویست و ئێستاش کە لە گۆڕەپانەکە ئامادەی هەیەو کۆتایی نەهاتووە. دەیەوێت بەشمشـــێر دونیا بەڕێوە ببات و لەروێکی تریشـــەوە، هەمان شمشـــێر بۆ کوشـــتنی مرۆڤ بەکاردێنێت، گوایە پێی دەگات بەدونیایەکی تر و خۆشیەکانی ئەو دیوو بەنموونە کوشتنی ئێزیدی و مەسیحیەکان، هەروەها شەڕ بەرامبەر

پێشمەرگەو ئەو جەنگە دەرونیەیی بەرامبەر کوشتنی پێشمەرگە دیلەکان ئەنجامی دا وەکو سەربڕینی هوجام سورچی و چەندان هاوڵاتی تری عێراقی و بیانی لە عێراق و سوریا.
سەرکردایەتی کورد پێشبینی شەڕێکی لەو جۆرەی نەدەکرد بەرامبەر بەکورد، چونکە هیچ ئامادەکاریەک نەکرابوو بۆ رووبەڕووبوونەوەی رێکخراوێکی تیرۆریستی وەک داعش، بۆیە داعش توانی بەماوەی چەند ڕۆژێک نزیک پایتەختی هەرێمی کوردستان ببێتەوەو لەرۆژئاوای شارەکە تەنها ٢٥ کیلۆمەتر لە شاری هەولێری پایتەخت دوور بوو.
بەڵام تائێستاش هەندێک لەخەڵک و سیاسی و چاودێرانی بارودۆخەکە نزیک بوونەوەی داعش لەهەولێر بە سیاسەت و بەرنامە دانراوە دادەنێن و کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەش بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە تا وڵاتانی هاوپەیمان بێن بەدەم کوردەوە، ئەوەی لە نزیکەوە خۆم بینیم لە خازر و مەخمور پێشمەرگە هیچ کۆنتاک و پەیوەندیەکیان لە نێواندا نەبوو، بۆیە هەر یەکەو یان هەر گروپەی لای خۆیەوە سواری ئۆتۆمبێل دەبوون، بۆ سنوورەکانی نزیک شاری هەولێر پاشەکشەیان دەکرد.
لەبەرامبەر ئەم بۆچوونانەش سەرکردایەتی کورد وتیان "داعش هێزێکی بەرفراوان بووە، هیچ کەموکوڕیەکی لەکەل و پەلی سەربازی نەبووە، بۆیە توانیویانە خۆیان بگەیەننە نزیکی هەولێر و لە شنگالیش پێشمەرگە شکستی خوارد".
لەم ساڵەدا خەڵکی کوردستان، رووبەڕووی ئازار و دەردەسەری زۆر بوونەوە، ئەوان سەرەڕایی بوونی قەیرانی داراییش کەچی ئاسۆیەکی روون نابین بۆ داهاتوو پێیانوایە جەنگی داعش تیرۆری جەستەی و رۆحی و ئابوری و فەرهەنگیشی بەدوای خۆیدا هێناوە، ئەوهی پشتیان پێ بەستووە، پێشمەرگەو خۆڕاگری ئەوان بووە، کە لەسەنگەرەکاندا بە هەبوونی و نەبوونی و ژیانێکی خراپیشەوە بووبن، بەڵام بەرۆحیەتی بەرخودان و نیشتمان پەروەریان لە زەهنیەت و هەڵسوکەوتیاندا بەرجەستە بووە، بەکردار دژی چەکدارانی داعش وەستانەوە.
لەماوەی ئەو ساڵەدا رووماڵکردنی جەنگی داعش ماندوبوون و دەردەسەری زۆری هەبوو، بۆ هەموو میدیاکاران چ ئەوانەی بۆ مێدیای ناوخۆ یان ئەوانەی بۆ مێدیای بیانی کاریان کردوە، هەواڵ و زانیارییەکانی بەرەکانی شەڕیان گواستەوە.
بەش بەحاڵی خۆم کە بۆ ئاژانسی هەواڵی "ئانادۆڵ"ی تورکی کارم کرد ئەو مێدیایە من کارم بۆی کرد مێدیای کوردی ناوخۆیی نەبوو جیاوازی نێوان کاری مێدیای کوردی و بیانی بەتایبەتی لەڕووماڵی شەڕی داعش وەک یەک بووهو جیاوازیەکی ئاوای نییە، پێشمەرگە هەمیشە هاوکار و رێزی رۆژنامەوانیان گرتووە.
ئەوە راستە بەشی زۆری بەرپرسەکان، پێیان خۆش بووە زیاتر بۆ میدیای بیانی قسە بکەن، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لێدوان و پەیامەکانیان دەنگدانەوەی زیاتریان دەبێت، هەروەها مێدیای بیانیش لە هەندێ بابەت ناپرسن، بۆنموونە یەکخستنی هێزی پێشمەرگە

یان زیاتر هەواڵی دابەشـــکردن و دواکەوتنی مووچەو باشـــترکردنی ژیانی پێشمەرگە بۆ پێشمەرگەو خێزانی پێشمەرگە ئەم هەواڵانە گرنگە، بۆیە مێدیای ناوخۆ گرنگی پێدەدات و بەردەوام وەک پرســـیار رووبەڕووی بەرپرســـانی دەکەنەوە. بەڵام مێدیای بیانی گرنگی بەوەها هەواڵێک نادات بۆیە هەر دوورخستنەوەی کێشەکانی پێشمەرگە لای بەرپرسەکان وا دەکات، کە ئەوان زیاتر بۆ مێدیای بیانی قسە بکەن.

دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم دەمێکە سەرقالی نوسینەوەی ئەو یاداشتانەم کە لەماوەی ســـاڵێکی کارکردنم لەبەرەکانی شەڕی نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو داعش بینیومە، هەر ئـــەوەش وایکردوە کە کۆی یاداشـــت وکارکارەکاتم لەبەرگی ئـــەو کتێبێک کۆبکەمەوەو پێشکەش بەخوێنەرانی بکەم، لەم ماوەیەشدا نزیکەی ٣٨ جار چوومەتە بەرەکانی شەڕ و میحوەرەکانی پێشمەرگە لە کەرکوکەوە تا ناحیەی رەبیعەی هاوسنوری سوریا، هەروەها لە میحوەرەکانیش "مەخموور، گوێڕ، خازر، چیای زەردک، بەعشـــیقە، بەنداوی مووسڵ، زوومار، رەبیعە، شنگال".

لەماوەی ئەو ســـاڵەدا تەواوی ئەو گەڕان و بەدواداچوونانەی بۆ میحوەرەکانی پێشمەرگە کردم زۆر شـــتم بینی، تەنانەت زۆرجار مەترســـی گیانی بۆ ســـەر خۆم و هاوکارەکانم دروســـت دەبوو. بەڵام تەجروبەیەکی گرنگیش بوو بۆ کاری میدیایم و لێی پەشیمان نیم، ئێستاش شانازی پێوە دەکەم کارە ڕۆژنامەوانیەکانم هەوڵی زۆریشم دا هاوسەنگی رابگرم و هەنـــدێ تایبەتمەندی و نهێنی ژیانی پێشـــمەرگە وەک خـــۆی بەنهێنی بهێڵمەوە وەک هەڵهاتن، شکست، ژمارەی شەهید و بریندار، کە هەموو ئەوانەم بینی و بە بەڵگەش لامە بەڵام بەپێویســـتم نەزانیوە لە مێدیاکاندا بڵاوبکرینەوە، چونکە بەراســـتی پێشمەرگە بێ پشتیوانە لەســـەر ئاستی ناوخۆ و دونیاش. ئەوەی پشتیوانی ئەوانە تەنیا خۆیانن. هەر بەخۆیـــان ئومێد دەکەن بە بەر ژیانیاندا، ئەگینا وەک پێویســـت مووچەو ئیمتیازیان پێ نابڕێت، لەگەڵ ئەوەش بەم سیاسەت و سیستەمە حوکمڕانیە کە بەرپرسی پێشمەرگەن، داهاتوویەکی باش چاوەڕێی خۆیان خێزان و منداڵەکانیان ناکات.

## داعش لە گروپێکی یاخی، بۆ
## دامەزراندنی ئیمراتۆرێکی ئیسلامی

پێناســـەیەکی گەلێک ئاسان و سادە بۆ کاری رۆژنامەوانی و ئەو پەیامنێرەی کە دەچێتە بەرەکانـــی جەنگ، ئەویش ئەوەیـــە چی بینیوە بۆ خوێنەر و بینەری باس بکات، لەکاتی ڕووداوەکاندا خاڵە پۆزەتیڤ و نیگەتیڤەکان یاداشـــت بکات، لەکاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانەی بەشدارن لە جەنگەکە، هەروەها قوربانیان و زیانلێکەوتوان لە چوار چێوەی چی گرنگە بۆ بڵاوکردنەوە، لەگەڵ ئەوەشـــدا تاچەند زانیاریەکان نابن بە هۆکاری زیانی زیاتر بەو ناوەندەی کارەکەی تێدا دەکات، دەشێ بڵاو بکرێنەوە، بەتایبەتی لە مەیدانێکدا مرۆڤـــی تێدا بووبێتە قوربانی "کوشـــتن، بریندار، ئاوارە بـــوون، بەدیلگیراو" بۆ ئەوەی هەموو دونیـــا بزانێت لێکەوتەکانی جەنگەکە کامانەن، چونکە ئەوەش دەبێتە بەشـــێک لە مێژوو بۆ نەوەکانی داهاتوو مێژوونوســـان ســـودی زۆر گرنگـــی لێوەردەگرن. خەڵکی نیشـــتەجێی کوردستانی باشور، کە ئێســـتا نموونەیەکی زیندون لەم نووسینەدا باس لە ڕووداوە ناخۆشەکانی ساڵێک دەکەین لە جەنگی داعش.
نەتـــەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو ڕووبـــەڕووی زۆر جەنگی ناوخۆی و دەرەکی بووەتەوە، ئەمڕۆش ساڵێک بەسەر شەڕی نێوان کوردو داعش تێدەپەڕێت و قۆناغێکی تری لەمێژووی هەبوونیدا بینی، کە ئەویش شەڕکردنە بەرامبەر تیرۆریست ترین ڕێکخراوی جیهان، بۆیە گێڕانەوەی ئەم جەنگە بە شێوەیەکی هاوسەنگ، یان بڵێین بێلایەن و لەنزیکەوە کە خودی

خۆم گوێبیســـت و بینینی دیمەکان بووم ئەوا گێڕانەوەیانم بە پێویســـت زانیوە، لە چوار چێـــوەی بەرگێکدا، چونکە پێموایە ئەوەی من دەتوانم خـــۆم وەکو کارەکتەر هەم وەک رۆژنامەوانێک رووداوەکان کە یاداشتمکردوە لێرە بیخەمەڕوو بەدڵنیا کەسێک کەلەدەرەوەی راستی و رووداوەکان بێت سەرکەوتوو نابێت.

لێرەدا زیاتر تیشـــکم خســـتۆتە سەر کارەکانی داعش و زیان و لێکەوتەکانی ئەو جەنگە، کە ماوەی یەک ســـاڵە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە کردویەتی، لێرەدا بەپێویستی دەزانم وردتـــر و زیاتر بچمە نێو کرۆکی داعش لـــەم ماوەیەی کاری مەیدانیم کردوەو نزیک بووم لەهێزەکانی پێشمەرگەو شەڕەکانی نێوان داعش و هێزەکانی پێشمەرگە، داعش کێیە؟ کێ هـــاوکاری بووە؟ بۆچی هاتوەتە عێـــراق، یان بۆ لە عێراق خەڵکێک دوای کەوتووە، ئەی بۆچی داعش لە دژی کورد و هەرێمی کوردستان شەڕی کرد؟.

هەموو ئەو پرســـیارانە پێویستی بە راڤەو شـــیکاری و لێوردبوونەوەی زۆر هەیە، رەنگە ئاراســـتەی ئەو بابەتانەی لێدەرەدا ئامادەکراون، بە دیوێکی تردا بگۆڕێت، وەک ئاشکرایە داعش رێکخراوێکی رادیکاڵ دروشـــمەو پرەنسیپەکانی کە لەسەری دەڕوات بەناوی ئایینی ئیســـلامە دەیانەوێ مرۆڤایەتی بەپێی حەزو ئارەزووی ئەوان بێت و رەفتار بکات، بەپێی بنەماکانی ئەم رێکخراوەش لادان لە پرەنســـیپە گشـــتیە نەگۆڕەکانیان سزایەکی قورسی لەسەرە.

لە ئاستی سیاسی و نێودەڵەتیش خوێندنەوەی جیا جیا بۆ ئەو رێکخراوە کراوە، وڵاتانی ســـوونە مەزهەب وەکو تورکیاو ســـعودیەو قەتەر بە کەمتەرخەم لەئاست پێشڕەویەکانی داعش لەناوچەکە تۆمەتبار دەکرێن.

هەر لەبارەی داعشەوە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ لە دیدارێکی باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا لەگەڵ ماڵپەری (فایس) دەڵێت: "سەرهەڵدانی گروپە چەکدارەکانی داعش دەرئەنجامێکی بە دەست ئەنقەست نەبووە، لەجەنگی سەر عێراق لە (٢٠٠٣)وە سەری هەڵداوە.

هەروەها ســـەرۆکی ئەمریکا ئەوەشی خســـتە روو لەوکاتەدا داعش بەرهەمی راستەوخۆو درێژکـــراوەی رێکخـــراوی قاعیدەیە لەعێراق، بەپێی قســـەکانی ئـــەو گروپە دەرەنجامی ئـــەو جەنگەیە کە دروســـت بووە لەعێراق بەتایبەتی بـــۆ رووبەڕبوونەوەی ئەو جەنگەش هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ شـــەڕی گروپە چەکدارەکانی داعش دروســـتکراوە، زیاتر لە شەست وڵاتیش تێیدا ئەندامن، تاکو ئێستاش گورزەکانیان لەموڵگەو گروپە چەکدارەکانی داعش دەوەشێنن.

دەوڵەتی ئیســـلامی پێشـــتر ناوی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شـــام (بەعەرەبی: الدولە الاســـلامیە فی العراق والشـــام) بووە بە کورتی ناوی داعش بوو، گرووپێکی ئیســـلامی ڕاپەڕیوی یاخی لە عێراق و سوریایە کە خۆیان بە وڵات و دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەزانن و چندین ناوچە لە باشووری عێراق و سوریا کۆنترۆڵ کرد.

ئەم گرووپە ئیسلامیە کە ئاڵایەکەیان رەشەو "لا اله الا الله- لە سەرەوە نووسراوە، لەناو ئاڵاکەش کەوانێکی رەنگی سپی کێشراوەو نووسیویانە الله رسول محمد" . لەلایەن ئەبوبەکر بەغدادی کە ئەویش پێشتر لە شۆڕشگێڕانی جیاوەبوو لە تۆڕی ئەلقائیدە . داعش تا ئەو ڕادە توند و تیژە کە لەگەڵ گرووپە ئیسلامییەکانی تریشدا (وەک لقی ئەننەسرە- بەرەی نوسرە) بە شەڕ هاتووە .

دوای راگەیاندنی رێکخراوی داش لە پێش سالّی ٢٠١٤ راستەوخۆ ئەیمەن زەواهیری رێبەری ئەلقائیدە گوتی "دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام هیچ پێوەندییەکی بە ئێمەوە نیە" .

پاشان داعش توانی لە حوزەیرانی ٢٠١٤ شاری موسڵ و بەشێکی زۆر لە خاکی پارێزگای نەینەوا کۆنترۆڵ بکات . دواتر هەنگاوی نا بەرەو ناوچەکانی تری باشووری عێراق و هەرێمی کوردستان، لە سەرەتاکانی مانگی ئابی هەمان ساڵ توانیان خۆیان بگەیەننە ناوچە نزیکەکانی شاری هەولێر و لە رێگای سنووری ناحیەی گوێڕ و قەزای مەخموور لە سنووری پارێزگای کەرکووکیش پێشڕەویان کرد .

ئامانجی ئەم رێکخراوە، وەک گەرانێک بۆ دروستبوونەوەی دەوڵەتێکی ئیمپراتۆری لە شێوەی ئیمپراتۆری عوسمانی لە سەر خاکی سوریاو عێراق، بەگوێرەی تۆمارێکی دەنگی کە ماڵپەری "ویکیبیدیا" دەقەکەی بڵاو کردوەتەوە هاتووە لە نامەیەک و دواتریش تۆمارێکی دەنگیی لەلایەن ئەیمەن ئەلزەواهیری سەرکردەی ئێستای ئەلقائیدە لە ٢٠١٣دا کە تێیدا بەشی سووریا لە دەوڵەتی ئیسلامیی هەڵدەوەشێنێتەوە . بەڵام ئەمیر دەوڵەتی ئیسلامی،ئەبووبەکر بەغدادی ڕەتیکردەوە . کە پەیوەست بێت بەو فەرمانەوە ئەویش بەهۆکاری ئەوەی لەسەر بنەمایەکی فیقهیی ئیسلامی، پاشان دەوڵەتەکە لەو کاتەوە ئۆپەراسیۆنەکانی لە سووریا بەردەوامە . لە ڕاگەیەندراوێکی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ ـشدا، ئەلقائیدە ڕایگەیاند کە دەوڵەتی ئیسلامیی لە عێراق و شام بەهیچ جۆرێک پەیوەندی پێیانەوە نەماوە و سەر بەوان نەماون.

هەروەها چەکدارانی رێکخراوی "دەوڵەتی ئیسلامی" بەنیاز بوون هێرش بکەنە سەر شاری بەغدادی پایتەخی عێراق، بۆ ئەو مەبەستەش پلان و بەرنامەیان دارشتبوو. ئەو پلانە خۆی لە چەن هەنگاوێکدا دەبینیەوە، کە تێیدا کاتژمێری سفریان دیاریکردبوو بۆ هێرشەکە، هەنگاوی یەکەم ئامادە بوونی ژمارەیەکی زۆری چەکدار لە ناو شاری بەغداد کە وەک "شانەی نووستوو" کار دەکەن، لە کاتی هێرشی چەکداران بۆ سەربەغداد لە هەنگاوی دووهەمدا دەکەونە کار و کۆنترۆڵی شار دەگرنە دەست.

داعش لەو ساڵەی شەڕی لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەو کورد بەگوێری لێدوانی بەرپرسانی کورد داعش کە پێشتر بەشێکی زۆر خاکی کوردستانی لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتدا بووە، بەڵام تا کۆتایی ئەم ساڵەی جەنگە داعش سەدا ١٠ی سنووری خاکی کوردستانیشی لەدەستدا نەماوە . لەکاتێکدا پێشتر بۆ سەدا ٢٠ زیاتر خاکی

ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەژێر دەسەڵاتدابوو.
لەساڵی رابووردو تەواوی کارە رۆژنامەوانیەکانم وەک پەیامنێر لەبەرەکانی جەنگ بۆ ئاژانسی هەواڵی ئانادۆڵ بووە، زۆر بەربەست و ناڕەحەتی و ئازارم چەشت، چوار جار مەترسی بۆ سەر گیانی خۆم هاوکارانم دروست بوو، چەندین شەو لەناو ئۆتۆمبێل لەگەڵ هاورێکانم شەو رۆژمان کردوتەوە، سەرەڕایی چەشتنی بێ ئاوی و برسێتی ترسیشمان لەوە هەبووە، بکەوینە دەست چەکدارانی داعش، بێگومان ئەگەر بکەوتینایەتە دەست ئەو چەکدارانە بە ئاسانی لێیان دەرنەدەچووین.
لە٣١ی ئابی ٢٠١٤ کاتژمێر ١٢ لە دەروازەی چوونە ناوەوەی ناحیەی زوممار بووم، لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە شەڕێکی سەخت لە ئارادا بوو پێشمەرگەو داعش هەموو جۆرە چەکێکیان بەرامبەر یەک بەکار دەهێنا، هێزەکانی پێشمەرگە دەکشانەوە بۆ دواوە، ساتێکی ناخۆش بوو ئۆتۆمبێلی واتدەبینی (٢٠) پێشمەرگە خۆی پێ هەڵواسی بوو بۆ ئەوەی بکشێنەوە، من و هەردوو ئیمرای هاوکاریشم لەگەڵ هێزەکانی فەرماندەی سەفین بووین، زۆر بە ناڕەحەتی بە ئوتومبێلێکی سەربازی پێشمەرگەیەک ناوی (شۆڕش هەڵگورد) بوو گەڕاندینەوە بۆ دواوە کاتێ هاتینە نزیک ئەو بەرزایانەی پالآوگەی نەوتی عەین زالە، لەسەر جادەکە فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە زەعیم عەلی بەرنامەیەکی داڕشتبوو نەدەبوو هیچ پێشمەرگەیەک بگەڕێتەوە، تەنانەت ئوتومبێلی بارهەڵگریشی هێنابوو بە پێچەوانە رایگرتبوو بۆ رێگەگرتن لە هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ئەوەی نەتوانن بکشێنەوە.
ناکرێت لێرە هەموو روداوەکان بگێڕینەوە، ئەوەی من سەرفراز دەکات ئەویش توانیومە تاڕادەیەک جێدەستم لە میدیای کوردی و میدیاکانی تریش بەتایبەتی میدیای تورکی و عەرەبی دیاربێت، هەڵبەت ئەمە تەنیا قسەی خۆم نییە، بەڵکو کۆکردنەوەی ئەرشیفەکانم و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریەکان کە میدیاکان بەتایبەتی میدیای کوردی لەئاژانسی ئانادۆڵ هەواڵەکانیان وەرگرتووە و بڵاویان کردوەتەوە، بەڵگەیە بۆ ئەوەی کەبەشێوەیەکی هاوسەنگ بابەتیانە مامەڵەم لەگەڵ رووداوەکاندا کردوە، هەوڵیشمداوە تەنیا باس لە رووداوەکان بکەم وەکو خۆی بیگێڕمەوە. شاهیدی ئەوەن لە نزیکەوە توانیومە رەوشی بەرەکانی جەنگ و پێشمەرگەو چەکدارانی داعشیش بە ئاسانی و روونتر رووماڵ بکەم.
دەمەوێت، دانیش بەو راستیەدا دەنێم کە تاڕادەیەکی زۆر نەمتوانیوە هاوسەنگی لەم جەنگەدا لە بڵاوکردنەوەی زانیاریەکان لە نێوان داعش و پێشمەرگە وەکو یەک بپارێزم، هۆکارەکەشی ئەوەیە زیاتر کوردستان رووبەڕووی هێزێک بوویەوە کە ئایندەیەکی روون و ئاشکرایان لێ چاوەڕوان ناکرێت، داعش زوو ناسنامەی خۆی ئاشکرا کرد ئەوان دژ بە رەنگە جیاوازەکان و ئازادی و پێکەوە ژیانن، بێگومان هێزێکش ئەمە قەناعەت و باوەڕی بێت، ناکرێ بەو شێوەیەی مامەلە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە دەکەین بەهەمان شێوەش لەگەڵ رێکخراوێکی نیرۆریستی و دوور لەبەها مرۆییەکان بکەین.

ســـەرەڕایی ئەوەش هەرگیز لەگەڵ ئەوە نەبووم ریکلام و بانگەیەشـــەکی زیاتر لە توانا و قەبارەی خۆی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بکەم. لەسەنگەرە جیاجیاکاندا هێزەکانی پێشمەرگە ڕووداوەکانیان بە دژایەتی داعش زیاد لە قەبارەی خۆی گەورە دەکرد یەکێک لەوانە لەکاتی پێشڕەوی پێشمەرگە بوو ١٠ کیلۆ مەتر دەچوونە پێشەوە دەیانوت ٢٠ کیلۆمەتر لەکاتێکدا دیار بوو پێشـــمەرگە چەند پێشـــڕەوی کردوە، یان لەئامار و بریندار و دەستگیرکراوانی چەکدارانی داعش لەزۆر سەنگەر جاری وا هەبوو چوار تەرمی چەکدارانی داعشت بەرچاو نەدەکەوت، کەچی پێشـــمەرگەکان دەیانوت: نزیکەی ٢٥ چەکدار یان ١٥ چەکدار هەندێ جار ژمارەی خەیاڵیشیان دەوت بۆ کوژرانی داعش، ئەمەش زۆرجار ڕۆژنامەوانیان بەهەڵەدا دەبرد.

بەش بەحاڵی خۆم پێمباش بوو خۆم لە باســـکردنی هەڵهاتنی پێشمەرگە نەدەم چەندین جار هەڵهاتنی پێشـــمەرگەم لە میحوەرەکانی زوممار و گوێڕ بینیوە، بەڵام وەکو زانیاری بـــڵاوم نەکردوەتەوە، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەمویســـتوە خەڵکی هەرێمی کوردستان، تووشی دڵەڕاوکێ و بیر لە هەڵهاتن، یان هەر ئەگەرێکی تر بکەنەوە، بۆ توانا و بەرگری هێزەکانی پێشـــمەرگەش خراپ بوو جگە لەمەش بۆ دونیای دەرەوەش کاریگەری خراپی دەبوو بۆ ناوی هەرێمی کوردســـتان و کاردانەوەی وڵاتان بەرامبەر بەو هاوڵاتیانەیان لە کوردســـتانن، لەگەڵ بوونی سەدان کۆمپانیای بیانی بۆ کار و وەبەرهێنان لێرەن.

هەروەهـــا لـــە هەمانکاتدا بە باشیشـــم نەدەزانی ٢٠ کیلۆ مەتر بکەمـــە ٣٠ یان ٤٠ کیلۆ مەتـــر، یان زیادکردنـــی ئاماری کوژراوانی داعش، ناکرێ کوژرانی ســـێ چەکداری داعش بکرێتـــە ١٠ چەکدار، چونکە باوەڕپێکراو نەبـــوو. چونکە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانییەکانم تەنیا گواســـتنەوەی ئەو زانیاریانە بوو کە وەرم دەگرت و بەشێکیشی بینینـــی وێنەکان بوو ئەگینا هیچ زیاد و کەمێک نەبوو لە هەواڵەکاندا لەبەر ئەوەی ئێمە ڕۆڵی گەیاندنمان لە ئەســـتۆ گرتبوو، چونکە گەیاندنی ڕاستی و ناڕاستی دەبێتە مێژوو، ناکرێ مێژوویەکی درۆ بۆ خۆمان تۆمار بکەین، لەکاتێکدا شـــتەکە بەو شێوەش نەبێت، کە ڕووی داوە.

ئەوەی لەبارەی پەیامنێری جەنگەوە بیســـتوومانە، یان خوێندومانەتەوە، هەر دوو لایەنی هەیـــە پەیامنێری بێ چەک و پەیامنێری چەکدار، بەڵام ئەوەی ئێمە کردومانە پەیامنێری بێ چەک بووە، دووروو نزیک پەیوەندیمان بە ئۆرگانەکانی جەنگ و سیاســـیەتی شەڕی پێشمەرگە نەبووە، تەنیا ئەوە نەبێت ڕووداوەکانمان یاداشتکردوە، ئەوەی پێویست بووە وەک خۆی بە ڕێگای نووســـراو ڤیدیۆ و فۆتۆ لە مێدیاکاندا بڵاومانکردونەتەوە، بەشێکی تریشی وەک ئەزموون و بینینی ڕووداوەکان لە نزیکەوە لە زەهنیەت و بیرمان ماوە، بڵاو کردنەوەی ئەو چەند بەشەی بیرەوەریەکان و بەشێک لە ڕووداوەکان بۆ ئەوەیە کە خوێنەر

و کەسانی جدی سوودی لێ وەربگرن.
نموونەیـــەک لە پەیامنێری چەکدار بهێنینەوە، کـــە لەلێکۆڵینەوەیەکدا هارۆلد ئێڤان کە بەناوی پەیامنێر لەکاتی شـــەڕدا ئەو جیاوازیەکی گرنگ دەردەخات لە نێوان پەیامنێری چەکدار و پەیامنێری بێ چەک، لەراســـتیدا لە زۆربـــەی جەنگەکان هەردوو پەیامنێرەکە بەرچاو دەکەون بەشی زۆری سەنگەرەکان لەلایەنە چەکدارەکەوە کەسانێکیان راسپاردوە بەکامێـــراو ڤیدیۆ رۆڵی پەیامنێری جەنگ ببینێ هەموو رووداوەکانیان پێ ســـپاردوە کە تۆماری بکات.
بەڵام وەک لە لێکۆڵینەوەکەدا دەردەکەوێت، لە نێوان پەیامنێری چەکدار و پەیامنێری بێ چەک کە زیاتر پرۆفیشـــناڵی بوونی پێوە دیارەو ئەزموونی راستەوخۆی بەشداری شەڕی هەیە بەبێ هیچ جۆرە سانسۆرێک لەلایەن رژێمی سیاسی و پرۆپاگەندەوە، یان نیگەرانی خێـــرای گەیاندنی هەواڵی شـــەڕ بۆ مێدیاکان، یان ئەو راســـتیەی کـــە لەوانەیە تەواوی رووداوەکانیان وەک خۆی رۆماڵ نەکردبێت وەک چۆن لەم ســـەردەمەی ئێستادا پەیڕەوی لێ دەکرێن، وایکردوە پەیامنێری شەڕکەر، یان جەنگاوەر رووماڵی چیرۆک و رووداوەکانی جەنگ بە شێوەیەکی رەسەنانە یان ئۆرجیناڵانە تۆمار بکەن وەک ئەوەی کە خۆیان شاهید حاڵی رووداوەکان بوون.
بەڕای هارۆلد ئیڤان، ئۆرجیناڵبوونی ئەو چیرۆکانە نکۆڵی لێ ناکرێت، هەرگیز ناکرێت ئەو رووداوە مەزنانە وەکو بابەتی ریپۆرتاژی ئەم سەردەمە دابنرێت، چونکە پەیامنێری پرچەک یان چەکدار کاتی زیادی نیە، تاوەکو بیرلەهەســـت و ســـۆز و لایەنی رۆمانسی لە شەردا بکاتەوە، لەبەرئەوەی بەلایەنی کەم جەنگ بواری بۆ هەست و سۆز ناهێڵێتەوە، نموونەش ئیرنست هیمنگوای نووسەر و رۆمانووس و پەیامنێری جەنگی بەناوبانگی ئەمریکی و جۆرج ئۆروێل و وینســـتن چەرچلی بەریتانی، کە کاری هەواڵنێری جەنگیان کردوە بە پیشـــەی خۆیان و بە بەردەوامی گیانی خۆیان دەخستە مەترسیەوە لە پێناو کارەکەیاندا.
توســـایدیدس، وەک مێژوونووس و پەیامنێری جەنگ دەناسرێ ئەو لەتۆمارکردنی جەنگی مێژووی شەڕی پیلۆپۆنیشانی نێوان ئەسیناو سپارتا دەستێکی باڵای هەیە، ئەمەش وای کـــرد بە یەکەمین پەیامنێری جەنگ و مێژوونووســـی یۆنانـــی دابنرێت، ئەو جەنەڕاڵێکی ئەســـینابیش بووە لە ســـاڵی ٤٢٤ی پێش زاین، لەم جـــۆرە پەیامنێرانەی جەنگ بووە.
ئـــەو تایبەتمەندیانەی وادەکات ئەو مێژووەی ئەو جێـــی متمانە بێت لایەنی ئۆریجیناڵی روون، وێنـــەو بینین و دەنگ و ناوەرۆک و شـــێوازی گێڕانەوە ی فرە رەهەندی وادەکات کە مێژووەکەی بە نەمری بمێنێتەوە، وەکو مێژوو نووس و رۆژنامەنووسی جەنگ هەرگیز پشتگیری لە شەڕەکە نەکردوە.
شەڕی نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو چەکدارانی داعش ساڵێکی تەواوی خایاندوە. دیار نیە پاش ئەمساڵە ئەم جەنگە لەکوێدا کۆتایی دێت. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە لە کۆتایی ماوەی

ســـاڵەکە داعش ئەو هێزەی جاران، یاخود ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ شـــەش مانگی نیوەی ئەم ساڵە ئەوا داعش توانای هێرشکردنی زۆر لاواز بووە، لەئێستا زیاتر بەرگری دەکات، بەرگریەکی زۆر نێگەتێڤ و خراپ، بەڵام پێشتر هێرشی دەکرد لە زۆربەی میحوەرەکان بە توانایەکی باشـــی سەربازی لەڕووی هونەری و تواناو هێزو لۆجستیەوە، توانی بە ئاسانی بێتە خاکی کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

کەواتە هەرێمی کوردســـتان ســـاڵێکی لە نێو جەنگ و شەڕ بەسەر برد لەگەڵ ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیســـلامی لە عێراق و شام ناســـراو بەداعش، حکوومەتی هەرێمی کوردستان، تێچووی ئەو شەڕەی ئاشکرا کردووە، کە لەو ساڵەدا وەزارەتی پێشمەرگە ٨٤ ملیار دیناری لە حکومەت وەرگرتووە بۆ بەرێوەبردنی جەنگەکەو ئەو برە پارەیە لە دوای مانگی شوبات کۆتایی هاتووە، جارێکی تر حکومەت نزیکەی (٢٠) ملیارد دینار و نزیکەی هەشت ملیۆن یۆرۆی بۆ وەزارەتی پێشمەرگە خەرج کردووە.

هەروەها بەپێی دواین زانیاری وەزارەتی پێشـــمەرگەی هەرێمی کوردســـتان، کە وەزیری پێشـــمەرگە مســـتەفا ســـەید قادر بە ئاژانســـی ئانادۆڵی راگەیاندوە، کە "ژمارەی ئەو پێشـــمەرگانەی لەشەڕی داعش شەهید بوون گەیشتووەتە هەزار و ٢١٢ شەهید، هەروەها بریندارەکانیش لەحەوت هەزار پێشمەرگە نزیکە، بەپێی زانیارییەکانی ئێمە و هاوپەیمانان داعش زیاتر لە ١٤ هەزار کەسیان لەشەڕەکان لێ کوژراوە، چ بەهێرشی ئاسمانی بێت، یان بە هێرشی پێشمەرگە بێت".

وەزیری پێشـــمەرگە ئاشکراشـــیکردوە کە "بریندارەکان ژمارەکەیان زۆربوون، ژمارەیەکی زۆرمان لەو پێشـــمەرگانە بە مەبەســـتی چارەســـەرکردن ناردووەتە دەرەوە و بۆ وڵاتانی جیاجیا کە ژمارەی ئەو بریندارانە زیاتر لە ٤٠٠ پێشمەرگە دەبن".

ســـەرچاوە: کتێبی ئی جی کریگار توسایدیدس لە کوریەوە یەکەمین پەیامنێری جەنگ و مێژوونووسی یۆنانی.

# چاوپێکەوتنەکان

## دیدی کورد بۆ داعش و پێشبینی ڕووداوەکان

لــە دوای ١٠ی حوزەیرانـــی ٢٠١٤ لە ســـەروبەندی هاتنی داعش بۆ عێـــراق و ناوچەکە، تەوەرێکی گرنگم بۆ ئاژانسی ئانادۆڵ هەڵبژارد ئەویش ئەوەبوو چەندین کەسایەتی سیاسی و ســـەربازی و ئەمنی و کاروباری پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان شرۆڤەی بارودۆخەکە بکەن. لەماوەی کارکردنەکەشم ڕووداوەکان بەخێرای دەڕۆیشتن و ڕووداوی تر رووی دەدا، بۆیە پێشبینیەکان بۆ چەکدارانی داعش و گۆڕانکاری ناوچەکە لەو قۆناغەو بۆ داهاتووش ئاسان نەبوو.

**خەلافە دەیانەوێت، دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن**

١٥ی تەمووزی ٢٠١٤ لە دیدارێکی ئاژانسی ئانادۆڵ بەرێوەبەری ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، نەزهەت حالی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە هەرێمی کوردستان , ئاسایشـــی باشـــی هەیە سەقامگیری سیاســـی هەیە هەرچەندە رەوشی ئاسایشی عێراق خراپە، بەتایبەتی لەدوای ڕووداوەکانی مانگی حوزەیران، زۆر ناوچەی موســـڵ و هەندێ شوێنی نزیک لە کەرکوک کەوتنە دەست چەکدارانی داعش، کە ئەمەش تاڕادەیەک هەندێ گۆڕانکاری هێنایە ئاراوە، هەروەها هەڕەشـــەی دروســـتکرد بۆ سەر ئاسایشی هەرێمیش، بەڵام خۆشـــبەختانە بە لێهاتووی پێشمەرگەو دەزگا هەواڵگرییەکان و بەهاوکاری خەڵکی کوردستان، توانراوە ڕووبەڕووی ئەو مەترسی و هەڕەشەکانی داعش ببنەوە.

نەزهەت حالی، پیاوێکی ئەمنیەو زۆر کەم لەمیدیاکان دەردەکەوێ، لەسەر هەموو بابەتێک قســـە ناکات، هەروەها بـــۆ دیداری ڕۆژنامەوانی و ڕۆژنامەنوســـان ئەوا کاتی دەوێ تاکو ڕەزامەندی و کاتی دیدار دیاری دەکات، بەڵام ئەو رەزامەندیدا لەسەر ئەوەی دیداری لەگەڵ بکەم و هیچ مەرجێکی دانەنا بۆ پرسیارکردن.

لەکاتی گفتوگۆکەشمان پرســـیارم لەبارەی ئەوە لێکرد بۆچی وەکو دەزگایەکی ئەمنی و سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان، تا ئێستاش وەڵامی قەناعەت پێکراویان سەبارەت بە کەیسی سەردەشت عوسمان نەداوەتەوە بە کەسوکاری؟

لە وەڵامدا وتی "خۆمان بە بەرپرسیار دەزانین لەبەرامبەر پاراستنی ئاسایشی هاوڵاتیانی کوردستان".

سەردەشـــت عوسمان لە ١٩٨٧/١٢/٢٥ لەگەڕەکی کرێکارانی شاری هەولێر لەخێزانێکی هەژارو جوتیاری دەشتی شەمامک لە دایک بووە، ئەو خوێندکاری کۆلێژ بوو لە هەمانکاتدا لە چەند سایت و ماڵپەرەکاندا وتاری ڕۆژنامەوانی دەنووسی لە ٢٠١٠/٥/٣ لە ناوەڕاستی شـــاری هەولێر لە نزیـــک کۆلێژی ئادابی زانکۆی ســـەلاحەدین، ڕفێنـــراو پاش دوو ڕۆژ تەرمەکەی لەشاری موسڵ دۆزرایەوە، ڕفاندن و تیرۆرکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسە، ناڕەزایی ڕۆژنامەنوسان و شەقامی کوردیی بەدوای خۆیدا هێناو بەچەندین خۆپیشاندان ئیدانەکراو

پێیانوابوو سەردەشــت لە پێناو ڕێگەی ئازادی لەناوبراوە، چونکە بەردەوام ڕەخنەی لە دەسەڵاتداران گرتوە.
نەزهـــەت حالـــی، لەبەرامبەر تیرۆرکردنی سەردەشــت وتی: "ئێمەش پێمان ناخۆشـــە، بەداخەوە، ئەگەر پێش ڕووداوەکە بە پیلانی وەها کارێکمان بزانیبایە گیانی سەردەشــت عوسمانمان دەپاراست".
بە هەرحاڵ هاتینەوە ســەر پرســی داعش و مەترســیەکانی لەو کاتەو لە داهاتووشدا. لەبارەی ئەوەی مەترسی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان لەچیدا دەبینیتەوە؟ لەوەڵامدا وتی: "پاش ڕووداوەکانی موسڵ پێشــمەرگە لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم جێگیرکــران، ئــەوەی ئێمە تێبینی دەکەین، مەترســی هێرش هەیە بۆ ســەر هەرێمی کوردســتان، بەڵام خۆشــبەختانە پێشــمەرگە تاکە هێزە بەرگری بکات. پاراستنی ئەم ئاسایشـــەیە دەلالەتی ئەوەیە پێشــمەرگەی ئێمە لە کوردستان خاوەن باوەڕێکی بتەوەو خاکی خۆی لا گرنگە وەکو دەزگا ئاسایشپارێزەکانیش کارێکی باشمان کردووە، بۆ ئەوەی هەرچی بکەین، بەرگری لە ئاسایشی هەرێمی کوردستان بکەین".
هەر لەوکاتەدا، کە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە داعش، هاتبوونە سنورەکانی نزیک ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، بەڕێوەبەری ئاژانسی پاراستنی هەرێمی کوردســتان، نەزهەت حالی، زانیاری زیاتری لەبارەوە خستنەڕوو "ئەو چەکدارانە ناویان ئاشکرایەو ئەوان خەلافەتی ئیسلامیان ڕاگەیاندووە، کە داعش سەرپەرشتی دەکات هۆی ڕاگەیاندنی ئەم خەلافەتە ئیسلامیەو باڵادەستیان لەناوچەکە پەیوەستە بەوەی ئەوان ئیمکانی دارایی و چەک و تەقەمەنیان لەبەردەستە، بەداخەوە حکومەتی عێراق نەیتوانی لەوناوچانە خۆی بگرێت و شکستی هێنا. خاڵێکی جەوهەری هەیە دەبێ ئاماژەی بۆ بکەین لەناوچە سوونەکان تێکەڵەک هەیە لەسەرەتاوە هەندێ داواکاری خەڵک هەبوو بەتایبەتی لەناوچـــەی فەلوجە کە ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە ژێر ناوی تیرۆر گیرابوون ژنیشـــی تێدا بوو داواکانیان بۆ جێبەجێ نەکرا. مەلەفی سیاســی بۆشــایی ئەمنی تریش هەیە خراپی ئەو دۆخە بەگشتی وایکردوە، لەناوچە سوننەکان خەڵک هاوکاری داعش بکەن، خەڵکانی تریش هەیە لەناوچە سوننەکان بۆچوونیان لەگەڵ داعش جیایە.
لەبارەی توانای دەوڵەتداربوونی داعش، نەزهەت حالی، بۆچوونی وابوو کە داعش ناتوانێ دەوڵەتداری بکات، چونکە کارێکی ئاسان نیە "بەپێی ئەو ڕاگەیەنراوەی ئێستا خەلافەتیان هەیە و دەیانەوێت، ناوچەی تریش دەست بەسەردا بگرن".
هەروەها باسی لەوەشکرد کە بەپێی ئەو تەجروبەی هەیانەو ئەو زانیاریانەی بڵاو دەکرێنەوە داعش ڕووبەڕووی کێشـــەی ناوخۆی بۆتەوە، بۆیە دەوڵەتداری پێویســتی بە پەیوەندی سیاسی و دبلۆماسی و دارایەکی بەهێز هەیە، دەوڵەت داری بۆ داعش زۆر ئەستەمە ئەوەی دەیکەن ئێستا دەیانەوێ ئەجێندای خۆیان بەسەر هاوڵاتیاندا بسەپێنن ئەمە ئاسان نییە،

لەم سەدەی بیست و یەکە.
پێشـــبینی خۆشی بۆ ئەو سنورانە خستە روو کە داعش دەسەڵاتی تێدا هەیە، ئەو وتی: "پێشبینی دەکەین لە ئایندە پێکدادان لە نێوان داعش و هاوڵاتیان رووبدا تەجروبەی داعش هەمان تەجروبەی تالیبانە لە ئەفغانستان بۆیە ئاسان نییە بتوانن بەردەوامی بە سیاسەت و حکومڕانی خۆیان بدەن".
بەڕێوەبەری ئاژانســـی پاراستنی هەرێمی کوردستان، لەو دیدارە زیاتر لەسەر چەکدارانی داعش زانیاری خســـتەڕوو کە ئەوان چەکی قورسیان دەستکەوتووەو بەپێی زانیارییەکان لە ســـوریاو هەندێ ناوچەی عێراق چەکیان دەستکەوتووە. چەکەکانیش بریتین لە جۆری کلاشینکۆف و بیکەیسی و دۆشکەو هاوانات و چەند جۆرە چەکێکی ئەمریکی، لە ئێستاش هەوڵ دەدەن ســـاروخی ئاراستە کراویش بەدەســـت بهێنن. ئەوەی پەیوەندی بە چەکی کیمیایی هەیە هەرچەندە لێرەو لەوێ دەگوترێ "داعش چەکی کیمیایی دەســـتکەوتووە، بەڵام ئەو زانیاریانە بۆ دەزگای ئاسایش پشتڕاست نەبۆتەوە".
لەکاتی کەوتنی موسڵ و شکستی سوپای عێراق لەو پارێزگایە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەســـعود بارزانی جەختی لەوە کردەوە، کـــە حکومەتی عێراقیان ئاگادار کردوەتەوە، لە روودانی ئەو شکســـتە گەوەرەیە بەســـەر سوپاو حکومەتی عێراق دێت لە موسڵ، کەچی سەرۆک وەزیران، نوری مالکی گوێی بۆ نەگرتوون.
هەر لەو بارەیەوە، نەزهەت حالی دەڵێت "زانیاریمان لابوو پێشتر کە داعش مەترسیە بۆ ســـەر پارێزگای موســـڵ و چەند ناوچەیەکی تری عێراق، بەڵام داخەوە قەت پێشبینیمان نەدەکرد بە ئاســـانی موســـڵ بکەوێتە ژێر رکێفی داعش، ئەگەر بەراوردی بکەین، هێزی داعـــش نەدەکـــرا بەراورد بکرێت، بەرامبـــەر هێزی عێراقی لە موســـڵ نزیکەی ٤٠ هەزار چەکداری عێراقی لەوێ بووە. یەکێک لە هەڵەکانی هێزی عێراقی و سیاســـەتی ئاسایشی عێراق ئەوەبوو ئەوان هاتن هێزیان لە ناو شـــارەکان دانابوو، کەئەمە هەڵەیە دەبوایە هێز سنوورەکانی پاراستبایە".
هاتنی چەکدارانی داعش بۆ نێوخاکی عێراق لاپەرەکی نوێی لە دۆخی سیاسی و ئاسایش لە ناوچەکە هەڵدایەوە، چوونە ریزی هاوڵاتییانی عێراقی کە کوردیش تێیدا بابەتێکی گرنگ بوو لە ئاستی میدیایی و شرۆڤەی شرۆڤەکاران.
بەڕێوەبەری ئاژانسی پاراستنی هەرێمی کوردستان، نەزهەت حالی، وتی: "بەڵێ، کوردیان تێدایە، بەداخەوە ئەو کوردانەی پەیوەندی بە باشوری کوردستانەوە هەیە، ئەوان پێشتر چوونەتە سوریاو پاشان گەڕاونەتەوە بۆ موسڵ".
وتیشـــی: "ئەوەی کە باس دەکرێ خەڵک لێـــرەش چوونەتە ناویان، رەنگە ئەمە بەهۆی پەیوەندی سۆشیال میدیاو فراوانبوونی تۆڕەکۆمەڵایەتەکان هەبووبێ، کە پەیوەندی لەگەڵ داعش ئاسان کردبێت".

دواتریش روونی کردەوە کە ئەوەی پەیوەندی بەئەوانەوە هەیە "دەبێ بەشداربین لەدژایەتی داعش و بەرنامەیەکمان هەبێ بۆ ئەوەی خۆمان لە هەڕەشەکان بپارێزین، راستە، توانای ئێمە سنووردارترە، بەڵام پارێزگاری لەخۆمان دەکەین".

نەزهـــەت حالی، پێیوایـــە وڵاتانی ئیقلیمی هـــاوکاری داعش دەکەن و ئـــەوان لەناوچە سوننیەکانن، ئەو بۆچونیش وایە کە "زۆربەی خەڵکی سوننە توندڕەو نین، بەڵکو ئەوان قوربانی سیاسەتی حکومەتێکن کە پەراوێزخراون".

ئەوەشی خستەڕ روو کە "داعش گروپێکن سڵ لەهیچ ناکەنەوە و ئێستا خۆیان دامەزراندوە، نەوت دەفرۆشن چەکی باشیان هەیە".

هەروەها رەتیشیکردەوە، کە هەم وەکو کورد و هەم وەک دەزگایەکی ئەمنی لەناوچەکە کە رۆڵیان هەبوو بێت لەدروستکردنی لەگەڵ داعش، یان زانیاری بۆ یەک بگوازنەوە، چونکە لەوکاتەکا هێشـــتا چەکدارانی داعش هێرشیان نەکردبووە سەر ناوچە کوردستانییەکان و لەگەڵ پێشمەرکەش بەشەڕ نەهاتبوون.

حالی وتی: "نەخێر، هیچ پەیوەندیەکمان لەگەڵ داعش نییە، بەداخەوە، ئەوە پروپاگەندەی مالیکی بوو گوایە هەرێمی کوردســـتان پەیوەندی لەگەڵ داعش هەیە، ئەمە درۆیە وەکو ئاژانسی ئاسایشی پاراستن ئەم تۆمەتانە رەتدەکەینەوە".

ئەوەش ئاشـــکرا دەکات کە هیچ پەیوەندیەکانی نییە لەگەڵ گروپە تیرۆریستیەکان نییەو دەڵێـــت: "داعش، خاوەن بەرنامەیەکی سیاســـی نین، بەپێچەوانـــەوە ئەوان دژی ئێمەو کوردستان و کوردو ئاینی ئیسلامن".

هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەشـــکرد کە ئەو تۆمەتتانە تۆمەتی ســـەرۆک وەزیرانی رابردووی عێراق بووە (نوری مالیکی) وتیشی: "نوری مالیکی زۆر مەترسیدارە، لەبیرمان ناچێتەوە لـــە رابردوودا ژمارەیەکی زۆر کادیری سیاســـی پارتی دیموکراتی کوردســـتان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە شاری هەولێر بوونە قوربانی دەستی تیرۆر لە شاری کەرکوکیش هێزە ئاسایش پارێزەکانمان قۆربانی زۆریان داوە".

## پێشمەرگە بەرگری دەکاو ناکشێتەوە

دوای وەرگرتنی پۆستی وەزیری کاروباری پێشمەرگە، زۆر هەوڵمدا دیدارێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ ئەنجام بدەم بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ کرد ئەو وادەکەی دوا دەخست ئەوەش بە تەنیا بۆ من وانەبوو بۆ میدیاکانی تریش بەهەمان شێوە بوو، یەکێک لەو ڕەخنانەی لە (مستەفای سەید قادر) وەزیری پێشمەرگە دەگیرا خۆ بە دوورگرتن بوو لە میدیاو ڕۆژنامەنووسان.

سەرئەنجام ڕۆژی ٢٤ی تەمووزی ٢٠١٤ مستەفا سەید قادر وەزیری کاروباری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، ڕازی بوو دیدارێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ ئەنجام بدەم. هەڵە نەبم ئەوە یەکەم دیداری ڕۆژنامەوانی بوو پاش دەستبەکاربوونی وەک وەزیری پێشمەرگە.

یەکێک لەو تایبەتمەندیانەی لەوەزیری پێشمەرگە بەدیم کرد ئەوەبوو پرسیارەکان چەند درێژ بن، ئەوا بەکورتی و ڕاشکاوی وەلامم دەداتەوە.

لەنوسینگەی تایبەتی خۆی بۆ ماوە ٢٥ ( خولەک) دیدارم لەگەڵ وەزیری پێشمەرگە کرد بۆ ئاژانشی ئانادۆل، ئەو زۆر جەختی لەسەر ڕەوشی ئاسایشی ناوچە دەکرد، بەڵام پێش دیدارەکە ڕەخنەی لە هەندێ ڕاگەیاندنە کوردیەکان هەبوو بەتایبەتی ئاسمانیەکان کە ڕەچاوی پاراستنی شوێن و نهێنی کاری پێشمەرگەو سەربازی ناکەن.

سەبارەت بەوەی پاش کشانەوەی هێزی عێراقی لەناوچە کوردیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە درێژایی هەزار و ٥٠کم هێزی پێشمەرگەی جێگیرکرد، مستەفا سەید قادر وتی: "هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچانە هەموویان جێگرکراون و پارێزگاری لە سنوورەکان دەکەن، پێشتر بەهۆی ڕووداوەکانی مانگی حوزەیرانی ڕابردووەوە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم ڕووبەڕووی مەترسی ئاسایش بوونەوە، بۆیە هێزەکانمان بردە ئەو ناوچانە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە خەڵکی خۆمان بکەین، ئەو بۆشاییە ئاسایشیەی هەبوو نەیهێڵین و ماوەیەکە بە هاوکاری لایەنە ئیدارییەکانی ئەو سنورانە هێزی پێشمەرگە جێگیرکراون، ئێستا لە قۆناغی خۆڕێکخستنەوەین بۆ ئەوەی زیاتر بتوانین پارێزگاری لەو ناوچانە بکەین".

وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، پێداگیری لەسەر ئەوە دەکرد کە هێزەکانی پێشمەرگە توانای بەرگرییان هەیە ئەگەر بێت و هێرشێکی فراوانیان بکرێتە سەر لەلایەن چەکدارانی داعش لەو سنورە، هەروەها دەشیوت: "ئەوان مەترسین بۆ سەر ئاسایشی هەموولایەک، تا ئێستا چەند شەڕێک لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و ئەواندا ڕوویانداوە، ئەمەش چەند نیشانەیەکە ئەو گروپە چەکدارانە مەترسین بۆ سەر ئاسایشمان".

ئەو باسی لەوەشکرد کە هەرێمی کوردستان پێویستی بە هاوکاری سیاسی و مەعنەوی و سەربازی و ئیداری هەیە، هەموو لایەکیش دەزانن ژمارەیەکی زۆر پەنابەری ناوچەکانی دیکەی عێراق ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، تەنانەت پێویستمان بەهاوکاری چەک

و تەقەمەنیش هەیە، بێگومان ئەم هاوکارییانەش دەمانەوێ بە رێی ئوسوڵی خۆی بێت.
مســـتەفا سەید قادر دەیوت: "پێویستمان بەوە نییە سەربازی وڵاتانی دیکە بێتە ئێرە بە ناوی پارێزگاری لێمان، چونکە توانیومانە رووبەڕووی مەترسی و هەڕەشەکان ببینەوە".
ئەو دەشیوت: "پرسی تیرۆریش بابەتێکی گشتییە، ئەمە تەنیا پەیوەندی بە ئێمەوە نییە و پرسێکی جیهانییە، ئێمەش سەرەتا پشت بە خۆمان دەبەستین".
هەر لەو دیمانەیە دا مســـتەفا سەید قادر، باسی لەوەشـــکرد "پێشمەرگە لەو ناوچانەی جێگربوون کوردستانین، ساڵانێکە دەمانەوێ بەپێی دەستوور ناوچەکان بگەڕێنەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئێستا کە پێشمەرگە جێگربووە، ناکشێتەوە، ئەگەر بکشێتەوەش ئەوا دەبێ بە رێککەوتنی سیاسی بێت".

## داعش، تیرۆریزمە، یان داگیرکەر؟

رۆژەکان بەخێرای تێپەڕدەبوون، ئەوەی پێشبینی دەکرا وەها دەرنەچوو زۆرێک لەحزبەکان بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسانی ئیدارەی ئەو حزبە بەجۆرێک باسی داعش-یان بۆ خەڵکی کوردســـتان دەکرد کە پەلاماری کوردستان نادان، یان ئاسان نیە شـــەڕ لەگەڵ هێزەکانی پێشـــمەرگەدا بکات، بەڵام وەها دەرنەچوو، لەگەڵ ئەوەش نەیان دەشـــاردەوە، کە داعش مەترســـیە بۆ سەر ئاسایشـــی هەرێمی کوردستان، دوای چەند رۆژێک هەموو شـــتێک گۆڕاو لە ســـەرەتای مانگی ئابی ٢٠١٤ داعش نزیک بۆوە لەناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لە رەبیعەوە بیگرە بۆ شنگال و زوممار و تا دەگاتە باشیک و بەنداوی موسڵ، پاشان سنووری خازر و بۆ گوێڕ و قەزای مەخموور داعش نەگەیشـــتە ١٥ی ئابی ٢٠١٤ بەهۆی کشانەوەی پێشمەرگە، ئەوان هاتن بۆ تەواوی ناوچەکە، تەنانەت نزیکی شـــاری هەولێریش بوونەوە لەڕووی رۆژئاواوە ٣٠ کیلۆمەتریش نێوانی سنوری داعش و ئیدارەی حوکمڕانی کورد نەبوو لە هەولێر.
١٦ی ئابـــی ٢٠١٤ دیدارێکم لەگەڵ ئەمیری کۆمەڵی ئیســـلامی م. عەلی باپیر، ئەنجامدا لەبارەی داعش ئەو زیاد لەجارێک پێداگری لەسەر ئەوەدەکرد کە داعش واتە رێکخراوی دەوڵەتی ئیســـلامی لە عێراق و شام، کە سنووری پارێزگایەکی گەورەی وەکو نەینەوایان کۆنترۆڵکـــردوە، هۆکارەکەی بۆ خراپی حوکمڕانی لەعێراق دەگەڕێتەوە، ئەمیری کۆمەلی ئیسلامی بەڕاشکاوی لەجێی تیرۆر چەمکی داگیرکەری دەدایە پاڵ داعش.
ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، ئەوە یەکەم دیداری بوو لە بارەی داعش سێ رۆژ پێش کاتی گفتوگۆکەمان، وەکو پەیامنێری ئانادۆڵ رێککەوتین لەســـەر کات و شـــوێنی دیدارەکە، لەنوسینگەی تایبەتی خۆی لە شاری هەولێر پێش نیوەرۆیەکەی دیدارەکەمان ئەنجامدا.
لە ســـەرەتای دیمانەکەدا ئەمیری کۆمەلی ئیسلامی بەو شێوە باسی داعشی کرد "ئەوان

پێشتر لە سوریا بوون، دواتر بەهۆی ئەو شێوە حوکمڕانیەی لە چەند ناوچەیەکی سونی لە عێراق پەیدابوو و بە هۆی سیاسەتی تاکڕەوی نوری مالکی بۆشایەک پەیدا بوو، ئەوەش وایکرد داعش بێت ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە".

دەشیوت: "ئەنجامەکەی ئەوەبوو سوپای عێراق شکا و هەڵهات، داعش هاتە عێراق".

سەبارەت بەهەڵوێست و بەرنامەکانی داعش م. عەلی وتی: "داعش کۆمەڵێک بانگەشە و ئیدیعایان هەیە بەڕاستی پشت ئەستور نییە بە ئیسلامەوە هەرچەندە بەناوی ئیسلام قسە دەکەن وە ناشڵێن نا موسڵمانن، بەڵام ئیدیعاکانیان پشت ئەستورنییە بە شەرع".

ئەو ئاماژەی بۆ ئەوەدەکرد ئەوان (داعش) باسی دەوڵەتداری دەکەن، ئێ باشە ئیسلام ئاوا دەوڵەت بونیات دەنێ؟ کۆمەڵێک کەس بەبێ پرس و ویستی خەڵک هەڵ بکوتێتە سەر خەڵک کە ئێستا داعش ئەمە دەکات ئەمە ئیسلامەتیە؟ پێغەمبەری خوا (د.خ) چۆن دەوڵەتی دامەزراند؟ ١٣ ساڵ خۆڕاگربوو لەبەرامبەر ئەو ئێش و ئازارەی رووبەڕووی بۆوە، دواتر خەڵکی یەسرب کە پاشان ناونرا مەدینە، هاتن جارێکیان ١٢ کەس پەیمانی یەکەمی عەقەبەیان لەگەڵ پێغەمبەر بەست پاشان ٧٥ کەس کە دوانیان ئافرەت بوون، پەیمانی دووەمی عەقەبەیان بەست، لەسەر ئەو دوو پەیمانە پێغەمبەری خوا (د.خ) مۆڵەتیدا بە یاوەرانی کۆچ بکەن بۆ مەدینە و خۆیشی کۆچیکرد، کەواتە دەبێ دەوڵەتی ئیسلامی لەسەر بنەمای ئارەزوومەندانە بێ و خەڵک رازی بێت، نەوەک بەزۆر خۆت بسەپێنی بەسەر میلەتان، خۆ سەپاندن شەرعی نییە، ئەگەر لە داعش ورد ببینەوە، هاتووە خەلیفەی داناوە بێ ئەوەی موسڵمانان بیناسن، هیچ بەرنامە و تەقەوایەکی دیارنییە، ئەوان موسڵیان داگیرکردوە، کەچی خەلیفەیان بۆ هەموو شوێنەکانی دیکە داناوە، ئەمە زۆر نامەنتقییە، نە خەلیفەی موسڵمانان وا دەبێ و نە دەوڵەتی ئیسلامی بەو شێوەیە.

ئەمیری کۆمەلی ئیسلام لەدرێژەی قسەکانی خۆی پرسیاری سەبارەت بەچۆنیەتی حوکمی داعش دەکرد و وەلامەکەشی دەداوە لەبارەی حوکمەکە، ئەو دەیوت: "باشە ئەوەی ئێستا داعش دەیکات، شەریعەت وا جێبەجێ دەکرێت؟ شەریعەت بۆ بەختەوەری و دادوەری و پەروەردە و پەیوەستکردنە بە خوای گەورە، جارێ دەبێ هەموولایەک بزانن شەریعەت لە خزمەتگوزاری و پەروەردەکردنەوە دەست پێ دەکات، نەک لە سزادان، بەڵام ئەوان دێن حوکمی ئیسلام لە سزاداندا دەبیننەوە کە ئەمەش پێچەوانەی شەرعە".

هەروەها دەشیوت: "سزادان لە کۆتایی حوکمی شەریعەت ئەنجام دەدرێت، ئەگەر سەیری سەردەمی پێغەمبەری خوا بکەین، سزای کوشتنەوە و داوێن پیسی و زۆر شتی دیکە پاش ئەوە جێبەجێکراوە کە کۆمەڵگا پەروەردەکراوە، خزمەتگوزرای بۆ دابینکراوە و حوکمی ئیسلام وەرگیراوە، بەڵام هەر لە ئێستاوە بێیت خەڵک سزا بدەی بەبێ ئەوەی بزانی حوکمی ئیسلامیان دەوێ، ئەمە پێچەوانەی شەرعە".

عەلی باپیر، جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە ئەوەی داعش کردویەتی لەعێراق ئەوەی

بەســـەر خەڵکی شـــنگال و ناوچەکەی هێنا لەڕۆژانی ٣ی ئاب "جۆرێکە لە داگیرکاری، چونکە ئەوان بەزۆر هاتوونەتە سنورەکە بەبێ ئەوەی پرس بەخەڵکی ناوچەکە بکەن، ئەمە پێی ناگوترێ دەوڵەتی ئیسلامی و جێبەجێکردنی شەریعەت و خەلافەت".

ســـەبارەت بەئێزیدی و مەســـیحیەکانیش م. عەلی وتی: "ئەوەی ئێستا داعش بەرامبەر بە مەســـیحی و ئێزیدیەکان دەیکات و دەریان دەکات، ئەگەر پێشتر هەبوایە دەمێک بوو لە ماوەی ١٣ ســـەدە لە وڵاتانی ئیســـلامی شـــوێن کەوتوانی ئایینەکانی دیکە جێگایان نەدەبۆوە".

ئەمیری کۆمەڵی ئیســـلامی بڕوای وایە هەرکەســـێک زوڵم لە کەسێکی تر بکات پێویستە وەڵام بدرێتەوە "خوای پەروەردگار بەپێویستی زانیوە زوڵملێکراو بەرگری لەخۆی بکات بە بەڵگەی چی؟ خوای گەورە دەفەرموێ هەرکەسێک دەست درێژی کردنە سەر، دەستدرێژی بکەنەوە ســـەر واتە وەڵامی بدەنەوە، ئێستاش ئەوەی داعش بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەیکات، حەقی خۆیەتی بەرپەرچی بدەیتەوە و وەڵامی دەستدرێژیەکەی بدەینەوە".

لەبەرامبەر داوای داعش لە کورد، م. عەلی، وتی: "ئەوان وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، ئەو رێکخراوە ئەگەر پابەندبونایە بە بنەماکانی ئایینی ئیسلام و لەشەریعەت تێگەیشتبونایە، جارێ نەدەبوو هەڵبکوتنە سەر خەڵک بەوشێوەی ئیستا، پاشان ئەوان دەڵێن بۆ بەرگری لە خەڵکی سوننە هاتووینەتە عێراق، ئێ خۆ نیوەی سوننەکان هەرێمی کوردستان هاوکاری کردوون و پەنای داون، دەبوایە ســـوپاس و دەستخۆشی هەرێمیان بکردایە نەک شەڕمان پێ بفرۆشـــن، ئێستا ئەوان لە موســـڵ ئەوەی من بزانم خەڵکیان بێزار کردوە، مەزارگەی ئایینیان تەقاندۆتۆتەوە، ئەمە کەی دینی ئیسلام وای گوتووە، ئەمە پێچەوانەی شەرعە".

لەبارەی ئەوەی ئایا ئەوان وەک حیزبێکی ئیسلامی ئامادەن شەڕی داعش بکەن؟ ئەمیری کۆمەڵی ئیســـلامی وتی: "وەک کۆمەڵی ئیســـلامی هێزی چەکدارمان نییە، کاتی خۆی کە ئەمریکا عێراقی داگیرکرد، بارەگاکانمان موشـــەک باران کران، خۆم دەســـتگیرکرام و مەکتەبی عەسکەریمان هەڵوەشاندەوە".

وتیشی: "بەداخەوە حزبە حوکمڕانەکانی ئەوسا کە ئێستاش حوکمڕانن، ئەوانیش هاوکاری ئێمەیان نەکرد بەپێچەوانەوە کادری زۆری ئێمەیان دەســـتگیرکرد و هێزی پێشـــمەرگەی ئێمە بێ بەشکراو دەرگا بەڕووماندا داخرا، ئێستا هێزی سەربازیمان نییە، بەڵام کۆمەڵی ئیسلامی ئەوەی پێی دەکرێ بەرگری لەکوردستان دەکات".

ئەو ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد لەکوردستان هێزی پێشمەرگەی زۆرمان هەیە و "لەخوا بەزیاد بـــێ، ئەگەر باش ئامادە بکرێن هەر کاتێکیش پێویســـت بـــوو ئێمە ئامادەین بەرگری لە هەرێمی کوردستان بکەین".

سەبارەت بە گفتوگۆکردنیش لەگەڵ چەکدارانی داعش کە بۆ ١٥ رۆژ دەبێت شەر لە دژی کورد دەکەن و زیانی زۆر بەهاوڵاتیانی کورد گەیشتووە لە ناوچەکانی دەرەوە، بەتایبەتی

لە شنگال و دەوروبەری مووسڵ، م. عەلی باپیر دەڵێت: "گفتوگۆ بۆچی؟ ئەگەر گفتوگۆ بۆ ئەوەبێت رۆژێک ئەوان ئەم شەڕەی خۆیان لە کۆڵی ئێمە بکەنەوە، گفتوگۆ شتێکی باشە شـــەڕ بەگفتوگۆ لە خۆمان دوور بخەینەوە، بەڵام ئەوان گوێ لەکەس ناگرن دەیان زانای ئایینی باوەڕپێکراو رێنمایی داعشیان کردوە، بەڵام ئەوان گوێ لەکەس ناگرن".

ئەو رەتیشیکردەوە، کە ئیسلامییەکان بێدەنگ بن بەرامبەر بە چەکدارانی داعش و دەڵێت "نەخێر بێدەنگ نین، راگەیاندن کاریگەری هەیە بۆ گەیاندنی دەنگمان پێشـــتریش لەسەر داعش قسەم بۆ ئاژانسی ئانادۆڵ و سکای نیوز کردووە، پێموایە یەکگرتووی ئیسلامی و خەڵکی تریش قسەیان کردوە.

هەروەها بۆچوونیشـــی وایە لەسەر دەســـتگیرکردنی ژنانی مەسیحی و ئێزدی، کە وەک ســـەبایە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت لە لایەن چەکدارانی داعش، وتی "ئەســـڵی دەرکردن و دەســـت بەسەرکردنی خەڵک بە هەڵە دەزانین، ئەگەر داعش ئەمە بەکاری دەوڵەتداری دەزانێ، ئەوان پرســـیان بەکێ کردوە؟ خۆ داعش خەڵک هەڵی نەبژرادوون، بەدیلگرتنی ئافرەتان و کوشتنی هاوڵاتی بێ گوناح لەبەرنامە و پرۆگرامی شەرعدا جێی نابێتەوە".

## گەڕانەوەی پێشمەرگە دێرینەکان، بۆ شەڕی نوێ

لەگەڵ هاتنی چەکدارانی داعش بۆ عێراق، ئیدی کورد وردە وردە کەوتە خۆ کۆکردنەوە، ماڵی کورد پێشـــتر بیروبۆچوون و پرۆســـەی هەڵبژاردن و کێشـــەکێش لەسەر کورسی دەســـەڵات هەموو لایەنەکانی پەرت کردبوو پێشـــمەرگە دێرینەکانی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و شۆڕشی نوێ بەشی زۆریان خانەنشین کرابوون، یان لە سلکی سەربازی دوور کەوتبوونەوە، لە شوێنی ئەوان گەنجان شوێنیانی گرتبوونەوە.

بەڵام شـــەڕی داعش و نزیک بوونەوەی ئەو رێکخراوە لە کـــورد بارودۆخەکەی پێچەوانە کردەوە، پێشـــمەرگە دێرینەکان بەشی زۆریان گەڕانەوە بۆ ســـەنگەرەکان، رۆڵ دووبارە درایەوە بەو کەسانەی کە پێشتر بەرپرسی سەربازی و پێشمەرگە بوون لە شەڕەکاندا.

یەکێک لەو ســـەرکردە حزبی و پێشمەرگە دێرینەی کورد محەمەدی حاجی مەحمود بوو ئەو ســـاڵانێک بوو وازی لە کاری ســـەربازی و پێشمەرگایەتی هێنابوو لە خوولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان ئەندام پەرلەمان بوو هەروەها لەدوای رووخانی رژێمی بەعس کاکە حەمە لەبەغدا خوولێک ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بوو.

لە ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ چووم بۆ شـــاری کەرکوک، بەرپرســـی میحوەرکە ماوەی چوار رۆژ بوو وەک بەرپرس دەســـت بەکار بوو محەمەدی حاجی مەحمود، ســـکرتێری حیزبی سۆسالیســـتی بوو، بەڵام لەســـەر بڕیاری ســـەرۆکی هەرێم کرابوو بە بەرپرسی میحوەر، کەرکوک و دەوروبەرەکەی مەترســـی زۆری لێدەکرا کەوا بکەوێتە بەر دەستی چەکدارانی

داعش، ئەمەش لەوە سەرچاوەی گرت بوو داعش بەهێزێکی زۆرەوە هاتبوون بۆ ناوچەکە، سوپاکەی عێراقیش پاش شکانی پەرتەوازە ببوون، ئەو شکستەی سوپای عێراق لەشەڕی کەنداو توشی بوو ئەوا لەم شەڕەی داعش خراپتریشی بەسەرهات، ئەو سوپایە بەهاوکاری ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانان بنیاتنرایەوە بە باشـــترین جۆری چەک و پێشکەوتووترین کەرەســـتەی ســـەربازیان لەولاتانی رۆژئاواو ئەمریکا بۆ دابین کـــرا بوو، بەڵام ئەم هێزە پرچەکراوە، خەونی حکومەتی عێراق و خەڵکی ناوچەکەشـــی لە سنووری سووننە نشین نەهێنایـــە دی و هیچ بەرگریەکیان نەکرد لەبەرامبەر داگیرکردنی ســـنوورەکەیان لەلایەن چەکدارانی داعش.

سەرپەرشـــتیاری پلانی ســـەربازیی بۆ پاراســـتنی پارێزگای کەرکوک محەمەدی حاجی مەحمود، بۆ ئاژانسی ئانادۆل باسی لەوەکرد "تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە و پۆلیس و دژە تیرۆری کورد، بە یەک تیم کار دەکەن بۆ پاراستنی سنورەکانی پارێزگا کەرکوک".

محەمەد کە لە کوردســـتان بە "کاکە حەمە" نـــاوی دەهێنن، رۆژی ٢٦ی حوزەیران دوای گەیشـــتنی مەسعود بارزانی بۆ شـــاری کەرکوک، وەک سەرپەرشـــتیاری هێزی پ.م لە کەرکوک دەست نیشـــانکرا، سەبارەت بەچۆنیەتی دەستنیشـــانکردنی وتی: "بۆ پۆست نەهاتوومەتە کەرکوک، بەڵکو باوەڕێکی تەواوم بە کوردســـتانیی بوونی ئەم شارە هەیە و ئامادەم تا دوا هەناسەم خەباتی بۆ بکەم".

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد  لەشەڕی رزگارکردنی شاری کەرکوک لەساڵی ١٩٩١ کە ئەو کات رژێمی بەعس حوکمڕان بوو بریندار بووە. ئەو وتیشـــی "ئێســـتاش ئامادەم هەروەکو ئەو کات لەپێناویدا بجەنگم".

دوای چۆڵکردنی هەندێ ناوچە لە لایەن ســـوپای عێراق، دواتر داعش دەســـتی بەســـەر ناوچەکان داگرت، بەڵام لەماوەیەکی کورتدا پێشمەرگە دەستی بەسەر ناوچەکاندا گرتەوەو تا ئێستاش رەوشە ئالۆزە و هەندێک جار شەڕ لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگەو داعش روو دەدات.

کاکە حەمە، ئەوەشـــی رونکردەوە کە هێڵێکیان دروستکردوە هاوڵاتیان لەتکریتەوە بەرەو کەرکوک دێن لەترسی داعش، هەروەها پێیوابوو کە ئێستا دەرفەتێکی باشە بۆ کورد تاکو بڕیاری خۆی بدات، چونکە لە١٩٩١ و ٢٠٠٣ وە سێیەم دەرفەت بۆ کورد هاتۆتە پێشەوە، لەبەر ئەوەی "جاران لە کەرکوک پێشمەرگە رەت دەکرایەوە، ئێستا پێشوازیی لێ دەکرێ".

بەگوێرەی قسەکانی کاکە حەمە، هێشتا ٢٥٪ی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لەژێر دەستی چەکدارانی داعشدایە و پێشمەرگەی بۆ نەچووە.

لەبارەی ناســـنامەی ئەو چەکدارانەی روو بەرووی هێزەکانی پێشـــمەرگە دەبنەوە، کاکە حەمە وتی:  "ئەوان یەک گروپی چەکدار نین، نزیکەی دوانزە گروپ و حزبن، ئەوانەی زۆر ئاشکران داعش و بەعسییەکان و ئەو گروپانەن کە خەڵکانی یەمەنی و چیچانیان تێدایە

و لـــە دەرەوەی عێراقەوە هاتوون، بێجگە لەوە خەڵکی عەشـــایری ناوچەکە هاوکارییان دەکەن".

بەرپرســـی پلانی سەربازیی پاراستنی شـــاری کەرکوک، پێداویستی چەکدارانی داعش و گروپەکانی ئاشکرا کردو وتی: "لە سەدا هەشتای چەک و کەرەسە سەربازییەکانی سوپای عێراق، کەوتوونەتە دەست داعش، بەپێی زانیارییەکانی ئێمە ئەو چەکدارانە چەکی هەشت لیوای عێراقیان چنگ کەوتووە، ئەوان قورســـترین چەکیان پێیە و زۆر لە ئامر لیواکانی سوپای پێشووی عێراق سەرپەرشتیان دەکەن".

کاکە حەمە ئەوەشـــی ڕاگەیاند: "پێشمەرگە ئامادەیەو پێداویستیی و چەکی باشی هەیە، ئێســـتا تەنیا فڕۆکەمان نییە و دابەشبوون بەسەر چەند لیوا و یەکینەیەکدا لەگەڵ هێزی ناوخـــۆ و پۆلیس و دژە تیرۆر، پێکـــەوە هەموویان پەیوەندییان هەیە و بە یەک تیم کار دەکەن".

لەبارەی پێشـــبینی کردن بۆ کۆتایی شـــەڕو ئەو ناوچەیە کە ئایا دەکەوێتەوە دەســـت سوپای عێراق، یان هێزە کوردییەکان، کاکە حەمە، وتی: "نازانین کەی شەڕ کۆتایی دێت وناوچەکەش  دەکەوێتە دەست کێ و حکومەتی عێراق بە زوویی دەیگرێتەوە، یاخود نا، تائێستاش دیار نییە کێ سەرپەرشتی چەکدارەکان دەکات".

هەروەها وتیشی: "ئێستا دراوسێیەکمان بۆ دروست بووە، نازانین کێن و چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین، بۆیە بڕیارمانداوە ئەو سەنگەرانەی پێشمەرگەی تێدایە جارێکی تر چۆڵی نەکەین، چونکە ڕەوشـــەکە ناگەڕێتەوە بۆ پێش ڕووداوەکانی مووسڵ و گۆڕانگاری دیکە دروست دەبێ".

ئەو لەدرێژەی قسەکانیدا باسی لەوەکرد کە پێشبینی زۆر دەکرێ ئەم وڵاتە پارچ پارچە بێ، لەئێســـتادا چەنـــد ناوچەیەک ماوە کورد کۆنترڵی بـــکات، ئەگەرنا زۆری ناوچەکانی کۆنترۆڵکردوە، تەنانەت خەریکە لەرووی جوگرافییەوە شتێک نەمێنێت بەناوی عێراق، بۆیە پێموایە: "تەنیا کۆنفیدراڵی چارەســـەری کێشەکان دەکات، چونکە لەڕووی سەربازییەوە مادەی ١٤٠ جێبەجێکراوە و ماوەتەوە سەر بڕیاری سیاسی".

کاکە حەمە، جگە لەخۆی کەسانی ناسراویشی لەگەڵ خۆیدا بۆ بەرەکانی جەنگ هێنابوو، تەنانەت کوڕەکەشـــی، ئەوەی چاوەڕوان نەکراو بوو لەم شـــەڕانەدا روویان دەدا، خەڵکی کوردستان و کەسوکاری پێشمەرگە هەمیشە دڵیان لای کەسوکار و کوڕە پێشمەرگەکانیان بو کە ترسیان هەبوو لەپێگەیشتنی هەواڵی ناخۆش، بەڵام کاکە حەمە لەتەنیشت خۆیەوە لەبەرەکانی شەڕ کوڕەکەی شەهید بوو ئەو گوێی لەدەنگی ئەو فیشەکانە بوو کە کوڕەکەی پێی بریندار‌بوو، دواتریش لەخەستخانە ژیانی کۆتایی پێهات.

عەتا محەمەد حاجی مەحمود لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٩ لەکۆنگرەی  (چوارەم و پێنجەم  و شەشەم)ی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان،  ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی

ئـــەو حزبە بووە، ئێوارەی  ڕۆژی ٢٠١٤ ,١١ ,٢٦ لە شـــەڕی هێزەکانی پێشـــمەرگە دژی چەکدارانی داعش لە میحوەری تەللوەرد بریندار دەبێت، دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشـــخانە گیان لە دەست دەدات.

شەهیدبوونی کوڕی کاکە حەمە هەموانی تاساندو خەڵکی کوردستانی هێنایە قسە، زۆربەی ســـەرکردەکانی کورد پەیامیان بڵاوکردەوە، حزبەکان پرسەنامەیان ڕاگەیاند هاوڵاتیان لە هەموو ئاستە جیاجیاکاندا پەرۆشی خۆیان بۆ ماڵباتی کاکە حەمە دەربڕی و نیگەران بوون بە شەهید بوونی کوڕی سەرکردەیەکی پێشمەرگە.

ڕۆیشتنی کوڕەکەی کاکە حەمە خەبات و نیشتمان پەروەری ساڵانی ڕابردووی کاکە حەمەی لای خەڵکی کوردســـتان دووپاتکردەوە، بەشـــی زۆری هاوڵاتیان لە نـــاو ڕووبەری میدیاو ماڵپەرە کۆمەلایەتیەکاندا شەهید عەتا-یان بە شەهیدی خۆیان دەبینی و تەنانەت چوونی کوڕی سەرکردەیەکیش بۆ بەرەکانی جەنگ بەنیشانەی دڵسۆزی محەمەدی حاجی مەحمود و کوڕەکەی بۆ کوردســـتانیان پێناســـە دەکرد هیوای ئەوەیان دەخواست سەرکردەکانی تریـــش وەک چۆن کوڕی هـــەژار و فەقیر دەچنە بەرەکانی جەنـــگ و بەرگری لە خاکی کوردستان دەکەن، کوڕ و کەسوکاری بەرپرسانی تریش بەهەمان شێوە ئامادەیان هەبێت لەسەنگەرەکاندا، چونکە خۆ ئەوانیش هیچیان لە کوڕی هەژار و پێشمەرگە زیاتر نیە.

# ڕیپۆرتاژەکان

## ئاوارەکانی کەمپی خازر چیان بەسەر هات؟!

پێش هەڵگیرسانی شەر لە نێوان چەکدارانی داعش و هێزەکانی پێشمەرگە کورد هێزێکی زۆری لە نێو شاری موسڵدا هەبوو، بەڵام لە ١٠ی مانگی حوزەیران داعش توانی بێتە ناو خاکی عێراق و سنوری پارێزگای نەینەوا+ مووسڵ داگیر بکات، لەو کاتەدا هێزە کوردیەکان کشـــانەوە بۆ دەروازەکانی موسڵ کە هاوســـنوری شارە کوردییەکانن بەتایبەتی موسڵ و هەولێر.

بازگەیەک، سنوری نێوان پارێزگای هەولێر و موسڵ لەیەکتر جیادەکاتەوە، ئەویش بازگەی گۆپچەلی، کە هەموو جار پێشـــمەرگەکان دەیانوت: تا ســـەرەتای مانگی ئاب هێزەکانی پێشـــمەرگەی تێدا بوو خاڵی پەرینەوەی پێشـــمەرگەو چەکدارانـــی داعش بوو، تەنانەت خەڵکی موســـل هەر بەم بازگەیە داهاتن بۆ هەولێرو خەڵکیش هەولێریش بەهەمان بازگە دەچوون بۆ موسڵ".

تا کۆتای مانگی تەموزی ٢٠١٤ ســـنوری نێوان جێنفوزی پێشمەرگەو چەکدارانی داعش ئاســـایی بوو، دواتر لە ســـەرەتای مانگی ئاب ناوچەکە گرژی تێکەوت و ڕۆژ بەدوای ڕۆژ سنورەکە ئاڵۆزبوو جار جار تەقەو شەڕ لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو چەکدارانی داعش رووی دەدا. ڕێگای هاتووچۆکردنی ئۆتۆمبێل بۆ موسڵ قورس بوو پەیتا پەیتا سەربازانی سوپای عێراقیش هەڵدەهاتن بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، ژمارەیەکی زۆریش لە هاوڵاتییانی دەوروبەری موسڵ ئاوارەی ناوچەی پێشمەرگە بوون.

لەوکاتەدا حکومەتی هەرێم ناچاربوو کەمپێک لەناوچەی خازر بکاتەوە کە دەکەوێتە نزیک کەڵەک بـــۆ حەوانەوەی ئاوارەکان، لەماوەیەکی کەمدا ژمـــارەی ئاوارەکانی کەمپی خازر گەیشتە پێنج هەزار کەسێک.

لەو کات و ســـاتی هاتنی ئاوارەکان بۆ کەمپی خازر بەرپرســـی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەلاح مستەفا بەئاژانسی ئانادۆڵی راگەیاند "نزیکەی ٢٥٠ هەزار ئاوارەی شـــارەکانی موسڵ و بەگشتی شـــارەکانی تری عێراق هاتوونەتە هەرێم و ســـەرەڕایی گەمارۆکانی ئابووری بەغدا بۆ سەر هەرێم، بەڵام هیچ هاوکارییەکی کردەیی لەلایەن بەغداوە نەنێراوە و بارگرانییەکی زۆریش کەوتۆتە سەر هەرێم".

بەشـــی زۆری ئاوارەکانی موســـڵ روویان لەهەرێمی کوردســـتان کـــرد و لەکەمپی خازر جێگیرکران، هەرچەندە ئاوارەکان کێشەی خۆراک و ئاو و شوێنی مانەوەو خزمەتگوزاریان هەبوو، بەڵام کێشـــەی سەرەڕای ئەو کێشـــانە کەش و هەوای وەرزەکە دۆخێکی خراپی بەسەر ئەو خەڵکە هێنابوو، ئەوەی گرنگ بوو لەکەمپی خازر لەرووی ئاسایشەوە ژیانیان پارێزراو بوو.

چەند جارێک بۆ کاری رۆژنامەوانی سەردانی ئەو کەمپەم کرد ئەوان ئاواتیان بە "مردن"ی خۆیان دەخواست بەڵام لەپاڵ ئەوەش بە "باش" وەسفی حکومەتی هەرێم-یان دەکرد کە

بەهانایانەوە هاتبوون، بەڵام رەخنەیان لە دەسەڵاتدارانی بەغدا دەگرت کە وەک پێویست هاوکاری نەکردوون و بەهانایانەوە نەهاتوون.
لــەدوای گلەیی و رەخنەی ئاوارەکانی نێو کەمپی خازر ســەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ســەلیم جبوری ســەردانی کەمپەکەیکردو خەڵکەکەش توڕەبوون و نەیانهێشــت جبوری پەیامی خۆی بگەیەنێت،
چونکــە لە هەر چــوار لای دەوروبەری پاریزگای نەینەوا خەڵکەکــەی رایان دەکرد هەر لەوکاتەشــدا هاوڵاتییانی تەلەعفەر کــە زۆرینەیان خێزان بــوون، لەکاتی هەڵاتنیان بۆ ســنورەکانی هەرێمی کوردســتان، لە نێوان رێگای موســڵ و رەبیعە کەوتبوونە بۆسەی چەکدارانی داعش، بەهۆی بەرزی پلەکانی گەرماوە ئەو خێزانانە توشــی چەندین کێشە ببونەوە، بەو هۆیەوە چوار منداڵ گیانیان لەدەستدا.
هەروەهــا لەکاتی گەیشــتنی کۆمەکــی هاوکاری بۆ ئاوارەکان لە کەمپــی خازر، بەهۆی زۆری پێدوایســتی ئەو پەنابەرانە ئاڵوزی و قەرەباڵغیەکی زۆر کەوتبووە، نێو خەکەکە. بەردەوامیش بارگرژی دروست دەبوو بەدوای ئاو هاوکاری رێکخراوەاندا رایان دەکرد.
فــازل عەباس، یەکێک بوو لــەو هاوڵاتیانەی لەقەزای تەلەعفــەر رایکردبوو بە ئانادۆڵی راگەیاند: "پێنج رۆژە لەپشت بازگەی خازری نزیک شاری هەولێرین بۆ ماوەی مانگێکیش لە شنگال بووین، بەڵام بە هۆی نەبوونی خزمەتگوزاری لەناوچەکە بەرەو هەولێر هاتووین تا چارەسەریەک بۆ خراپی حاڵمان بدۆزینەوە".
بەشی زۆری شیعەکانی سنوری تەلەعەفەری موسڵ هەوڵی چوونیان بۆ نەجەف و کەربەلا دەدا، چونکــە پێیانوابوو لەوێ ژیانیان پارێزراوترە، چەکدارانی داعشــیش جیاوازیان لە نێوان مەزهەبەکاندا دەکرد دوای ئێزدیەکان شــیعەکانی دەکردە ئامانج، بەڵام ئەو زیانەی بەر ئێزدیەکان کەوتبوو لەلایەن داعشەوە زیاتر بوو لەزیانی مەسیحیەکان، راستە ئەوانیش کەسوکاریان بەتایبەتی ئافرەتەکانیان لەلایەن داعش دەست بەسەرکرابوو، بەڵام ئێزدیەکان تاوانێکــی گەورەیان دەرهەق کرا، تەنها گەر ســەدام تاوانی بــەو جۆرەی ئەنجامدا بێت بەرامبەر بەکورد.
کەمپــی خازر زوو زوو بەرپرســانی حکومەتی و رێکخراوە بیانیەکان ســەردانیان دەکرد رۆژی ٣٠ی تەمموزی ٢٠١٤ لە سەردانێکی چاوەڕوان نەکراو سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی گەیشتە کەمپەکەو لەناو ئاپۆرای خەڵکەکە رایگەیاند "ئاگاداری کێشە و گرفت و خراپی گوزەران و ناخۆشــی ئاوارەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا داوای لە ئاوارەکان کرد کە خۆڕاگر بن، چونکە ئەم دۆخە کاتییە و ئاوارەکان بە سەربەرزی بۆ شاری موسڵ و بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەگەڕێنەوە".
لە ٧ی تەباغ کەمپەکە چۆڵکرا، بەهۆی خراپی باری ئاســایش لەســنوورەکە هەموو ئەو خەڵکــەی تێیدابوون دووبارە ئاوارەی ناوچەکانی دەوروبەری شــاری هەولێربوون، ژیانی

خەڵکەکە پێشتر ناخۆش بوو بەشێکیان لەسەر زەوی شەو و ڕۆژیان دەکردەوە، چەندین دیمەنی تراژیدیت بەرچاو دەکەوت، دایک منداڵەکەی لەســـەر پارچە کارتۆنێک خەواندبوو خۆشـــی لەناو خۆڵەکە راکشابوو نەخۆشی و بێ پارەیی و زۆرشتی تر رووی لەو خەڵکە کردبوو ئەوان زۆربەیان هاواری ئاو خۆراکیان دەکرد بۆ منداڵەکانیان، بەڵام ئەوەی زیاتر جێگای نیگەران بوو جارێکی تر لەکەمپ ئاوارەبوون بۆ ناحیەی خەبات و شوێنەکانی تر هەڵهاتن.

کاتەکان گرێدرابوون بەیەکەوە، کەمپ چۆڵکرا، خەڵکەکەی رایانکرد و هەڵهاتن، هێزەکانی پێشمەرگە کەوتبوونە ئامادەباشی "ئینزار" کەس نەیدەزانی بارودۆخەکە چی بەسەردێت، جگە لە سەرکردایەتی کورد خۆی نەبێت.

بریارە قورسەکە ٢٤کاتژمێر دوای چۆڵکردنی کەمپی خازری نەخایاند رۆژی هەشتی تەباغ هێزەکانی پێشـــمەرگە لەچەند ناوچەیەکی نزیک موســـڵ کشانەوە، ئەمەش جێی سەرنج بوو، چونکە هیچ کەس چاوەروانی بریارێکی وەهای نەدەکرد لەلایەن سەرکردایەتی کورد، لەبەرئەوەی ئەو ناوچانە بۆ کورد گرنگ بوون هەروەها سنوورێکی فراوانی هەیەو مەترسی لەسەر ئاسایشی هەولێر دروست دەکات.

سەرەرای ئەوەش هەزاران هاوڵاتی موسڵ و دەوروبەری لەکەمپی خازر نیشتەجێ بووبوون، ئەوانیش دووبارە ئاوارە بوونەوە، هەزاران خێزانی تر لە موســـڵ و ناوچەکانی دەوروبەری ئەو شارە بەرەو شاری هەولێر چوون.

بەیانـــی زووی ٨ی مانگ هێزەکانی پێشـــمەرگە لەناوچەکانی "عەلـــی رەش و بەرتەلە و ســـفەیە" کشانەوە، هێزەکانی پێشمەرگە لە دەورووبەری خواورووی ناوچەی خازر جێگیر کران، لەو کاتانەدا، بەشـــێک لە ناوچەکانی دیکە وەکو ســـفەیە کوردنشینن و کاکەیین روبەڕووی چەکدارانی داعش بوونەوەو بەرگرییان لە ناوچەکانی خۆیان کرد.

ئـــەو دیمەنانەی بەرچاو دەکەوتن، یەکێک لەو حاڵەتە خراپانە بریتی بوو لە پشـــتکردنە "سەنگەر"لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەو چەکدارە کوردەکان، هەروەها کشانەوەیان بەرەو شار، هەڵهاتنی دەیان هەزار هاوڵاتی ناوچەکە هەمان دیمەنەکانی "کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١" بیر دەکەوتەوە، بەهەمان ئەندازە خەڵکەکە برسی و تێنو بەشی زۆریان بەپێ لەناوچەکانی دەوروپشـــتی موسڵ هەڵهاتبوون، بەشێکی تریشیان ئۆتۆمبیلیان پێبوو بەشی زۆری ئەو هاوڵاییانەش کەهەڵهاتبوون کورد بوون، دەیانوت "شەبەک و کاکەیین" لە ترسی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش و خەڵکە عەرەبەکان کە دەستیان تێکەڵ بە داعش کردوە، بۆیە رایانکردوە.

ئەوەی جێگای سەرنج بوو کەس بیری لای ئاوارەکانی ناوکەمپی خازر نەمابوو لەتاو هاتنی ژمارەیەکـــی نوێی زیاتری ئاوارەکان، کە بەرەو قەزای خەبات دەڕۆیشـــتن ئەو قەزایەش تەواوی سەر رێگا سەرەکیەکانی لە ئۆتۆمبێلی هێزەکانی پێشمەرگە تەنرابوو قەرەباڵغیەکی

زۆر دروست ببوو بیرت بۆ لای ئەنجامدانی کۆڕەوێکی گەورە دەچوو.
بەرەبەیانی رۆژی ٨ی مانگ قایمقامی قەزای خەبات رزگار عەبدولَا، لەسەر پردی گەورەی خەبات وەستابوو لێدوانم لێوەرگرت ئەو وتی: "قەزای خەبات هیچ مەترسیەکی لەسەر نیە، بارودۆخەکەش بەرەو ئاسـای دەڕوات و چاوەڕوان دەکرێت تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە کۆبکرێنەوە، لەو ناوچانەی کە کشـاونەتەوە، هێڵیکی بەرگری دروست بکەن، بۆ ئەوەی رێگری لەهاتنی چەکدارانی داعش بکەن".
ئەو رۆژە پێنج شـەممە بوو وەک دەبینرا هێزێکی نوێی پێشـمەرگە رەوانەی ناوچەکانی پێشـەوە کرابوون و زیاتر لـە ٥ کیلۆمەتر لەخوارووی خازر جێگر کرابـوون، لەوکاتەدا ئەفسـەرێکی هێزەکانی زێرەڤانی پێی وتم: "هۆکاری کشـانەوەی هێزەکانی پێشمەرکە لەبەرتەلەو شەلالەت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چاوەڕوان دەکرا لە نزیک ئەو سنورانە فڕۆکە جەنگیەکانی عێراق مۆڵگەکانی داعش بۆردومان بکەن، بەڵام فڕۆکەکان نەهاتن".
هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردسـتان، دوای چەند رۆژ ناوچەیەکی فراوانی موسڵ کە بە خازرو ناوچەی حەسـەن شام ناسراوە، لەڕووی ئیداریەوە سەربەناحیەی بەرتەلەن دانیشتوانەکەی تێکەڵەن مەسیحی و عەرەب و کوردی شەبەکی تێدایە، لەڕووی ئیداریەوە سەربە پارێزگای نەینەوایەو ناوچەکەش بەپێی ماددەی ١٤٠ سەر بە ناوچە جێناکۆکەکان-بەناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دادەنرێت.
رۆژی سـێ شـەممە ٢٠١٤/٩/١٦ هێزەکانی پێشـمەرگە بەهاوکاری فڕۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانان، هێرشـێکی فراوانیان کردە سـەر شـوێن و مانەوەی چەکدارانی داعش لە سـنووری ناوچەی خازر دوای شـەڕێکی بەردەوام کە نزیکەی ٤٨کاتژمێر بەردەوام بوو هێزەکانی پێشـمەرگە توانیان گوندەکانی "حسـن شام، سـێودینان، مەندوبەی سەرو-مەندوبەی خوارو، و ئاشقەڵای بچوک" لە دەست چەکدارانی داعش وەربگرنەوە.
یەکێـک لە گەورەتریـن، گوندەکانی ئەو ناوچەیە گوندی حەسـەن شـامە، کە رێژەی دانیشتوانەکەی نزیکەی ٧٠٠ ماڵ دەبێت، زۆربەی دانیشتوانەکەی عەرەب-ن کاتێ هێزەکانی پێشمەرگە چوونە گوندەکەوە دانیشتوانەکەی ماڵ وحاڵیان بەجێهێشت، گوندەکە ئاوەدان و خانوو بالەخانەی باشی لە چاو گوندەکانی تردا تێدا دروستکرابوو. لەوەدەچوو خەڵکی دانیشتووی حەسەن شام بژێوی ژیانیان باشتر بێت لەچاو شوێنەکانی تری سنوری خازر.
هێزەکانی پێشمەرگەو چەکدارانی داعش لەو ئۆپەراسیۆنە زیانی زۆریان پێگەیشت ئەوەی ئاشـکرابوو ئاماری کوژراوانی داعش بوو، کە بەپێی گوتەی ئەفسـەرێکی سـەربازی بۆ خەندان رایگەیاند بوو"لە ئەنجامی هێرشـی هێزەکانی پێشـمەرگە، توانرا پێنج گوند لە داعش پاکبکرێتەوە و بەشێکی زۆر لە چەک و تەقەمەنیش دەستیان بەسەر گیراوە".
هەروەها لە ئەنجامی هێرەشـەکانی ١٦ی سێبتەمبەر ١٧ چەکداری داعش کوژران و ٦ ئۆتۆمبێلی هەمەریش بەهۆی بۆردوومانەکانی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا و هێرشەکانی

پێشمەرگە سوتێنرابوون.
بەرەبەیـــان لەگـــەل حەمیدی هاوڕێم چووینـــە نزیک ناوچەی خازر بۆ ئـــەوەی رووماڵی دواین پێشـــهاتی ئەو ئۆپەراسیۆنە بکەین، کە نزیک بووینەوە لە بازگەی خازر هێزەکانی پێشمەرگەو ئاســـایش ڕێگریان لە رۆژنامەووسان کرد بەپاساوی ئەوەی شەڕ بەردەوامەو نابێ ڕۆژنامەنووسان بڕۆنە ناوچەکە بۆ ئەوەی مەترسی دروست نەبێت بۆ سەر ژیانیان.
یەکێک لەو مەترســـیانەی رووبەڕووی رۆژنامەنووسان دەبۆوە، بەشێکی پەیوەندی بە بێ ئەزموونی و ناشـــارەزای ناوچەکە بوو، بەشێکی تریشی هێزەکانی پێشمەرگە مامەلەیان لەگەڵ میدیاکاران باش نەبوو راستە رێزیان دەگرتین، بەڵام ئەوان نەیاندەزانی چۆن لەگەڵ رۆژنامەنووسان هەڵسوکەوت بکەن، بۆ نزیکە شەڕەکە هاوکاریان بن، ئەوان خۆیان ئەوەیان ئاشکرا دەکرد کە ئەم شەڕە هیچ پەیوەندی و تەنسیقێکی لەگەڵ یەکدا نیە، چونکە لایەنی بەرامبەر کە چەکدارانی داعش بوون، شوێنەکانیان وەک پێویست ئاشکرا نەبوو ناوە ناوە کەســـێکیان بە ئۆتۆمبێلێکی بۆمب رێژکراویان دەهات و دەیویســـت خۆی بە هێزەکانی پێشـــمەرگەدا بتەقێنێتەوە، هەروەها لایەنێکی تریش ئەوە بوو کە هێزەکانی پێشمەرگە خۆشیان شارەزایەکی باشی ناوچەکە نەبوون، بۆنموونە ئەو هێزەی کە شەڕیان دەکرد لە سنوری خازر بەشی زۆریان خەڵکی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکووک و گەرمیان بوون.
لە بازگەی نزیک پردی خازر زۆر هەوڵماندا بێ ســـوود بوو بەباشـــمانزانی بڕۆینە سنوری بەردەرەش و لەوێوە بگەڕێنەوە بۆ چیای زەردک، چونکە شـــەڕ کەوتبووە ئەو سنوورەش لـــە قەزای خەباتەوە بەرێکەوتین بەنـــاو چیای زەردک کە چەند رۆژێک بوو ئەو چیایەش ئازادکرابوو خۆمان گەیاندنە نزیک گوندی حەسەن شام و لە سەنگەری پێشەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەگوندی حەسەن شام نزیک بووینەوە، پێش ئەوەی بگەینە حەسەن شام کە هێشـــتا بە تـــەواوی کۆنترۆڵ نەکرابـــوو لەکاتی نزیک بوونەوەمان لە گوندەکە شـــەڕی هێزەکانی پێشـــمەرگە لەگەڵ چەند چەکدارێکی داعش لە باکوری حەســـەن شام دەبینرا چەکدارەکانیش بەرگریان دەکرد دوای چەند کاتژمێرێک لەتەواوبوونی شەڕ پێشمەرگەکان پێیانوتم: ئەوان توانیویانە دەربازیان ببێت، لە گوندەکەوە خۆیان گەیاندبووە گوندی زارا خاتوون کە ئەو گوندەش کەوتووەتە رۆژئاوای حەسەن شامەوە.
لەکاتی هێرشەکەی پێشمەرگە بۆ سنوری حەسەن شام فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگەی زێرەڤانی عەمید ئەحمەد-م دواند بۆ ئاژانسی ئانادۆڵ ئەو باسی لەوە دەکرد کە لەکاتژمێر (٥)ی بەیانیەوە فڕۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانان، هێرشـــیان کردە سەر "بنکەو بارەگای چەکدارانی دوژمن، دواتر کاتژمێر (٧) هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان کە پێکهاتبوون لە ســـوپای چوار و پێنج و هێزی تایبەت، هێرشـــمان کردە ســـەر داعش و توانیمان لە ماوەیەکی کەمدا گوندی حەســـەن شـــام و ســـێودینان و چەند گوندێکی دیکە لەداعش پاکبکەینەوە".

چەکدارانی داعش ژمارەیەکی زۆر بۆمبی دەستکردیان لەسەر ڕێگاکان و شوێنە گشتیەکانی ناو گونـــدەکان دانابـــۆوە، بەرلەوەی هێزەکانی پێشـــمەرگە بچنە ئەو شـــوێنانە تیمی پوچەڵکردنەوەی مین و تەقەمەنی هەوڵیاندەدا ئەو ناوچانە پاکبکەنەوە لەو تەقەمەنییانەی کە چەکدارەکانی داعش دایاننابوو.

هێزەکانی پێشـــمەرگە جەختیان لەســـەر ئەوە دەکـــردەوە، ئەو بۆمـــب و تەقەمەنیانە داعش دایناوە، بە ســـەدان کیلۆ گرام دەخەڵمێنرێت، ئەو بۆمبانەی لە لایەن تیمەکانەوە پۆچەڵدەکرایەوە بەشـــی زۆریان لە شێوەی قوتوبەند ئامادەکرابوون، بەشێکی تریان لەم بەرو ئەوبەری سەر ڕێگا سەرەکیەکان، ئامادەکرابوو بە جوڵاندنێکی دەتەقییەوە.

هەندێک لەبۆمبەکان هـــەر دانەیەکی هێندەی تەنەکەیەکی ڕۆنی ٢٠ کیلۆی دەبوو قەبارە خڕ و پەنجا ســـانتیم بەرز بە دووری سەدان مەتر زیانی دەگەیاند بە دەوروبەری خۆی و بۆمبەکانیش بە دژە تانک و ئۆتۆمبێلی هەمەر ناسراون.

ئەو ناوچانەی پێشمەرگە لە دەست چەکدارانی داعشی سەند بووەوە، نزیکەی ٣٠ کیلۆمەتر لە شـــاری موســـڵەوە دووربوون و نزیکی دوو مانگ ئەو ناوچانە لەژێر دەسەڵاتی داعش بوون. شـــەڕی خازر و گوندی حەسەن شام بۆ هێزەکانی پێشمەرگە شەڕی یەکلاکەرەوە بوو، ئەوان توانییان بە زیانێکی کەم، کە باس لەگیان لەدەستدانی تەنها یەک پێشمەرگە دەکرا، ناوچەکە کۆنترۆڵ بکەنەوە.

هەرچەندە چەکدارانی داعش پردی ناوەندی گوندی حەسەن شامیان تەقاندبۆوە، بۆ ئەوەی پێشـــمەرگە پێشڕەوی نەکەن، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک پێشمەرگە هەوڵی چاککردنەوەی پردەکەی دا کە لێیینووسرابوو توانای هەڵگرتنی ٤٠ تەنی هەیە.

لەهەمان ڕۆژی ئۆپەراسیۆنی هێزەکانی پێشمەرگە لەمیحوەری خازر ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمـــی کوردســـتان، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، لەبەیاننامەکـــە رایگەیاند بوو "گەورە تیرۆریست (ئەبو عەبدوڵڵا) بەرپرسی سەربازیی ویلایەتی موسڵ لەناوچەی خازر کوژراوە".

تیرۆریست ئەبو عەبدوڵڵا ناوی تەواوی (یاسین عەلی سلێمان شلاش)ە و خەلکی موسڵ-ە، لە دایکبووی ١٩٧٤ دەرچووی کۆلێجی ئاداب بەشی عەرەبی بووە، بۆ ماوەیەک مامۆستا بووە، ناوبراو لە٢٠٠٣ پەیوەندی بە ڕێکخراوی تیرۆریستی تەوحید و جیهاد کردبوو لەنێو ئەوانیش نازناوی حەجی تارقی هەبوو.

بەپێی بەیاننامەکەی ئەنجومەنی ئاسایشـــی هەرێم، لەساڵی ٢٠٠٦ ناوبراو بەیعەتی داوەتە ڕێکخـــروای قاعیدەو کەســـێکی نزیکی زەرقاوی بوو و بە ئەبوو ســـومەیە دەناســـرا، لە ساڵی ٢٠٠٧ ئەم تیرۆریســـتە سەرپەرشت و پیلاندانەری سەرەکیی تەقینەوەی ڕێکەوتی ٩.٥.٢٠٠٧ی بەردەم وەزارەتی ناوخۆ بوو لە شاری هەولێر، هەروەها لەساڵی ٢٠١٠ ناوبراو لە لایەن هێزەکانی ئەمەریکا دەســـتگیر کراوەو دواتریش رادەستی لایەنی عێراقی کراوە، دوای ئەوەش بە هەتاهەتایی حوکم دراوەو ڕەوانەی زیندانی ئەبو غرێب کراوە.

لە ســاڵی ٢٠١٣ کاتێک زیندانی ئەبو غرێب شکێندرا، لەگەڵ ژمارەیەک تیرۆریست بەرەو سوریا ڕایان کرد و لە هەمان ساڵ پەیوەندی بە داعش کردوە لە ناو ئەم گروپەدا بە ئەبو عەبدوڵا ناسرا.

دواتر ئەبو عەبدوڵا، بووە بەرپرســی گشتیی سەربازیی ویلایەتی نەینەوا، لەچەند مانگی رابردوودا سەرپەرشــتی هەموو کردارە ســەربازییەکانی سنوری نەینەوای دەکرد، ناوبراو بەرپرسی یەکەمی کرداری رفاندنی ئافرەتانی کوردی ئێزدی و شوێن بزرکردنیان بووە.

لەکۆتای بەیاننامەکەدا ئەوەش خراوەتە ڕوو کە ئەو تیرۆریســتە "لەکاتی ئۆپەراســیۆنی ئازادکردنی حەســەن شــام و دەوروبەری کە بە هەماهەنگیی هێزی پێشــمەرگە و هێزی ئاســمانی ئەمریکا ئەنجامدرا لەگەڵ ژمارەیەک تیرۆریستی تری هاوڕێی کوژراو بە سزای خۆی گەیشت".

خازر، ناوچەیەکی گرنگە بۆ هێزەکانی پێشمەرگەو بۆ چەکدارانی داعش، چونکە دەروازەیە بۆ چونە ناو شــاری موسڵ، هەروەها هاوسنوری پارێزگای هەولێرە، بۆیە هەر زوو کورد هەوڵی کۆنترۆڵکردنەوەی دا داعش شــەڕێکی ســەختی لەو ناوچەیە کرد تەنانەت دوای پێشــڕەوی هێزەکانی پێشــمەرگەش بۆ دەرەوەی ناوچەی حەسەن شام و ئەو بەری ئاو هێزەکانی پێشــمەرگە بەدووری ١٥ کیلۆمەتر لە شــاری موســڵ لەنگەریان گرت و هیچ پێشڕەویەکیان نەکرد، کەچی بەردەوام چەکدارانی داعش هێرشیان دەکردە سەر هێزەکانی پێشمەرگەو زیانی گیانیشی لێدەکەوتەوە.

لەڕۆژانی دوای ئۆپەراســیۆنەکە، چەکدارانی داعش هێرشــیان کردبووە ســەرهێزەکانی پێشمەرگە، بەیانی زووەکەی گەیشتمە سەنگەرەکان لەکەش و هەوایەکی سارد دا هێزەکانی پێشمەرگە لەچوار لاوە سەنگەرەکانیان بەساترە خۆڵ و خەندەق پاراست بوو.

چەکدارانی داعش-یش لەناو کارگەیەکی کاشی بوون لەنزیک گوندی حەسەن شام، شوێنی حەوانەوەو پشوو شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ پێشمەرگە نەدەکرد، بەڵکو ماوە ماوە ئامادەکاریەکیان دەکرد و بە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو و کەسانی خۆکوژ هێریشان دەهێنایە ســەر پێشمەرگە، بەڵام ئەنجامی هێرشەکانیش لە شــێوەی یەک بوون، بەزیانی زیاتری چەکدرانی داعش دەشــکایەوە، چونکە پێشمەرگە ســەنگەرەکانی خۆی توندوتۆڵکردبوو چەکی نوێیان پێشگەیشــتبوو لەکاتی ڕوودانی شــەڕیش فرۆکەی سەربازی بەهانایانەوە دەهاتن.

لەسەرەتای شوباتی ٢٠١٥ چەکی ئیتاڵی میلان لەجۆری (٨٠ و ٦٠)ی دژە تانکی ئیتاڵی، گەیشــتە میحوەری خازر چەند ڕۆژێک بوو هێزەکانی پێشمەرگەش دەستیان بە ڕاهێنان لە ســەر ئەو جۆرە چەکانە دەکرد بۆ ئەوەی بەباشی سوودی لێوەربگرن، هاتنی چەکی نوێ بۆ هێزەکانی پێشمەرگە سەرکەوتنەکانی ئەم هێزەی بەسەر چەکدارانی داعشدا زیاتر مسۆگەر دەکرد.

یەکێک لەو چەکانە چەکی "میلان" بوو کە لەنێو خەڵک بە (میلانۆ) ناو دەبرا، ئەو چەکە دژە تانک و ئۆتۆمبێلی درع بوو هەوڵ و هێرشـــی دوژمنی بە ئاسانی پوچەڵ دەکردەوە، چەکدارانی داعش لەجیاتی شـــەڕی رووبەڕبوونەوە سودیان لە ئۆتۆمبیلّی بۆمبڕێژ و درع وەردەگرت ئەمەش بۆ پێشـــمەرگە قورس بوو رێگری بکات، چەندین پێشـــمەرگە بەهۆی ئۆتۆمبێلی خۆکوژ ببوونە قوربانی و نەیاندەتوانی ئەو ئۆتۆمبێلانەی داعش تێکبشکێنن، چونکە چەکی پێشمەرگە کۆن بوون.

بەڵام دوای هاتنی چەکی دژە تانگ و ئۆتۆمبێلی گوللە نەبڕ پێشمەرگە سەرکەوتنی تۆمار دەکرد تازە شـــەڕی داعش و پێشـــمەرگە لەناحیەی گوێر سەری هەڵدابوو، ئەو ئێوارەیە تا درەنگ لەگەڵ هێزەکانی پێشـــمەرگە بووم لە بەرزاییەکانی گوندی زمارە ئۆتۆمبێلی چەکدارانی داعش کەچەکی دۆشـــکەی لەسەر بوو بە ئاسانی هاتووچۆی دەکرد و تەقەی لە هێزەکانی پێشـــمەرگە دەکرد، بەڵام پێشمەرگە تەنیا چەکی بیکەیسی و دۆشکەی ١٢ ملیمیان لابوو هەرچۆنێک وەڵامی داعشـــیان دەدایەوە بێ سود بوو، چونکە چەکەکانیان کاریگەر نەبوو، بەڵام ئەگەر بهاتبوایە چەکی "میلانۆ"یان هەبوایە چەکدارانی داعش هەروا بەئاسانی نەدەبوونە مەترسی بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە.

لەهێرشی بەرەبەیانی رۆژی هەینی ٣٠ی کانوونی دووەم رۆژی هێرشی داعش بوو بۆسەر پێشـــمەرگە، کە زیاتر لە پێنج میحوەر هێرشیان کردبووە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە ئەم قۆناغی جەنگە وەها لێک دەدرایەوە، کە داعش دەیەوێ وەڵامی هێرەشەکانی پێشتری پێشمەرگە بداتەوە.

لەهێرشەکانی میحوەری خازر و حەسەن شام، چەکدارانی داعش بە سێ ئۆتۆمبێلی "هامەر، شۆفڵ، فۆرد" لەسەرجادەی سەرەکی مووسڵ بۆ هەولێر بەرەو سەنگەرەکانی پێشمەرگە هاتبوون، شـــۆفڵەکە بۆ پاکردنەوەی رێگاکە هاتبوو ئۆتۆمبێلە فۆردەکەش لە پشـــتەوە دۆشکەی بەسەرەوە بوو هامەرەکەش بۆمبڕێژکرابوو دوای تەقەیەکی زۆر و رووبەڕبوونەوە، هێزەکانی پێشمەرگە بە چەکی "میلانۆ" هەرسی ئۆتۆمبێلەکەیان کردە ئامانج.

یەکێک لەو پێشـــمەرگەکان کە ئەلمانی-یەکان راهێنانی پێکردبوو لەسەر چەکی "میلانۆ" پێی وتم: "ئەگەر چەکـــی میلانۆو فرۆکە نەبوایە، ئەوا داعش دەیتوانی نزیکی هێزەکانی پێشمەرگە ببێتەوە، چونکە چەکی بیکەسی و کەلاشینکۆف و تەنانەت دۆشکەش کاریگەری وای نابێت و بە ئاسانی هێرشی وا تێک ناشکێنێت، بەڵام چەکی "میلانۆ" لە شوێنی خۆی سەدا هەشتا ئامانج دەپێکێت".

بەشـــی زۆری گوندی حەسەن شام، پێشـــمەرگەی تێدا جێگیربوو، وەک سوپای چواری زێرەڤانی، کە دانیشتووی سلێمانی و هەڵەبجەو شارەزوو و کەرکووک بوون، شارەزاییەکی زۆری ناوچەکـــە بـــوون، چونکە لەدوای ٢٠٠٣ رووخانی رژێمی بەعس لە عێراق، کورد لەو ناوچەیە جێگربوون، کە بەشێکیشە لەناوچەی جێناکۆک بەپێی ماددەی ١٤٠ دانیشتوانەکەی

تێکەڵن لە کورد و عەرەب.
داعش هەوڵی زۆری دا لەدەرگای خازرەوە بەرەو هەولێر پێشـــڕەوی بکات و چەندین جار هێرشی کردە سەرهێزەکانی پێشمەرگە، بەڵام بەهۆی جێگیربوون و دیواربەندی هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرزایەکانی حەسەن شام و ناوچەکانی تری خازر ڕێگری کرا لە پێشڕەوی چەکدارانی داعش ئەوانیش ناچار بە پاشەکشە کردن دەبوون.
مەحمود گردی شـــەریفی، فەرماندە لە ســـوپای چواری زێرەڤانی بە پلەی عەمید دەڵێت "داعش بۆیە زوو زوو لە خارزو حەســـەن شامەوە هێرش دەکات، دەیەوێ لەم ناوچەیەوە باڵادەست بێت، چونکە شوێنێکی ستراتیژەو ئەگەر ئەوان بێنە حەسەن شام و بەرزاییەکانی خازر، ئەوا ئاسانتر دەتوانن ئامانجەکانیان بپێکن، ئەگەر بە چەکی دوور مەوداش بێت".
لە دوای هاتنی چەکدارانی داعش بۆ سنووری پارێزگای نەینەوا داعش دووجار بە ڕۆکیەت و مووشەک قەزای خەباتی کردە ئامانج جاری یەکەم هیچ زیانێکی گیانی لێ نەکەوتەوە، بەڵام جاری دووەم منداڵێک بووە قوربانی، هەڵدانی ئەم مووشەکانەش بەرپرسانی کوردی ناچار کرد بیر لەوە بکەنەوە، بەهەرشێوەیەک بووبێت، نابێت دەرفەت بەچەکدارانی داعش بدرێت، لەناوچەکە نزیک ببنەوەو ببنە هۆی مەترسی لەسەر ئاسایشی پارێزگای هەولێر.
هەر لەسەرەتای دروستبوونی شەڕی داعش و پێشمەرگە ترسی بەرپرسانی پارێزگای هەولێر و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فڕۆکەخانەی هەولێر بوو، چونکە ئەگەر هەر حاڵەتێکی نەخوازراوی وەک پێکانی فڕۆکە، یان پێکانی فرۆکەخانەکە لەلایەن چەکدارانی داعشـــەوە ئـــەوە زیانی زۆری دەگەیاند بە ئاسایشـــی فڕۆکەخانە، هەروەهـــا لەڕێگای فڕۆکەخانەی هەولێرەوە هاوکاریی سەربازیی وڵاتان دەگەینرایە هێزەکانی پێشمەرگە.
جگە لەوەش شـــەڕی داعش وایکرد تا مانگی ئایار بەهۆی شـــەڕی هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ داعش  چەندین گەورە بەرپرسی سەربازی و سیاسی و دیبلۆماسی وڵاتان لە ئاستی سەرۆکوەزیران، ســـەرۆکی ئەرکان، وەزیرانی دەرەوە، ناوخۆ، بەرگری، دەیان ڕاوێژکاری ســـەربازی لە وڵاتانی ئەمریـــکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەرەنســـا، کەنەدا، چیک، تورکیا، ئیتاڵیا، ئێران، هتد کە لە بەرەی دژی داعش هاوکاری سەربازی و سیاسیان گەیاندوەتە هەرێمی کوردستان، ئەمەش لە دەرگای فڕۆکەخانەوە دەهاتن، ئەگەر ئەم دەرگایە مەترسی ئاسایشـــی بۆ درووست بوایە بێگومان ئاســـان نەبوو وڵاتانی بیانی وەها بە ئاسانی بێنە پایتەختی هەرێمی کوردستان و هاوکاریە سەربازیەکانیان بگەینن بە هێزی پێشمەرگە.

# گوێڕ شکست و سەرکەوتنی پێشمەرگەو داعشی دیاریکرد

کات بەرەو ئێوارە دەڕۆیشت، کەش وەهاش تاڕادەیەک گەرم بوو لەگەڵ حەمیدی هاورێم بەرەو ناحیەی گوێڕ بەڕێکەوتین، بەڵام بەهۆی نا شـــارەزایی و ترس لەڕەوشی ئاسایشی ناوچەکە زیاتر لەچوار جار پرسیارمان کرد تاکو گەیشتینە سەنتەری ناحیەی گوێر.
گوێڕ هاوســـنوری شـــاری هەولێرو قەزای مەخمورە، لەڕووی ئیداریەوە سەربەو قەزایە و کەوتۆتە باشوری شاری موسڵ، ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە٥٠ هەزار کەس دەبێت و بەشی زۆری کوردن و بەشێکیش تێیدا عەرەبن.
شـــەڕی داعش بەرامبەر پێشـــمەرگە لە ٦ی ئابی ٢٠١٤ لەگوندی کشاف دەستی پێکرد نزیکەی ١٠ کیلۆمەتر لەســـەنتەری شارەوە دوورە، بەر لەوەش چەند جارێکی تر تەقە لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو چەکدارانی داعشدا روویدابوو، کە هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەکی نوێ و ئوتومبێلی ســـەربازی چەکدارانی داعش، کە لەکاتی داگیرکردنی موسڵ دەستیان بەسەردا گرت بوو بەو هۆیەشەوە توانیبویان لەسەر چەند تەپۆلکەو بەرزاییەک زاڵبن بەسەر هێزەکانی پێشمەرگە.
ڕۆژی ٦ی ئاب، کە گەیشتینە ناو ناحیەکە دانیشتوانەکەی چۆڵیان کردبوو پێشمەرگەیەکی زۆر دەبینرا پرســـیاری شوێنی شەڕمان کرد، بەڵام بەلایانەوە سەیر بوو ئێمە بێ چەک و بەئۆتۆمبێلی مەدەنی دەچینە ئەو شوێنە، پێمان وتن: "رۆژنامەنووسین".
گوێڕ ناوچەیەکی بەپیتە بۆ کشـــتوکاڵ زۆربەی دانیشتوانەکەشی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەکەن، هەرچەندە لەدوای رووخانی رژێمی بەعس لەلایەن هاوپەیمانانەوە ئیدارەی ناوچەکە کەوتوەتە دەست کورد، بەڵام لەڕووی ئیداریەوە سەربە پارێزگای نەینەوایە.
لەگەڵ دروستبوونی شەڕی داعش بەرپرسەکانی وەک بەڕێوەبەری ناحیەو شارەوانی و ئاو کارەبا لەگەڵ هاوڵاتییان شـــارەکەیان جێهێشـــتبوو ئەوەی مابۆوە چەند هاوڵاتیەک بوون ئەوانیش لەنزیک هێزەکانی پێشمەرگە دەبینران.
نزیکەی ســـێ رۆژ شـــەڕ لە خوارووی ناحیەی گوێڕ شەڕ بەردەوام بوو دواجار وەکو چۆن پێشـــمەرگە بە بڕیاری ســـەرکردایەتی کورد پاکشەی کرد بۆ ناوچەکانی نزیک لە هەولێر بەهەمان شێوەش لە میحوەری گوێڕ پێشمەرگە پاشەکشەی کرد.
لەسەرەتای دروستبوونی شەڕەکەشدا زوو بڕیارمدا لەم سنوورە قسە لەسەر مەرگ و نهێنی ژیانی پشمەرگەی شەهید و بریندار ناکەم و بۆ راگەیاندیش بڵاوی ناکەمەوە، چونکە بڕوام وابوو ئەو جەنگەی رووبەڕووی کورد بوویتەوە شەڕی تاریکیە لەگەڵ رووناکی شەڕی کۆنە پەرەســـتیە بەرامبەر شارســـتانی ئەمڕۆ کە هێزێکی وەکو داعش دەیەوێت بە زۆر خۆی بسەپێنێت، هیچ ئایندەیەکی باش و رووناکی لێ چاوەڕێ ناکرێت.
لەم شەڕەدا ئەوەی بۆ من و خەڵکیش روون وئاشکرابوو کوڕی فەقیرە شەڕی دەکرد، بەڵام

خاوەن مەرزەعەو بالەخانە و ڤێلاکان هەموویان رایانکرد بوو.
لەسەر ڕێگای گوێڕ هەولێر خانوێکی تازە زۆر دروستکراون، بەڵام خاوەنەکانیان جێیان هێشتبوون، تەنانەت لەناو شەڕیشدا پێشمەرگەکان رەخنەی ئەوەیان هەبوو کوڕی بەرپرسەکان کەمتر لە پێشەوەن ئەوانەی لەبەرەی پێشەوە شەڕ دەکەن هەموویان کوڕی هەژارو بێ دەسەڵاتەکانن ئەوان دەشیانوت "کوڕی هەژارو بێ دەسەڵات و زەحمەتکێش شەڕ دەکات و دەخرێنە بەرەی پێشەوەی شەڕەکان، بەڵام کوڕی بەرپرس و کەسانی دەست ڕۆیشتوو ناخرێنە پێشەوە بۆ ئەوەی جیاوازی خوێنی ئێمەو ئەوان نەبێت لەکاتی شەڕکردندا".
سەرەتای ڕۆژەکانی شەڕی نێوان پێشمەرگەو داعش بوو ئێوارەیەک تا درەنگانێ لەدەرەوەی گوێر مابووینەوە، کە ناوچەکە بەتەواوی لە رۆژئاواوە دەریاچەیەو سنووری گوێر و ناوچەکانی تری سەر بە پارێزگای نەینەوا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەڵام بەشی زۆری پێشمەرگەکان توڕەو نا ئارام بوون، هۆکارەکەی ئەوەبوو ماندووبوونێکی زۆریان پێوە دیار بوو، هەروەها کێشەی پێداویستی سەربازی و خۆراک و ئاویشیان هەبوو، چونکە کێشەی پێشمەرگە ئەوە بوو پێداویستیەکانیان بۆ تەرخان نەکرابوو ئەوەش بووبوە هۆی ئەوەی ئەوان بێهیوابن هەر کەسێکیانت دەدواند رەخنەیان لە بەرپرسان دەگرت، لەگوندی زمارەی گەورە پێشمەرگەیەک دەیوت: لەبارەگا پێنج هەزار فیشەکی بیکەسیان داوە پێم پێیانوتووم دەبێ ئاگاداری فیشەکەکان بیت لە تەقاندنیان، چونکە فیشەک کەمە.
بەرەبەیانی رۆژی یەک شەممە فرۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانان دوای زیاتر لە ٤٨ کاتژمێر بەسەر مانەوەی داعش لە گوێڕو لەپاڵ ئەو هێرشەی بۆسەر قەزای مەخمور دەستیان پێکرد بوو بەهەمان شێوەش هێرشی ئاسمانیان کردە سەر ناحیەی گوێڕ و چەند شوێنێکی مانەوەی چەکدارانی داعشیان کردە ئامانج دواتر هێزەکانی پێشمەرگە پێش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ چوونە ناو ناحیەکەوە.
شەوێک پێش بۆردومانی هێزەکانی هاوپەیمانان لەگەڵ هەردوو هاوپیشەم هێمن بابان و عەلی شێخۆ کە رۆژنامەنووسێکی خەڵکی رۆژئاوای کوردستانە چووینە هێڵی کۆتایی هێزەکانی پێشمەرگە لەوێ چاومان بە فەرماندەیەکی هێزەکانی پێشمەرگە کەوت بەناوی تاهیر عەبدوڵا،هەڵە نەبم بە تاهیرە سوریش بەناو بانگە ئەو خۆشی بەرپرسێکی باڵا بوو لە ئاسایشی پ.د.ک.
لەبەرئەوەی گوێر نزیکە لەپایتەختی هەرێمی کوردستان و فرۆکەخانە، ئەگەر چەکدارانی داعش لەوێ ناحیە بن ئەوا مەترسی بۆ سەر ئاسایشی هەولێر دروستکرد، بۆیە ئیدارەی هەولێر زۆر بە وردیەوە لە دۆخی گوێڕی دەڕوانی.
هەر ئەو شەوە پێشمەرگەیەک باسی ئەوەی دەکرد پیاوێک بەماتۆڕێکەوە لە گوێڕەوە بەرەو هەولێر هاتووە، لە بازگەی هێزەکانی پێشمەرگە رایانگرتوە، دوای لێکۆڵینەوەو لێ

وردبوونەوە، ئەو کەســـە ویستویەتی زانیاری لەبارەی پێشمەرگەو دووری نێوان هەولێر و گوێر کۆبکاتەوە بۆ چەکدارانی داعش ئەمەش زیاتر لەوەدا ئاشکرا بووە کە ماتۆرسکیلەکە ئامێرێکی کیلۆمەتری بەستووە.

کاتژمێر یەکی نیوەڕۆی ڕۆژی یەک شەممە دوای بۆردومانی فرۆکە ئاسمانیەکان، پێشمەرگە گەڕایەوە ناحیەی گوێر ئەم جارەش ڕێکەوت وابوو لەگەڵ هێمن بابان و عەلی شێخۆ بووم. لەدەروازەکانـــی گوێر چەند ئۆتۆمبێلێـــک دەبینرا کە لەلایـــەن فڕۆکەکانی هاوپەیمانان پێکرابـــوون، لەســـەر ڕێگاکانیش ژمارەیەکی زۆریش لەهاوڵاتی خۆبەخش و پێشـــمەرگە دەبینران، کە چەپڵەو هۆڕێنی ئۆتۆمبێلیان لێ دەدا، بەشێک لەو خەڵکە دانیشتووی گوێڕ بوون، هەموویان لە هەولێرەوە گەڕابوونەوە، بەڵام کەسیان خێزان وماڵیان لەگەڵ نەبوو، تەنیا پیاوەکان گەڕابوونەوە.

لەنـــاو ناحیەی گوێر بوویـــن کات ٤ی ئێوارە بوو گوێت لەدەنگـــی تەقە دەبوو جار جار پێشـــمەرگەو خەڵکی خۆبەخش لەنێـــو گوێڕ بە کۆڵان و گەڕەکەکانـــدا دەگەڕان، چەند خانوویەکمان بەرچاو کەوت لەلایەن فڕۆکەکانەوە بۆردومان کرابوون و هەموو لەگەڵ زەوی ببوون بەیەک و سوتا بوون.

ئەوەی لەگوێڕ بەرچاوم کەوت و لەنزیکەوە لەگەڵ چەند هاوڵاتی و ژمارەیەک پێشـــمەرگە قســـەمان کرد چـــوار ئۆتۆمبێل لەلایەن فڕۆکەوە لێی درابـــوو، هەروەها چەند گەڕەکێک گەڕاین سێ خانووی گەورە لەلایەن فرۆکەکانەوە کرابوونە ئامانج و چەند دوکان و بازارێک تاڵانکرابوو خاوەنی دوکانێک پێیوتم بای ١٣ ملیۆن دینار کەلوپەلی هەبووە، کەچی تاڵان کراوە. ئەو داعشی لەسەر ئەو کارە تۆمەتبار دەکرد.

هەروەها لە چەند شوێنێک چەکدارانی داعش ئاڵای ڕەش و تابلۆیان هەڵواسی بوو بەوتەی پێشـــمەرگەکان لەو شەڕەدا داعش کوژراو دەســـتگیرکراویان هەبووە تا کاتژمێر ٧ و ٣٠ خولەک لەوێ بووین دواتر گەڕاینەوە بۆ هەولێر ئەو ناحیە ٣٥ کیلۆمەتر لە هەولێر دوورەو پێشتر ١٣ کیلۆمەتری لەدەست داعش بوو.

دوای کۆنترۆڵکردنـــەوەی گوێڕ ئێوارەی ڕۆژی ١٠ی ئابی ٢٠١٠ لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هەڵگورد حیکمەت، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگە دوازانیاری سەبارەت بە شەڕەکانی هێزی پێشمەرگە لەسەرجەم بەرەکان خستە ڕوو ئەو وتی:"ئەمڕۆ لە گوێڕ ٢٤ تیرۆریستی داعش کوژراون و ١٨ برینداریشیان هەبووە، لەنێو کوژراوەکانیش سەرکردەیەک هەیە بە ناوی (ئەبو موسلیم تورکی) کە باڵابەرزێکی سوورکەڵانە بووە".

بەڵام بەپێی بەدواداچوونەکانم و ئەو زانیاریانەی لەنێوهێزەکانی پێشمەرگە دەستم کەوت ژمارەی کوژراوانی چەکدارانی نەگەیشتبوونە (١٠) چەکدار بەگشی ژمارەی هێزەکانی داعش لە گوێڕ لەنێوان (١٠٠ بۆ ١٥٠) چەکدار بوون، لە بەرامبەردا هێزەکانی پێشمەرگە زیاتر لە سێ هەزار دەبوون، جۆری چەک و پێداویستییە سەربازییەکانیش لەگەڵ چەکدارانی داعش

لەسەرەتای شەڕ تا کۆنترۆڵکردنی شارەکە وەک یەک بووە.
ناحیەی گوێر هاوشێوەی شارۆچکەی مەخموور کۆنترۆڵ نەکردنەوەی بەشێک لە گوندەکانی هاوسنوری ئاو کێشەی بۆ هێزی پێشمەرگە دروستکردبوو، چونکە چەکدارەکان بەئاسانی هاتووچۆیان دەکرد لە ناوچەکانی نزیک موسڵ و ناحیەی گەیارەو کەرەستەی سەربازی و هێزیشیان هاتووچۆ پێدەکرد.
شـــەڕی گوێڕ زۆر درێژەی کێشـــا چەندین جار بۆ دیدار و راپۆرتی رۆژنامەوانی رووم لەم ســـنووره کرد رۆژی (١١, ٩, ٢٠١٤) چوومە گوێر پێشـــمەرگە زۆر جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە داعش پاشەکشەی کردوە منیش لەزاری پێشمەرگەوە راپۆرتێکم نووسی "داعش لە بەرگریەوە بۆ پاشەکشە".
رۆژی ٢٣ی ئۆگەستی (٢٠١٤) چوومەوە گوێر لەنزیکەوە سەردانی هێزەکانی پێشمەرگەم کرد ئەوان لە گوندەکانی هاوســـنووری زمارەی گەورەو کوشـــاف و سەیاف شەڕیان کرد بوو لە بەرامبەر چەکدارانی داعش تەنانەت گوندی زمارەشیان لەدەست داعش وەرگرتبوو، بەڵام لەهەمان رۆژدا پاشە کشەیان کردبۆوە.
جگە لەو ســـەردانانەم بۆ گوێر دواتر چەند جارێکی تر ناو بەناو ســـەردانی ئەو دەڤەرەم دەکرد بۆ ئەوەی لەنزیکەوە گوێبیستی قسەی هێزەکانی پێشمەرگە بم و باشتر لەگەیاندنی زانیاریەکانی بەرەی شەڕ دڵنیا ببینەوە.
ناحیەی گوێر هەمیشـــە ترســـی هەبوو کە داعش جارێکی تر هێرشـــی بکاتەوە سەر بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بکا یەکێک لەو هۆیانەش ئەوەبوو گوێر شـــوێنیکی ستراتیژیە و نزیکە لەهەولێر، نێوانی داعش و پێشمەرگەش ئاوێک بوو، هەر ئەوەش وایکرد بوو پێشمەرگەو یەکەی ئیداریی هەولێر مەترسی زیاتریان هەبێت لەدزەکردنی داعش بەنێو ئاو لەم بەرەوە بپەڕنەوە و زیان بگەینن.
بەڵام ئەوەی بەبیری داعش و بەشێک لە خەڵکی ناوچەکەدا دەهات، بەخەیاڵی بەرپرسانی ســـەربازی کورد نەهات بێت تا ســـەرئەنجام شـــەوی ٢٠١٥ ,١ ,١٠ چەکدارانی داعش ویستیان خەونەکەیان بهێننە دی و بەڕێگای ئاو لە دەریاچەکەوە دزەیان کردە ئەم بەر و توانیان خۆیان بگەیەننە سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەسەنتەری گوێڕ، چونکە لەم ناوچەیە تەنها ئاو داعش و پێشـــمەرگەی لەیەکتر جیا دەکردەوە، داعش لەرۆژئاوایی گوێر بوون و پێشمەرگەش لەبەرامبەریان بوو.
ئەو رووداوەش لەنێو هێزەکانی پێشمەرگەو هاولاتییانی کوردستان وەکو رووداوی شنگال زۆرترین قسەو باسی لەسەر کرا، چونکە زیانی هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش وەک باسکرا لە ١٠٠ چەکدار زیاتر بووە.
لەوکاتەدا پۆستێکی کورتم لە فەیسبووک نووسی و وێنەی شوێنی دزەکردنی چەکدارانی داعشـــم بڵاوکردووە وتم "دوێنی هەیینی درەنگانی شـــەو داعش توانی بێتە ناو سەنتەری

ناحیەی گوێر، بێگومان هۆکارەکەی ئەوەیە تا ئێستا پێشمەرگە سنوری ئەو بەری ئاوی کۆنترۆڵ نەکردوە.

کە لەهەولێرەوە دەچیتە گوێر لەناوەندی ناحیەکە بەئاراستەی راست پردێک هەیە داعش لەو بەرن، بەڵام لەنێوان پێشمەرگەو داعش پردەکە تەقێنراوەتەوە، لەسەنتەری گوێڕەوە داعش و پێشمەرگە چەند سەد مەترێک نێوانیانە، لەهێرشەکە گەیشتن بەسەنتەری ناحیەی گوێڕ.

هەرچەندە چەکدارەکانی داعش چەند جارێکی تر لەگوندەکانی سـەروی گوێڕ هێرشـی هێناوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، دوا رێگاشیان ئەوە بوو بە بەلەم هاتن و توانیان بگەن بەسەنتەری ناحیەکە و زەرەرو زیانێکی زۆرشیان بەپێشمەرگەو ئاسایش و خەڵکی سڤیل گەیاند.

بەپێی زانیاریەکان چەکدارانی داعش شـەوێک لەسـنوری رۆژهەڵاتـی گوێر مابوونەوە، بەڵام دوای شەڕێکی قورس داعش شکستی خواردو بەشوێنی خۆی هەڵهاتەوە، بەشێکی تریشیان شـەڕیان کردوە تا کوژراون، لەگەڵ ئەوەشدا پێشمەرگە زیانی زۆری بەرکەوت.

ئەم میحوەرە کە سـیروان بارزانی برازای مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرپەرشـتی دەکرد لەوکاتـەدا بارزانی رووبەڕووی رەخنەیەکـی زۆر بویەوە، کە گوایە سیروان بارزانی لەکاتی ئەو رووداوە لەوێ نەبووە , بەڵام ئەو رەتیکردەوەو هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندوە، کە داعش سـودیان لە خراپی کەشـوهەواو و تەکنیکی نوێ وەرگرت ئەویش رێگای ئاوی بووە.

لە دوای چەندین مانگ چەکدارانی داعش هەوڵی زۆریاندا زیان بە هێزەکانی پێشـمەرگە بگەیەنن دوای چەندین هێرش و پەلامار بۆ سەر بنکەی هێزەکانی پێشمەرگە لە ئەنجامدا پێشمەرگە گەیشتە ئەو بیرۆکەی کە دیوارێکی پۆڵاین لەنێوان خۆیان و داعش دروست بکەن ئەم دیوارەش بە لێدانی خەندەقە، هەروەها دانانی لوغم لەدەورووبەری ئەو سـەنگەرانەی کە هاوسێی چەکدارانی داعشن، لە هەمانکاتدا بەردەوام فرۆکە جەنگیەکانیش لەهاوکاری هێزەکانی پێشمەرگەدا بوون.

بەڵام بوونی ئەو دیوارە داعشی بەتەواوی رانەگرت ئەوان بەردەوام هەوڵی هێرشکردنیاندا بۆ سەر پێشمەرگە لە ناوچە عەرەب نشینەکاندا، ئەمجارەیان رێگایەکی تریان گرتە بەر بۆ ئەوەی کاتێک هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی پێشمەرگە ئامانجی خۆیان بپێکن.

پێشـتر چەکدارانی داعش پردی کەناش-یان تەقاندەوە، کە زێی گەورە و چەند گوندێکی سـنووری ناحیەی گوێڕ بەیەکەوە دەبەسـتێتەوەو بۆ جارێکی تریش لە ٢٠١٥ ,٣ ,١٤ لەرووی خۆیانەوە پردەکەیان تەقاندەوە.

بەگوتەی هێزەکانی پێشـمەرگە لەناحییەی گوێڕ چەکدارانی داعش نەهاتوونەتە سنووری هێزەکانی پێشـمەرگەوە، بەڵام بۆ تەقاندنەوەی ئەو بەشەی تری پردەکە بەرووی خۆیان

سوودیان لە خراپی کەشوهەوا وەرگرتوە.
هێزەکانی پێشمەرگە جەختیان لەسەر ئەوەش دەکردەوە، کە ئەمە سێیەمین جارە داعش ئەو پردە بتەقێنێتەوە.
وەک پێشمەرگەکان لەسنووری میحوەری گوێڕ باسیان کرد ئامانجی داعش لەتەقاندنەوەی بەشـــەکەی تری پردەکە ترسیان هەبووە لەدەســـتپێکردنی ئۆپەراسیۆن بۆ ئازادکردنی ناوچەکانی ژێر دەســـەڵاتی داعش بۆیە پردەکەیان تەقاندیتەوە تاکو بەربەســـت دروست بکەن.
بە بەردەوامی ناوە ناوە شەڕی هێزەکانی پێشمەرگەو چەکدارانی داعش هەیە، بەڵام شەڕەکە پێچەوانە بۆتەوە، داعش زیاتر هێرش دەکات بۆ ســـەر پێشـــمەرگە نەک بەپێچەوانەوە، بەتایبەتی لەساڵی نوێ بەدواوە.
ڕۆژی ســـێ شـــەممە ٥, ٥, ٢٠١٥ کاتژمێر ١٠:٣٠ هێزەکانی پێشـــمەرگەی کوردستان، لە گوندی "سێ چاڵ"ی سەر بە ناحیەی گوێر فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی چەکدارانی داعشیان خســـتە خوارەوە، ئاشـــکراکردنی ئەو فڕۆکەیە دوای ئەوە هات کە هێزەکانی پێشمەرگە هەســـتیان بەوەکردبوو  ئەو فڕۆکە هی هێزە هاوپەیمانەکان نییە دوای پەیوەندیکردن بە ناوەندی سەربازی لە هەولێر توانیان فڕۆکەکە بخەنە خوارەوە. ئەو جۆرە فڕۆکەیەش "بێ فڕۆکـــەوان" فڕۆکەی لەو جۆرە زیاتر بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکاردێت، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکەی داعش ڕەنگی سپی بوو وەک ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە ڕایانگەیاند چەکدارانی داعش کامێرایەکی چاودێریان پێوە بەستبوو بۆ ئەوەی شـــوێنی پێشمەرگەو دیمەنی ناوچەکە تۆمار بکات، بۆ ئەوەی بتوانن لەکاتی هێرشکردن بەئاسانی ئامانجەکانیان بپێکن.

## مەخمور چەقی ململانێی حزبی دوای کۆنترۆڵکردنەوەی

سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی هێزەکانی پێشمەرگەو چەکدارانی داعش لە سنووری قەزای مەخمور دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ئابی ٢٠١٤ کە ئەوکات بە لێدانی خەندەق لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە داعش شەڕی دەستپێکرد.

بەوتەی بەرپرسی هێزەکانی پێشمەرگە نەجات عەلی، کە دیدارێکم لەگەڵ سازکرد بۆ ئاژانسی ئانادۆل ئەنجامدا لەسنوری مەخمور لە ٥ی ئابی ٢٠١٤ کاتێ هێزەکانی پێشمەرگە لەگوندی دوگردکان، کە دەکەوێتە نزیک قەزای مەخمور سەرقاڵی لێدانی خەندەق بوون بۆ ئەوەی سنوری خۆیان بزانن و بتوانن ئاسایشی ناوچەکە بپارێزن، بەڵام لەلایەن چەکدارە عەرەبەکان و داعش هێرش کراوەتە سەر هێزەکانی پێشمەرگە ئەوەش دەستپێکی هەڵگیرسانی شەڕ بووە لەو میحوەرە.

ڕۆژی چوار شەممە ٦ی ئاب لەگەڵ حەمیدی هاوڕێم بۆ مەخمور بەڕێکەوتین، کە ئەو ڕۆژەش یەکەم ڕۆژمان بوو لەنزیکەوە گوێبیستی تەقەکردن و شەڕی نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو چەکدارانی داعش بین.

جەنگێک کە هیچ داهاتووی دیارنەبوو ململانێیەک لە ئەرزی واقیعدا کەم کەس هەبوو وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، کە ئەم جەنگە چەند ڕۆژ دەخایەنێ و کەی تەواو دەبێت، یان ئەم جەنگە پەرە دەستێنێت لەنێوان نەتەوەی کورد و عەرەب بەناوچەکە، چونکە قەزای مەخمووریش بەناوچەی جێناکۆک دادەنرێ و بەپێی دەستووری عێراقیش لەچوار چێوەی ماددەی ١٤٠ دایە، بەشێکی ناوچەکەش لە عەرەب پێکدێن، لە هەمانکاتدا مەخمور بەناوچەیەکی کوردستانی دادەنرێت.

پێش ئەوەی بچین بۆ نزیک سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەدەرەوەی مەخمور چوین بۆ لای هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش ئەوان هاوکارمان بوون و ئۆتۆمبێلێکی سەربازی لەجۆری تویوتا- میکزەمین، کە چەند چەکدارێکی تێدابوو پێیان وتین "شوێنمان بکەون، بەڵام با نێوانمان هەبێ و ئێوەش ئاگاداری خۆتان بن". بەڵام ئۆتۆمبێلەکەی ئێمە باش نەبوو بۆ بەرەکانی شەڕ و بەکەڵکی ئەو شوێنانە نەدەهات، لەگەڵئەوەشدا ناچار بووین و بەدوای ئەواندا ڕۆیشتین.

هۆکاری ئەوەی کە ئێمە بەو ئوتومبێلەوە بەشوێنیان کەوتین دەگەڕێتەوە بۆ:

یەکەم: پەیوەندی بەنەبوونی ئەزموونی خۆمانەوە هەبوو.

دووەم: کاربەدەستانی ئیداری لە ئانادۆڵ بیریان لەوە نەکردبووە، کە پێویستە ئەو پەیامنێرانەی دەچنە بەرەکانی شەڕ هەموو پێداویستی و کەرەستەیەکی خۆپاراستنیان پێبێت لەنزیک بەرەکانی جەنگ.

بەهەرحاڵ کە گەیشتنە هێڵی دووەمی سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەو ئاسایش و خەڵکی جۆراو جۆر لە خۆبەخش بەهەموو ڕەنگێکەوە لەوێ بوون،

خۆیـــان پڕچەک کردبوو ئامادەباش بوون، بۆ ئەگەری هەر ڕووداوێکی نەخوازراو بەدووری کیلۆ مەترێکیش لە پێشـــەوە دەنگی فیشەک دەبیسترا، هێزەکانی پێشمەرگە خەندەقیان لێ دابوو.
دوای گفتوگۆیەکم لەگەڵ نەجات عەلی فاتم بەرپرســـی هێزەکانی پێشمەرگە لە مەخمور، کە لەنێو کەپرێکی سەر بەرزایی بوو دەیڕوانییە شەڕی هێزەکانی پێشمەرگەو چەکدارانی داعش.

پاش نیو کاتژمێر مانەوە، لەگەڵ حەمید بیرمان لەوە کردەوە بچینە لای ئەو پێشمەرگانەی لەنێو ئۆتۆمبێلە هامەرەکاندا لەبەرەی پێشەوەی شەڕکردن بوون.
لە نزیکەوە گوێبیســـتی دەنگی فیشـــەک و چەکی قورس دەبووین، پێمانوابوو بەچاوی خۆمان دیمەنەکان ببینین باشترە لەوەی بەرپرسێک یان چەند کەسێک بۆمان بگێڕنەوە.
بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆمان بەخێرایەکی زۆر خۆمان گەیاندە هامەرەکانی پێشمەرگە کاتێک لەگەرمەی قســـە کردبووین، لەگەڵ پێشـــمەرگەکان، چەکدارانی داعش هێرشیان بۆ سەر پێشـــمەرگە زیاتر کرد بەتایبەتی بەچەکی قەنـــاس، هەروەها تا ئەو کاتەش لەوێ بووین چەند گوللە هاوەنێکیان گرتە هێزەکانی پێشـــمەرگە ئەوەش بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کردو بڵاوەی بە پێشمەرگەکانی پشتەوەش کرد، چونکە هاوەنەکان زیانیان زیاترە ئەگەر بێت و لە نزیک پێشمەرگەکەکان بکەونە خوارەوە و بە شوێنی ڕەقیدا بەرکەون.
بۆ گەڕانەوەمان من و حەمید لەلای هامەرەکانی پێشـــمەرگە بۆ هێڵی دووەمی هێزەکانی پێشمەرگە کە زۆرێک لە بەرپرسەکان و کەسانی خۆ بەخش لەوێ بوون، زۆر قورس بوو فیشـــەکی قەناسی چەکدارانی داعش مەترسی دروســـتکردبوو کە زیانمان پێ بگەیەنن، هەوڵی زۆرماندا تا گەڕاینەوە بۆ دواوە.
کات نزیک دەبۆوە لە ١٢ی پێشـــنیوەڕۆ لەبەر ئەوەی ڕەوشـــەکە لەنزیکەوە باش نەبوو هێزەکانی پێشـــمەرگە لەنێو ئۆتۆمبێلە هامەرەکاندابوون، ئەوەش قەڵغانێکی باش بوو بۆ پاراستنی گیانیان، چەکدارەکانیش بەردەوام تەقەیان دەکرد.
بەهەرحاڵ لەسەر جادەی خۆڵ بە خێرایەکی زۆر سەرمان نەوی کرد لەنێو ئۆتۆمبێلەکەو گەڕاینەوە بۆ هێڵی دواوەی ســـەنگەرەکانی پێشـــمەرگە ئەو کارەی ئێمە کردمان، کەس نەیکرد ئەوەم ناونا "سەرکێشـــی بۆ ناو شـــەڕ". چونکە نزیک بووینەوە لە مەترسیەکی گەورە ئەگەری هەمووشـــتێکمان چاوەڕێ دەکرد. متمانەش بە شوێنەکە نەبوو خۆ ئەگەر ئۆتۆمبێلێکی داعش بهاتبایە پێشـــمەرگە توانای گەڕاندنەوەی نەبوو بە ئاسانی دەیتوانی ئامانجی خۆی بپێکێت و ڕەنگە ئێمەش وەک پێشـــمەرگەکانی بەرەی پێشەوەی شەڕەکە بووباینە قوربانی، بەڵام ئەوە رووی نەدا.
لەدەوروبەری شارۆچکەی مەخمور شەڕ بەردەوام بوو ئەو چەند رۆژە پێشمەرگەش هێزی

زیاتری کۆدەکردەوە، کورد چاوەڕوانی ئەوە نەبوو شەڕەکە زوو کۆتایی بێت، کە گوزەرت بەناو شاری مەخموریش دەکرد خەڵێکی کەم بەرچاو دەکەوتن، دانیشتوانەکەی هەموویان بۆ ناوچە ئارامەکانی نزیک شاری هەولێر و دەوروبەری هەڵهاتبوون. ناوە ناوە بازگەیەکت دەبینی پێشـــمەرگەکان لە ئامادەباشـــیدا بوون، چونکە"داعش" ترســـی کرد بووە دڵی هەموویان بۆیە دەبوو بەوریایەوە پاسەوانی لە ناوچەکەیان بکەن.

دوای دوو ڕۆژ لە شـــەڕوو ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ چەکدارانی داعش لە شـــارۆچکەی مەخمور کەس نەیدەزانی بارودۆخەکە چی بەسەردێت، تەنانەت لە بەرپرسانی پێشمەرگەشت دەپرسی وەڵامێکی روون و باوەڕپێکراویان پێ نەبوو بۆ ناجێگری بارودۆخەکە، ئەوانیش تەنیا دەیان وت "پێشمەرگە ئیرادەی بەهێزی هەیەو دەتوانێت ڕووبەڕووی شەڕ و پەلاماری چەکدارانی داعش بووەستێتەوە".

ڕۆژانی ٧ و ٨ و ٩ی ئابی ٢٠١٤ لە شارۆچکەی مەخمور هێزەکانی پێشمەرگە لەو سنوورە کشـــانەوە بۆ ناوچەکانی دەوروبەری ناحیەی دیبەگە بەگشـــتی ئەوماوەی کە چەکدارانی داعش لەناو شارەکە مانەوە زیاتر لە ٤٨ سەعات بوو ئەوان لەناو شاری مەخمور مانەوە.

پێشـــتر چەکدارانی داعش بە شەڕ نەهاتنە شـــارەکەوە، بەڵکو هێزەکانی پێشمەرگە بە بڕیاری ســـەروی خۆیان کشـــانەوە، ئەو کشـــانەوەیەش وەک جۆرێک لە تەکتیک دادەنرا بەشـــێکیش پێیانوابوو پەیوەندی بەوەیـــە کورد لە تەواوی ئەو ناوچانـــە بەردەوامن لە کشانەوە کە ناوچەکە.

یەکەم: بەجێناکۆک دادەنرێت.

دووەم: ســـنووری دەســـەڵاتەکانی حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پێش ٢٠٠٣ی حکوومەتی عێراق.

ئەو ئێوارەی هێزەکانی پێشـــمەرگە کشانەوە لەهەولێر بووم هەواڵی دەست بەسەرکردنی حەمید و مستەفام پێگەیشت کە هەردووکیان بۆ ئانادۆڵ کاریان دەکرد. لەکاتی وێنەگرتنی پێشمەرگەو چەکدارانی پەکەکە لەلایەن ئاسایشی دیبەگە دەسبەسەر کرابوون.

وردەکاری ڕووداوەکە بەوشێوەیە بوو لەکاتی پاشەکشەی پێشمەرگە، کە چەند گەریلایەکی پەکەکە-شیان لەگەڵ بوو حەمید وێنەی پێشمەرگەکانی گرتبوو ئەوانیش کامێراکانیان لێ سەندبوون.

لەکاتی چوونمان بۆ سەر ڕێگای مەخمور لەگەڵ هێمن بابان و فەریق هەڵەبجەیی بووم کە گەیشتینە بازگەی زەرگەسۆر لەوێ پێش ئەوەی لە هێمن و ئەوان جیا ببمەوە، گەیشتمە مســـتەفاو حەمید دواتر لەگەڵ دوو چەکداری ئاسایش ڕۆیشتین بۆ لای بەرپرسی بنکەی ئاسایشی دیبەگە نزیکەی (١٠) کیلۆ مەترێک لە بازگەکە دوور بوو.

تـــا درەنگانی ئێوارە هێزەکانی پێشـــمەرگەو چەکدارانی پەکەکـــەش لەناحیەی دیبەگە دەکشانەوە، ئێمەش سەرقاڵ بووین بەخۆمانەوە، کە چاومان بە بەرپرسی بنکەی ئاسایشی

دیبەگە کەوت ئاسایشـــەکان بە "گەورەم" بانگیان دەکرد کابرا ئێمەی بینی تۆزێک تووڕە بوو داوای ناســـنامەی ڕۆژنامەنووســـی کرد ئێمەش پێماندا کەزانی بەئینگلیزی و تورکی نووسراوە هێندەی تر تورە بوو پێیوابوو دەبوایە بە کوردیش بنووسرێت.
لەکاتی قسەکردندا بوو چەکدارێک بە پەلە خۆی کرد بەژوورەکەیدا وتی: "گەورەم" خشە خش دێت لەپشـــتەوە؟ کابرای بەڕێوەبەریش بەدەنگی بەرز هاواریکرد "بیکەســـیەکە ببە سەربان و شریتێک فیشـــەکی پێوە بنێ". پێشمەرگەکان تەقەیان نەکرد، چونکە داعش لەو سنوورە نەبوو راستە دیبەگە هەمووی هەڵهاتبوو، بەڵام داعش هێزێکی وای نەبوو کە بتوانێت بەدوای هێزەکانی پێشمەرگە بکەوێت.
تا کاتژمێر ٨-ی ئێوارە لە دیبەگە بووین، چەکدارەکان لێی دەکشـــانەوەهو پاشەکشـــەیان دەکرد بۆ بازگەی زەرگەسۆر، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگ بوو بەڕێوەبەری بنکەی ئاسایش کامێراکانی بۆ هاورێکانم گەڕانەوە و ئێمەش بەو درەنگانێ بەنێو ســـەدان پێشـــمەرگەو هاوڵاتی خۆبەخش و گەریلا گەڕاینەوە بۆ سنووری شاری هەولێر.
چیرۆکی مانەوەی چەکدارانی داعش بەخەیاڵی کەسدا نەدەهات ماوەیەکی کەم بخایەنێت، هەر وەکو چۆن کەس بیری بۆ ئەوە نەدەچوو پێشـــمەرگە لەو شـــارە بکشێنەوە، دواتر چەکدارانی داعش بەبێ تەقە روو لە مەخمور بکەن.
کۆکردنەوەی هێزەکانیان بۆ دەوروپشتی بەرزایەکانی ناحیەی دیبەگە هێرشی وەڵامدانەوەو گەڕانەوەی پێشـــمەرگە گەیشـــتە رۆژی ٢٠١٤ ,٠٨ ,١٠ بەرەبەیانی ئەو رۆژە پێشـــمەرگە بەهاوکاری فڕۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانان توانیان پێشـــڕەوەی بکەن بۆ نێو شـــاری مەخمـــور تا دوای نیوەڕۆی هەمان رۆژ چەکدارانی داعشـــیان ناچار بە پاشەکشـــە کرد بەشێکیشیان کوژران.
لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆنترۆڵکردنەوەی مەخمور لەلایەن پێشمەرگەوە، لە ئاستی میدیایدا ناکۆکی کەوتە نێوان بەرپرســـانی پارتی و یەکێتی بەرپرســـانی پارتی رەتیان دەکـــردەوە، چەکداری یەکێتی و هێزە دژە تیرۆر، کە برازای جەلال تاڵەبانی ســـکرتێری یەکێتی نیشـــتمانی کورستان، لاهۆر شێخ جەنگی سەرپەرشـــتی دەکات یەکەم هێز بن چووبن بۆ ناو مەخمور، لەبەرامبەریشـــدا بەرپرســـانی یەکێتی لە رێگەی میدیاکانیانەوە بە بەرپرســـانی پارتیان دەوت "ئێمە یەکەم هێز و یەکەم حزب بووین چووینە ناو شاری مەخمور".
لەو رۆژەدا نەچووم بۆ شـــەڕی مەخمور رۆژی دواتر لەگەڵ مستەفا کەریم و کوڕێکی تری فۆتۆگرافەر کە لە باکوری کوردســـتان هاتبوو بەرەبەیانی زوو لە هەولێرەوە بەڕێکەوتین بۆ نێو شـــاری مەخمور، کاتێ چووینە شارەکە یەک پارچە بوو بووە چۆڵەوانی لە چەند شـــوێنێک هێزی پێشمەرگە دەبینران، لە ســـنووری ناحیەی دیبەگەش بۆ ناو سەنتەری مەخمور سێ بازگەی تێدا دانرابوو تا شارەکە لە نێوان ئاسایش و پێشمەرگە چەکدارانی

پەکەکـــە بازگەیان دانابوو هۆکاری بوونـــی پەکەکە لە مەخمور بەحکومی ئەوەی کەمپی مەخمور زۆربەی دانیشتوانەکەی هاوڵاتی باکوری کوردستانن، ئەوانیش بەشێک لە گەنجان و پیاوان چەکیان هەڵگرتبوو ژنانیش دەبینران لە ریزەکانیان.

ئەو رۆژە کە گوزەرێکمانکرد بەناو شارۆچکەی مەخمور چۆڵ بوو لەچەند شوێنێک تەرمی چەکدارانی داعش کەوتبوون ئەمە قســـەی پێشـــمەرگەو خەڵکـــی خۆبەخش بوو لەوێ، بەڵام تەنیا تەرمی چەکدارێکی داعشـــم بینی، ئەویش لەتەنیشت دیواری سایلۆی شارەکە کەوتبوو، کە گەنجێکی مناڵ کاربوو رووخســـاری رەش بوو خەڵکێکی زۆر دەوریان دابوو وێنەی زۆریان لەتەنیشت تەرمەکەوە دەگرت.

زۆربەی کەســـەکان خەڵکی مەخمور بوون چەند پێشـــمەرگەیەکیش لەوێ بوون، پیاوێک کە باوکـــی محەمەد-یان پێ دەوت، وتی: "ئەو کورە کوژراوەی داعش، کوڕی ســـەرۆکی عەشیرەتێکی عەرەبە لەسنوری مەخمور".

باوکی محەمەد رەخنەی توندی لەبەرپرسانی کورد دەگرت و بەدەنگی بەرز لەنێو مەخمور دەیوت: "پارەی زۆریان کرد بەقورگی ســـەرۆک عەشـــیرەتە عەرەبەکان، بە وەڵا ئێســـتا ئەوانەی لەدژی پێشمەرگەو ئێمەی کورد لە مەخموور شەڕ دەکەن، عەرەبن ئەوان چاویان بە ئێمەی کورد هەڵنایە، کەچی ساڵانێکە بەرپرسانی کورد خەریکی هاوکاری ئەو عەرەبانە بوون، بەڵام ئەوەتا دەیبینین عەرەبەکان دەبینرێن لەگەڵ داعش".

ئـــەو چەند رۆژە کە چەکدارەکانی داعش لەشـــارەکە بوون بەهۆی بۆردومانکردنی فڕۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانانی وڵاتان لەدژی ئەو رێکخراوە، چەند خانوو و باڵەخانەو تەنانەت چێشتخانەو کارگەیەکی ئاویش لە رێگای سەرەکی دەروازەی مەخمور زیانی پێگەیشتبوو.

لەشـــارۆچکەی مەخمور تاڵانکردنیش هەبوو ئەگەرچی خاوەن ماڵ و دوکانەکان داعشیان تۆمەتبار دەکرد، بەڵام پێ نەدەچوو داعشـــەکان ئەو کارەیان کردبێ بە بەڵگەی ئەوەی چەکدارانی داعش بەردەوام لە گەڕان و هاتوچۆن لەم ناوچە بۆ ئەو ناوچەو لەو شـــار بۆ ئەو شارۆچکە کاریان بەوە نەبێت ئامێری کارگەیەکی ئاو، یان ئامێری کارەبای ببات.

بەڵام ئەوەیان راستە چەکدارانی داعش لەنێو حەوشی کارگەیەکی ئاوی خواردنەوەی بوتڵ جێگیر بوون، لەپاشـــماوەکانیان دەردەکەوت دەیان کارتۆن ئاویان خواردبۆوە، تەنانەت کاری دەست نوێژ و چوونە دەست شۆریشیان بەو ئاوە کردبوو.

پێموانییە داعش کاڵاو شـــت و مەکی دزی بێت، بەڵام دەکرێ ئەو عەرەبانەی کە بەگەر داعش کەوتبوون، شتی وایان کرد بێت، ئەوەی جێی سەرنج بوو خاوەن کارگەکە دەیوت "ئەو چەکدارانە ئامێرێکی کارگەکەمیان بردووە بەهای ٢ دەفتەر دۆلاری ئەمریکیە".

ئەمەش جێی باوەڕنەبوو کە داعشەکان ئەو ئامێرەیان برد بێت، چونکە شێوازی کردنەوەی ئامێرەکە گرنگی بۆ داعش نەبـــوو، بۆیە لەوێدا وتم: رەنگە هاوڵاتیان بردبێتیان، چونکە داعش ئامێری کاریگەری ئاوی ناوێت!.

لەشارۆچکەی مەخموردا بەماوەی ڕۆژێک شەڕ کۆتایی پێهات، بەڵام لە ناحیەو گوندەکانی دەوروبەری زۆری خایاند تا کۆتایی ســاڵی ٢٠١٤ هێزەکانی پێشمەرگە توانیان بەتەواوی ناوچە کوردستانیەکان کۆنترۆڵبکەنەوە.

ئەوەی مایەوە بۆ ســاڵی نوێ چەند گوند و ناحیەک بوو لەوانە گوندی سوڵتان عەبدوڵاو چەند گوندێکی ترو ناحیەی گەیارە کە بەشوێنێکی ستراتیژ دادەنرێ بۆ چەکدارانی داعش لە موسڵەوە بەئاسانی چەک و پێداویستی سەربازی دەگوازنەوە.

مەخموور یەکێکە لەشــارە کۆنەکانی عێراق و کوردستان کە دەکەوێتە سنوری پارێزگای هەولێر و سەرەتای دروستبوونی بۆ سەردەمی چاخە کۆنەکانی بەر لەمێژوو دەگەڕێتەوە.

ئەو قەزایە یەکێکە لەشارەکانی پارێزگای هەولێر ناوەندی قەزای دەکەوێتە ٦٧ کیلۆمەتری باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای هەولێر ئەم قەزایە لە باکور لەگەڵ قەزاکانی دەشتی هەولێر و خەبات، لە باشوویش لەگەڵ ڕووباری دیجلە، لە ڕۆژهەڵاتدا لەگەڵ زێی بچوک و لە ڕۆژئاوادا لەگەڵ زێی گەورە هاوسنوورە.

هەروەها بەشــێوەیەکی بەردەوام ئاوەدانی و ژیانی تێدا هەبووە، ئەوەش پاڵپشــت بەو پاشماوە مێژوویانەی لەدەڤەرەکە دۆزراونەتەوە و ئێستاش هەیە، لەسەردەمی عوسمانیەکان و ئینگلیــز لــە عێراق مەخمور ناوچەیەکــی گرنگ بووە و چەند بنکەیەکی سیاســی و ســەربازی لێ دامەزراوە، وەک ســنورێکی گرنگ ڕۆڵی بینیەوە لە ڕووداوە سیاسیەکان و چارەسەرکردنی کێشمە کێشەکان.

هەروەها دوای دروســتبوونی دەوڵەتی پاشــایەتی لەعێراق مەخمور لەساڵی ١٩٢٤ بۆتە ناحیە بەناوی ســولتانیە کە یەکەم بەڕێوەبەری بەناوی ســەعیدە سۆر بووە، پاشان بە فەرمانی پاشــایەتی ژمارە (٤٥٨) لە١٥.٣.١٩٢٧لە پلەی ناحییە بۆ قەزا بەرزدەکرێتەوە لەســەر پارێزگای هەولێر دەکرێتە قایمقامیەتی قەزای مەخمور و عەبدولرەحمان سەعید بابان وەک یەکەم قایمقام دەست بەکار دەبێت.

بەپێی زانیارییەکان کە لە ســایتی "ویکیپیدیاوە" بڵاو کراوەتەوە، ئەو قەزایە تا ســاڵی ١٩٩٦ ســەر بەپارێزگای هەولێربووە، بەڵام دواتر لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لەچوارچێوەی تەعریبکردنی ناوچە کوردیی و کوردستانیەکان و لەدوای ڕاپەڕین و ئازاد بوونی پارێزگاکانی هەرێمی کوردســتان و کشانەوە و نەمانی هێزی حکومەتی بەغدا لەم پارێزگایانەدا، بۆیە بەعس لە مانگی شــوباتی ١٩٩٢ پارێــزگای هەولێری بەشــێوەیەکی کارتۆنی لەقەزای مەخموری دامەزراند. کە پارێزگارەکەی فوئاد مســتەفا خورشــید دزەیی کوردی هەولێر بــوو، هەموو دامودەزگاکانی پارێزگای هەولێر گواســتەوە بۆ ئەو قەزاییە. ئەوەش تەنها شەش مانگی خەیاند و دواتر لە دوای هاتنەکایەوەی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان، لە کۆتایی مانگی (ئاب) دامودەزگاکانی پارێزگا کارتۆنیەکەی گواستەوە موسڵ و لەو شارەی جێگیرکردو لەساڵی ١٩٩٦ مەخمور بە پارێزگای موسڵ لکێندرا کە ١٢٠کم لێک دوورن.

قەزای مەخموور سێ ناحیە لە خۆ دەگرێت ئەوانیش:-

١. قەراج-باقرت.

٢. گوێڕ.

٣. کەندێناوە-دیبەگە.

لەساڵی ١٩٩٦یش دوای لکاندنی قەزاکە بە پارێزگای موسل ڕژێمی بەعس گوندی (مەلاقەرە)ی سەر بە ناحیەی کەندێناوەی بۆ عەرەبە هاوردە و تەعریب چیەکان بە فەرمانی دیوانی ســـەرۆکایەتی ژمارە (٢٠٥٨٤) لە بەرواى ١٦.٩.١٩٩٦ کردە ناحیە و ناوی نا (عەدنانیە) ئەوەش بەناوی (عەدنان خەیروڵڵا)ی کوڕە خەزوری دیکتاتۆر سەدام حسێن کرا.

# باشیک و چیای زەردک

ئەو کاتەی هێزەکانی پێشمەرگە ناوچەی زەردک و چیاکەیان لە دەست چەکدارانی داعش سەندەوە، "تەپڵی سەرکەوتنیان" لێدا، ئەو ڕۆژەیان بە ڕۆژێکی گرنگ وەسف دەکرد بەهۆی سەرکەوتنیان بەسەر چەکدارانی داعش، بەڵام تاکو خۆم نەچوومە ناوچەکە باوەڕم نەدەکرد هێزەکانی پێشمەرگە چەند کیلۆمەتر لە ناوچەکانیان ئازاد کردوەو زەرەرو زیانی هەردوولا چەند بووە. بەتایبەتی زەرەرو زیانەکانی چەکدارانی داعش دیار بوون. ڕاستە پێشمەرگەو داعش شەڕی کۆڵان بە کۆڵان و کلاشینکۆفیان لە نێوان یەکدا نەکردوە، زیاتر جەنگەکە بەچەکی قورس و بەهاوکاری فڕۆکەی هاوپەیمانان بووە.

ناوچەی زەردک زنجیرە چیایەکی درێژە، لەناحیەی باشیکە کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی موسڵ دەست پێدەکات تا سنووری خازر، ئەمەش بۆ چەکدارانی داعش گرنگی خۆی هەبوو هەم وەک شوێنێکی ستراتیژی و هەم وەک ناوچەیەکی بەرزیش بەئاسانی بە چەکی دوور مەودا مەترسی بۆ سەر سنووری پارێزگای هەولێر و قەزای بەردە ڕەش دروست بکات، کە حەفتا کیلۆمەتر دوورە لە هەولێر.

چەکدارانی داعش بە ئاسانی توانیبویان خۆیان بگەیەننە سەر چیاو بەرزاییەکانی باشیک و ناوچەی چیای زەردک، کە نزیکە بۆ ماوەی مانگێک لەوێ مانەوە، دواتر هێزەکانی پێشمەرگە لە چوار چێوەی ئۆپەراسیۆنێک فراوانیان بەناوی ئازادکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی چەکدارانی داعش دەست پێکرد، کە چیای زەردک و چەند گوندێکی دەوروبەری گرتەوە.

بەرەبەیانی ٦, ٩, ٢٠١٤ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە پشتیوانیی ڕاستەوخۆی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان، ناوچەی چیای زەردکی لە میحوەری موسڵ، کۆنترۆڵ کردەوە.

دوا بەدوای کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچەیەش، هێزی پێشمەرگە بەرەو ناوچەی بەعشیقەی شاری موسڵ، لە پێشڕەویدابوون و فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکاش بە چڕیی مۆڵگەی چەکدارانی داعشیان لەو ناوچەیە بۆردومان دەکرد. دوای هێوربوونەوەی ناوچەکە دەرکەوت کە پێشمەرگە گوندی ئەسقوف، کانی کەوان، باعەدرێ، قۆپان، بیر بەنک و بیر حەلان ی کۆنترۆڵکرد لەگەڵ چیای زەردک.

بەرەیانیەکەی زوو حەوتی ئەیلولی ٢٠١٤ لەگەڵ حەمیدی هاوڕێم چووینە قەزای بەردەڕەش، کە بازگەیەکی زۆری سەربازی لێ دانرابوو هێزەکانی پێشمەرگەش ڕێگریان لە هاوڵاتیان و ڕۆژنامەنووسان دەکرد ڕێگەیان نەدەدا لەسەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە نزیک ببنەوە، چونکە ئەو ناوچانەی پێشمەرگە لە بەرامبەر چەکدارانی داعش بۆ ڕووبەڕوبونەوەو شەڕکردن.

ســـەرلە بەیانییەکەی لە بەردەڕەش سەردانی ماڵی ســـەعید مەموزینیمان کرد کارگێڕی لقی موســـڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو بچینە ناوچەکانی نزیک بەعشـــیقەو زنجیرە چیاکانی زەردک، چونکە ئەو بەبێ جیاوازی هاوکاری ڕۆژنامەنوسان دەکات لەناوچەکە بۆ چونی ڕۆژنامەنوسان بۆ سەنگەری پێشمەرگە هەموو کات هاوکارمان بووە.

کە لە قەزای بەردەڕەش بەرێکەوتین پێش ئەوەی بچینە گوندی ئەسقوف لە بناری چیای زەردک بەرپرســـی هێزەکانی پێشـــمەرگە (حەمیدە فەندی)مان بینی ئەو پێشتر وەزیری پێشـــمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، هەروەها کەسێکی دیاری نێو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردســـتانە، لەچاوپێکەوتنێکم لەگەڵیدا دەیوت: "بە ئاسانی دەتوانین پێشـــڕەوی بکەین، شـــەڕی داعش بۆ ئێمە وەکو پێشمەرگە ئاسانە، بەڵام ئەوەی گرفتی دروستکردوە، خۆ تەقاندنەوەی ئەو چەکدارانەی داعشە".

حەمیـــدە فەندی نکۆڵیشـــی لەوە نەدەکرد کـــە چەکدارانی داعش شـــەڕ دەکەن "ئەوان بیروباوەڕێکی ســـەیریان هەیە فرۆکە بە ئاســـمانەوەو پێشمەرگە بە پیادە لێیان دەدەن، بەڵام لەشوێنەکانیان هەڵناکنێن یان ئەوەتا دەکوژرێن، یانیش بە سەختی بریندار دەبن".

ئەو هێرشـــە فراوانەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ناوچەی زەردەک و سنورەکانی ناحییەی باشیک تا دەگاتەوە میحوەری خازر لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە کۆنترۆڵکرابوونەوە، بەڵام چەکدارانی داعش لەناو سەنتەری ناحیەکە مابوونەوە.

ناحیەی بەعشـــیقە بەکوردی باشیک لەرووی ئیداریەوە سەربە موسڵی ناوەندی پاریزگای نەینەوایە ١٢ کیلۆمەتر لە موسڵ دوورەو و کەوتۆتە رۆژئاوای شارەکە، باشیک ناوچەیەکی کشتوکاڵیە بەشی زۆری دانیشتوانەکەی ئێزدین، بەڵام بەشێک لەموسڵمان و مەسیحی و شەبەکیشی تێدایە ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ٧٠هەزار کەس دەبێ ١٧ گوند لەخۆدەگرێت.

ناحیەکە هەر لەدەست چەکدارانی داعش ماوە، بەڵام بەشێکی ناوچەکە کەوتبۆوە دەست پێشمەرگە، گوندی ئەسقوف یەکێکە لەو گوندانەی زۆرترین داعشی تێدا کوژرا.

ئەو گوندە لەبناری چیای زەردک بوو، یەکێک لەو پێشـــمەرگانەی شـــارەزایەکی تەواوی هەبوو لەناوچەکە هاوکاری کردنی ئەو پێشـــمەرگە ئەرکی ئێمەی ئاسانترکردو دلنیایەکی باش بوو بۆ سەلامەتیمان، چونکە شارەزایەکی تەواومان لەسەر ئەو گوندە نەبوو.

بەشـــی زۆری دانیشـــتوانی گوندەکە عەرەب بـــوون، بە چەند کۆڵانێکـــدا تێپەڕین بۆت دەردەکەوت ئەو گوندە شوێنی مانەوەو ژیانی چەکدارانی داعش بووە، لەیەکێک لەکۆڵانەکان ئۆتومبێلێکی هامەریان حەشـــاردابوو بۆ ئەوەی رووبەروی هێرشی فرۆکە نەبێتەوە، بەڵام لەولاتـــر دوو هامەری تر کرابـــووە ئامانج و لەناو یەکێک لەهامەرەکان تەرمی چەکدارێکی داعش هەبوو، تەرمی پێنج چەکداری ترم بینی کە بەجلی ســـەربازی و دشداشـــە بوون تەمەنیـــان لەنێوان ٢٥ بۆ ٤٠ ســـاڵ دەبوو. لەچیاکەش نزیکـــەی ١٥ تەرمی تری داعش

# فۆتۆگەلەری






















شهيد / بابير سيف الدين










by,,, shwan sdiq




Y
J
P
Ş.Beritan
شهيد/












Ford








لا اله الا الله
الله
رسول
محمد





هەبوو، کە ئەوانیش بەهۆی بۆردومانی فرۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانان کوژرابوون، چونکە تەرمەکان بەشێکیان پارچە پارچە ببوونو بەشێکی تریش سوتا بوون بەهۆی بەرزی پلەی گەرما بۆنی تەرمەکان ناوچەکەی پڕ کردبوو.

بەدرێژایی ئەو ماوەیە زۆری بەرەکانی جەنگ و شوێنەکانم بینیوە کە دوای داعش لەلایەن پێشمەرگە ئازاد کرابونەوە، بەڵام لەو ناوچەیە ئەوەی بینیم ئەوەبوو ئەو داعشانەی کرابونە ئامانج لەکاتی مەشقکردن و کۆبونەوەدا بوون.

مزگەوتی گوندە کە شـــوێنی مانەوەی چەکدارانی داعش بـــوو لەبەرامبەر مزگەوتەکەش بەســـەر دیواری چەند ماڵێکەوە بەعەرەبی نوسرابوو "کاتی لێکردنەوەی‌ملی مورتەدەکان هاتووە" بەڵام بەبینینی تەرمەکان لەیەک شوێن و بەکۆمەل بۆت دەردەکەوت کە لەلایەن فرۆکەکانی هاوپەیمانن بەبێ هیچ شەڕێک و ئاگاداریەک کۆتاییان پێهاتووە.

هێزەکانی پێشمەرگە زۆر چیرۆکی سەیری ئەو رۆژانەی رابردویان دەگێرایەوە کە هێرشێکی بەرفراوانیان بۆ چیای زەردک کرد بوو بەتایبەتیش لەمیحوەری باشیک کە چەند وێنەیەکی چەکدارانی داعشـــیان پیشـــاندام وێنەی ئەو چەکدارانەی لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە دەستگیرکرا بوون.

یەکێک لەو چیرۆکانەی پێشمەرگەکان باسیان دەکرد ئەوە بوو کاتێک چەکدارێکی داعش بە برینداری دەســـتگیر دەکرێ و بۆ چارەسەرکردن دەیهێنە لای پزیشکەکان کە لەنزیک ســـەنگەرەکانی پێشمەرگە دەبێت، لەکاتی تەداوی کردن هێرش دەکاتە سەر پزیشکەکەو هەوڵی خنکاندنی دەدات، بەڵام پێشمەرگەکان پزیشکەکە دوور دەخەنەوە.

لەبارەی دیل و بەنکراوانی داعش حەمیدە فەندی وتی: "ئەگەر بزانین داعشـــەکان خۆیان تەســـلیم دەکەن، ئەوا بەهیچ جۆرێک دیلەکان ناکوژین و رادەســـتی هێزە ئەمنییەکانان دەکەیـــن، ئیتر ئـــەوان چۆن مامەلەیان لەگەڵدا دەکەن خۆیان لێی بەرپرســـیارن و ئێمە بەرپرسیار نین".

لەســـنووری چیایی زەردک، یەکێک لەپلەدارەکانی هێزی پێشـــمەرگەی کوردستان وەک کارێکی مرۆیی هەستابوو بە ناشتنی تەرمی ١٨ چەکداری داعش لەکاتی ئازادکردنی چیاکە کوژرابوون.

# بەنداوە مەترسیدارەکەی ژێر دەسەڵاتی داعش

ئەو کاتەی بەنداوی موسڵ کەوتە دەست داعش، لەهەولێر بووم، بەڵام ئارەزووم دەکرد لە نزیکەوە ئەو بەنداوە ببینم، چونکە میدیا ناوخۆی و بیانیەکان خوێندنەوەی جۆراوجۆریان بۆ رەوشی دەوروبەری بەنداوەکە دەکرد، ئەمەش لەگرنگی بەنداوەکەو مەترسییەکانی بوو بۆ ســەر دانیشتوانەکەی، ئەگەر چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام ناسراو بە "داعش" ئەو بەنداوەیان بتەقاندبوایەوە ئەوا مەترســی گەورەی بۆ سەر ژیانی دانیشتوانی پارێزگای موسڵ و دەوروبەرەکەی دەبوو، تەنانەت زیانی ئابوری زۆریشی لێدەکەوتەوە.

بەشێکی زۆری میدیای بیانی و چاودێرانی سیاسی و شرۆڤەکارانیش قسەی خۆیان هەبوو، لەبەرامبەر مەترسی بەنداوەکە بۆ دانیشتوان و باری ئابوری، چونکە بەلای ئەوانەوە داعش مەترســیە بۆ ئەوەی زیان بە خەڵکی ناوچەکە بگەیەنێت، تەنانەت بەلایەوە ئاساییە ئەو ناوچە بکاتە ژێر ئاو، ئەمەش بەهۆی کردەوەکانیان بوو لەو ناوچانەی لەژێر دەستیان بوو.

ســەرۆکی مونتەدای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست "دانییل بایبس" لەبەرامبەر مەترسی بەنداوی موسڵ رایگەیاند "گەر بەنداوەی موسڵت لەژێر دەستدا بێت، دەتوانیت هەر کەسێکت بوێت هەڕەشەی لێبکەیت و هەڕەشـــە لە بەشێکی گەورەی عیراقیش بکەیت، بە دروستکردنی لافاو و بڕینی کارەبا و ئاو، ئەوەش ئاسۆیەکی ترسناکە".

تەنانەت ســوپای ئەمریکاش نازناوی "مەترســیدارترین بەنداو لە جیهاندا"ی بە بەنداوی موسڵدا، هۆکاری ئەو نازناوشیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە، بەتەقاندنەوەی ئەو بەنداوە گەورەترین زیانی بۆ ســەر ژیانی هاوڵاتیانی مەدەنی و کارمەندانی ئەمریکا دەبێت لەعێراق، چونکە مەسەلەکە تەنیا پەیوەندی بە چارەنووسی بەنداوەکەوە نەبوو وەکو پرۆژەیەکی ئاو، یان ناوچەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا، بەڵکو پەیوەندی بە چارەنووســی ملیۆنان عیراقییەوە هەبوو کە لەســەر ئاوی ئەو بەنداوە دەژین، هەروەها بــە گەورەترین بەنداوی عیراقیش دادەنرێت.

چەند رۆژێک بەسەر مانەوەی داعش تێپەڕی، بەڵام چەکدارانی داعش کارێکی لەو شێوەیان نەکرد زیان بە موسڵ بگەیەنێت کە شوێنی مانەوەی خۆیان و خەلافەتە ئیسلامییەکەیان بوو.

لەلایەکی ترەوە پێشــمەرگە زۆر هەوڵی دەدا لەماوەیەکی کەم ئەو بەنداوە لەژێر دەستی چەکدارانی داعش دەربهێنێتەوە، چونکە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیش مەترسی تەقاندنەوەی بەنداوەکەیان راگەیاندبوو کە داعش دەیەوێت بیتەقێنێتەوە، بەڵام لە رۆژی دوو شــەممە ١٨ی ئابی ٢٠١٤ هێزەکانی پێشــمەرگە بەهاوکاری فڕۆکــە جەنگییەکانی هاوپەیمانان، توانیان پاشەکشــە بەچەکدارانی داعش بکەن و لەماوەی یەک دوو رۆژدا تەواوی سنوری بەنداوەکە لە چەکدارانی داعش پاک بکەنەوە.

دوا بەدوای ئەوەش فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا چالاکییەکانی فڕۆکە جەنگییەکانی وڵاتەکەی لە عێراق خستە ڕوو، کە تێیدا ڕایگەیاند بوو "فەرماندەیی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا لە ١٤ هێرشی ئاسمانییان بۆسەر بنکەو بارەگاکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لەنزیک بەنداوی موسڵ ئەنجام داوە.

هــاوکات فەرماندەیی ناوەنــدی هێزەکانی ئەمریکا ئاماژەی بۆ ئەوەشــکرد بوو، لەنزیک بەنداوی موسڵ فڕۆکەی جەنگی هەمەجۆر و موشەک و فڕۆکەی دوور ڕەویان بەکارهێناوەو لەئامانجەکانیشاندا تێیدا سەرکەوتوو بوون.

لەمیدیا ناوەخۆیی و بیانیەکانیش ئۆپەراسیۆنەکە بەو جۆرە بلاوکرایەوە، کە هێزی فیرقەی ئاڵتونی ســوپای عیراق ٢٠ هەمەریان لابووە لەگەڵ چەکی قورس و ١٠ کەســی شارەزای ئەمریکی بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی پێشــمەرگە بەردەوامبوون لەهێرشکردنە سەر چەکدارانی داعش بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی بەنداوی موسڵ.

هەروەها هێزەکانی ئەمریکا لە ٨ی ئابەوە ١٠١ هێرشــی چڕی ئاســمانییان بۆسەر خاکی عێراق ئەنجامدا، کە تییدا خاڵ و مۆڵگەی داعشی کرد بووە ئامانج.

بەنداوەکە هیچ مەترسیەکی نەما، چونکە هێزەکانی پێشمەرگە بەنداوەکەی کۆنترۆڵکردەوە، بەڵام ئەوەی جێگای ســەرنج بوو زیاتر میدیای ناوەخۆیی (هەرێمی کوردســتان) گرنگی پێــدرا، بەبێ ئەوەی نــاوی فیرقەی ئاڵتون بهێنرێت، لەکاتێکــدا ئەوانیش ئامادەی ئەو ئۆپەراسیۆنە بوون و بەشێک بوون لەو هێزەی بەنداوەکەیان کۆنترۆلکردەوە.

فیرقەی ئاڵتون، ڕاستەوخۆ سەربە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقە، لەلایەن "فازڵ بەرواری" سەرپەرشتی دەکرێت، کە کوردە، ئەو فیرقە لەچەند شوێنێکی تری عێراق ئۆپەراسیۆنی ئەنجامداوەو لەســاڵانی ڕابــوردوش ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە بــۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی قاعیدەو "کۆنە" بەعسییەکان بەتایبەتی لە سنووری پارێزگای تکریت.

بەپێچەوانەی میحوەرەکانی تر کە ئۆپەراسیۆنیان بۆ کراوە گەیشتن بەڕاستی و دروستی ڕوداوەکانی بەنداوی موســڵ زۆر ســەخت و دژوار بوو بۆ ڕۆژنامەنوس و میدیاکان تاکو بیگوازنەوە، تەواوی ئەو ناوچەیە لەلایەن لەشکری تایبەت کە فەرماندە "مەنسور بارزانی" کوڕی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرپەرشتی دەکرا، بە هیچ شێوەیەک مۆڵەتیان بە مێدیاکان نەدەدا بۆ ئەوەی ڕومالی ئۆپەراســیۆنەکە بکەن و ڕوداوەکانی نزیک بەنداوەکە بگوازنەوە.

بــەرە بەیانــی ٢٠١٤ ,٨ ,١٩ لەگەڵ حەمیدی هاوڕێــم، لەهەولێرەوە بــەرەو بەنداوەکە بەڕێکەوتیــن، دەبوو زوو بگەینە، بۆ ئەوەی ئاگاداری تەواومان هەبێت لەکۆی ڕوداوەکانی ئــەو ڕۆژە، دووری نێوان هەولێرو میحوەرەکە بــە ئۆتۆمبێل نزیکەی دوو کاتژمێر دەبوو واتە ١٣٠ کیلۆمەتر ڕێگای هاتوچۆش زۆر کات بەربەست بوو بۆ زوو گەیشتن بەو شوێنە، چونکە بەهۆی شەڕ بەشێکی ڕێگاوبان ئاستەنگ بوون بۆ ئەوەی زووتر بگەین.

گەیشتینە بەنداوی موسڵ، بەڵام پێشمەرگەکان ڕێگەیان پێنەداین بڕۆینە نزیکی بەنداوەکە، ئەمـــەش بۆ کــۆی میدیــاکاران و دەزگاکان بوو کە لەوێ ئامادەبونیـــان هەبوو، میدیا کوردییەکان نەیانتوانی نزیک ببنەوە (روداو، کەی ئێن ئێن، وار)، بەڵام ڕێگەیان بەچەند میدیایەکی ئەمریکی دا نزیک ببنەوە.

ئەوەی جێگای نیگەرانی رۆژنامەنوســـان بوو ئەوە بوو بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک لەسەر جادە ماینەوەو زۆر هەوڵماندا قەناعەت بەپێشـــمەرگەکان بێنین و بتوانین نزیک تر بین و بەتەواوی رومالی شەڕەکە بکەین، بەڵام هەوڵەکان بێسوود بوون.

وەستان لەسەر جادە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک و گەرما و برسێتی بێتاقەتی کردبووین، بەڵام هەر هیوایەکمان هەبوو بۆئەوەی ڕێگەمان پێبدەن و لەدەروازەی میحوەرەکە بچینە ژوورەوە، ســـەرەڕای ئەوەش تاو نا تاوێک ئاسایشـــەکان لێمان تورە دەبوون و دەیانوت: "ئێرە بەجێبهێڵن" وەڵامی ئێمـــەش ئەوەبوو "ئێمە بۆ ئەوە هاتوین رومالی بارودۆخەکە بکەین، ئێوە هاوکاریمان ناکەن و ڕێگەمان پێنادەن لێرەش بمێنینەوە، بەڵام جیاوازیتان لەنێـــوان میدیایی کوردی و بیانی کردو کار ئاســـانیتان بۆ ئەوان کردو ڕێگەتان بە ئێمە نەدا".

پێش ئەوەی بازگەکە بەجێبهێڵین چەند ئۆتۆمبێلێکی لیوای ئالـتونی عێراقی کە لەلایەن "فازڵ بەرواری" سەرپەرشـــتی دەکرێت، بەرەو ناوچەکانی ژێر دەســـەڵاتی پێشـــمەرگە دەهاتن، لەرۆژنامەنوسان و بازگەکە نزیک بوونەوە، ئەوان (فیرقەی ئالتۆن) بەدەنگی بەرز ئاڵای عێراقیان دەشەکاندەوەو هەندێکیان وەک سەرکەوتن بەسەر داعشدا ئاڵاکەیان پێبوو بەرزیان دەکردەوە و هاواریان کرد "شەڕی بەنداو ئێمە کردمان، کاتێ هێزی ئاڵتون رۆیشتە نزیک بەنداوی موســـڵ هێزی پێشمەرگەی تێدا نەبوو". دیارە ئەوان بەشی زۆریان عەرەب بوون، دروشمەکانیشـــیان هەر بە عەرەبی دەوتەوە ئەوەش بۆ پێشمەرگەو ئاسایشەکان، جێی تێڕامان و تووڕەبوون بوو.

هێزەکانی پێشمەرگە بەو هەڵوێســـتەی لیوای ئاڵتون نا ڕەحەت و بێزار بوون، زیاتریش ئامادەبوونی ئەو ژمارە رۆژنامەنووسە لە بازگەکە نریکەی ١٣ کەس دەبووین، لە میدیای ناوخۆی و بیانی ئاسایشەکانی تورە کرد چەکدارەکانی لیوای ئاڵتونیش خۆیان دەردەخست و ئاڵای عێراقیان دەشەکانداوە، یەکێکیشیان ئاڵای رەشی داعشی بەرزکردبووە، کە وەک هێمایەک بوو بەسەرکەوتن بەسەر داعشدا وەک ئەوەی شەڕەکە تەنها ئەوان کردویانە.

بۆ ئەوەی رێگا بۆ هیزەکانی ئاڵتـون بکەنەوە، کە بەرەو سنووری قەزای شێخان دەڕۆیشتن هێزەکانی پێشـــمەرگە تەقەیان بە ئاسماندا کرد بۆ بڵاوە پێکردنی رۆژنامەنووسان و زوو تێپەڕبوونی کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی فیرقەی ئاڵتون.

بەڵام ئەو گرژیەی کە لە بازگەکە دروست بوو هۆکارەکەی لەسەر ئەوەبوو تیمی فیرقەی ئاڵتون دەیانوت: بەشداریمان کردوە، لە شەڕی بەنداوی موسڵ و بەشی زۆری ئەو چالاکیانە

"دەستی ئێمە"ی تێدابووە، بەڵام پێشمەرگە بەو هەڵوێستەی چەکدارانی فیرقەکە کەمێک دڵگران بوو لەوکاتەدا بیرم لەداهاتووی ئەو ناوچەیە دەکردەوەو دەموت: "ڕەنگە ڕۆژێک کورد لەگەڵ عەرەب لەم سـنورە لەسـەر مانەوەی پێشمەرگە کێشەیان بۆ دروست بێت، لە راسـتیدا هەموو ئەگەرێک چاوەڕوانکراوە. باوەڕ بەوە ناکرێت، پێشمەرگە لەو ناوچانە پاش داعشیش ئبتوانن بەردەوامی بەمانەوە بدەن، چونکە عێراق قبوڵ ناکات، ئەگەرچی لەئێسـتادا سوپای عێراق شکستی هێناوە، بەڵام مانەوەی پێشمەرگە لەناوچەکانی نزیک موسڵ و ئەوەی پێیدەوترێت ناوچەی کوردستانی کێشە لەسەر رەهەندێکی مێژووی هەیە و دەیان ساڵە کورد و عەرەب لەسەر ئەو ناوچانە ناکۆکیان هەیەو تائێستاش بەچارەسەر نەکراوی ماوەتەوە.

بەهەر شـێوەیەک بێت ئەو ڕۆژە تا کاتژمێر یەک لەسەر رێگای بەنداوی موسڵماینەوە، دواتـر بیرمان لەوەکردەوە بۆ هەولێر بگەڕێینەوە، دواتر لەگەڵ حەمیدی هاوکارم بیرمان لەوەکردەوە لەگەڕانەوەماندا لەگوندێکی نزیک بەنداوەکە دابەزین و هەندێ وێنە بگرین.

ئەگەرچی چوون بەو ڕێگایە جۆرێک بوو لەسەر کێشی و تا ڕادەیەکی زۆر شوێنەکە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە نەپارێزراو بوو، بۆیە ئاسان نەبوو چوون بۆ ئەو ناوچەیە بەتایبەتیش بۆ رۆژنامەنوسان. بەڵام ئێمە چووینە نزیک گوندەکەو بەرەو روبارەکە بەڕێکەوتین، لەنزیک بەنداوەکە وەستاین وێنەی پردێک و روبارەکەمان گرت لە کاتی خۆپێچانەوەماندا لە چوار لاوە میلی چەکیان لێ هێنایەوە و بەدەنگی بەرز چەند کەسێک هاواریان لێکردین.

دوو ئۆتومبێلی چەکداربوون و کەسـیان بەقسەی کەسـیانی نەدەکرد هەر یەکەیان بە ئاوازێک دەیان خوێند، لە بەرامبەر ئێمە وەسـتابوون و لوولەی تفەنگەکانیان روو لەئێمە کرد بوو.

بەڵام لەشانسـی ئێمە یەکێک لەشـوفێرەکان پیاوێکی بەتەمەن بوو، کە هاتە خوارەوە دەمانچەکەی کرد بە لاقەدیی و لێمان نزیک بۆوە، چەکدارەکانی تر لە دوورەوە وەستابوون، شوفێرەکە لێمان ورد بۆوەو زانی کە "خراپە" کارنین و

دوای گفتوگۆ باوەڕی کرد بۆ کاری رۆژنامەنووسـی هاتووینە سنوورەکەیان، بەڵام خەمی ئەوەی خوارد کە ترسیان هەبووە شتێک روو بدا دواتر بەڵێنی پێداین هاوکاریمان بکات.

ئەو پیاوە تەمەنی پەنجا سـاڵێک دەبوو چەکدارەکانی تریشی بانگ کرد کە پێنج کەس بـوون، دواتر بۆمان روون بۆوە خەڵکی ناوچەکە بـۆ ئەوەی خۆیان لەچەکدارانی داعش بپارێزن هەموویـان چەکیان هەڵگرتوە، لەبەر ئەوەی کورد بـوون دیار بوو پەیوەندیان بەهێزەکانی پێشمەرگەشـەوە هەبوو، چەکدارەکان لەگەڵمان هاتن بۆ نزیکی بەنداوەکەو دوای تەواوکردنی ئیشوکارەکانمان بەڕێیانکردین.

بەنداوی موسڵ لە ساڵی ١٩٨٣ دروستکراوە و دەکەوێتە سەر رووباری دیجلە، نزیکەی ٥٠ کیلۆمەتر لە باشوری موسڵەوەیە، وێستگەیەکی سەرەکی بەرهەمهێنانی کارەبای پارێزگای

نەینەوا و ناوچەکانی تری باکوری عیراقی تێدایە، هەروەها بەنداوی موسڵ بەسەرچاوەیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ زەوییە کشتوکالیەکانی نەینەوا.
بەنداوی موســـڵ ٢ ,٣ کیلۆمەتر درێژە و بەگوێرەی ئاماری لایەنە ســـەربەخۆکان، ١٢, ٥ ملیۆن مەتر سێجا ئاوی تێدایە. ئەگەر هەرەس بهێنێت ئەوا دەبێتە هۆی ژێر ئاو کەوتنی زەوییەکانی دەوروبەری روباری دیجلە تا دەگاتە موسڵ کە ١, ٧ ملیۆن کەس تێیدا دەژی، هاو کات لافاویش لە چەند ناوچەیەکی عیراقدا دروست دەکات تاکو دەگاتە بەغدا.

# لەزوممار شەڕ کۆتایی نایەت

بۆ یەکەم جار سەردانی ناوچەی زوممار کرد پێشتر تەنیا لەڕێگەی میدیا و نوسینەکانەوە ناوی زوممارم بیســـت بوو، بەشێک لەئامانجی چوونم بۆ ئەو ناوچەیە دوای دروستبوونی شەڕی داعش بوو کە بەپێویستم زانی خۆم ناوچەکە ببینم و کاری میدیایی لەسەر بکەم. بۆ ئەوەی زانیاری تەواوم لەسەر ئەو ناوچانە هەبێت، کە بەبەشێک لەهەرێمی کوردستان دادەنرێت، بەڵام حکومەتی ناوەندیش ململانێی لەســـەر دەکات و بەدرێژایی مێژووش ئەو ناوچانە کێشەی لەسەر بووە لەنێوان کورد و عەرەب.

زوممار، بەبەشـــێک لەهەرێمی کوردستان دادەنرێت و بەکشـــتوکال و سامانی سروشتی بەناوبانگـــە، ناوچەکە بە ماددەی ١٤٠ دادەنرێت کوردیـــش بەردەوام پێداگیریکردوە، کە زوممارو ناوچەکە بەگشتی پارچەیەکن لە خاکی کوردستان، سازشی لەسەر ناکرێت.

ناحیەی زوممار دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی شـــاری موســـڵ، لەڕووی ئیداریەوە ســـەر بەقەزای تەلعەفەرەو هاوســـنوری قەزای شنگالە، پارێزگای موسڵ و سوریاش بە یەکەوە دەبەســـتێتەوە، کە هاوسنوری ناحیەی ڕەبیعەیەو دوو کیلۆمەتر لەسنوری سوریا دوورە، بەپێی دواین ئامار ئەم سنوورە ژمارەی دانیشتوانەکەی سەد و ١٨ هەزار کەسن.

بەگوێرەی ســـایتی " ویکیبیدیا" ژمارەی گوندەکانی ســـەر بەناحیەی زوممارە ژمارەیان هەشتاو دوو گوندە".

لەگەڵ نزیک بوونەوەی چەکدارانی داعش لە ســـنوری میحوەری شـــنگال، زومماریش لە ســـەرەتای مانگی ئابی ٢٠١٤ کەوتە دەســـت داعش و پێشـــمەرگەش پاشەکشەیان کرد هەندێکیش بە"شکانەوە" ناویان برد.

چەکدارانـــی داعش بۆ ماوەیەک لەناحیەکە باڵا دەســـت بوون، هێزەکانی پێشـــمەرگەو سەرکردایەتی کوردیش لەبەرامبەر باڵادەستی داعش سەرقاڵی پلان و بەرنامە ڕێژی بوون و بەردەوامیش لێدوانی توندیان دەدا کە "نابێ" داعش لەسەر خاکی کوردستان بمێنێت.

لە ٣ی ئاب کە داعش ناوچەکەی کۆنترۆڵکرد،دوای چەند ڕۆژێک پشـــتیوانی ســـەربازیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردســـتان پێی نایە قۆناغێکی نوێ، چونکە لەکاتی هێرشـــەکانی داعش بۆ ســـەر ناوچەکە کورد لەجیاتی بەرگری زیاتر پاشەکشەی دەکرد چەکدارەکانیش بەشی زۆری چەک و کەرەستەی سەربازی سوپای عێراقیان پێبوو ئەوەش بووە هۆی ئەوەی بتوانن هێرش بکەنە ســـەر پێشـــمەرگەو ئەوانیش ناچار بە پاشەکشە بکەن.

لەوکاتدا پێشمەرگە وەک پێویست کەرەستەی سەربازی نەبوو، تەنانەت وڵاتانی دراوسێی هەرێمـــی کوردســـتانیش بەتایبەتی تورکیا کە هاوســـنوری ئیدارەی دەســـەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردســـتانە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانی نەکرد وڵاتانی عەرەبیش

ڕۆڵی تەماشاکەریان دەگێڕا هەر ئەوەش وایکرد داعش پێشڕەوی بکات.
لەسەروبەندی پێشڕەوی داعش بۆ ناوچە کوردییەکان، وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاش هاتنە دەنگ، چونکە هاتنی داعش-یان بۆ ئەو ناوچانە بەمەترسیەکی گەورە ناوزەد کرد و بڕیاری دامەزراندنی هاوپەیمانیتیەکیان دا لەدژی چەکدارانی داعش، لە (٤)ی ئاب بەدواوە هێرشی ئاسمانی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ سەر داعش دەستی پێکرد.
لە بەرامبەردا ڕەخنەی زۆر لەتورکیا گیرا، چونکە لەهەرێمی کوردستان پشکی شێری کۆمپانیا بیانیەکان بەر تورکیا کەوتوە، تا سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ بەگوێرەی ئامارەکان ژمارەی ئەو کۆمپانیا تورکیانەی لەهەرێمی کوردستان کاریانکردوە نزیکەی هەزارو چوار سەد کۆمپانیا بوون، بەردەوامیش ژمارەیان لەزیادبووندابووەو لەسەرجەم بوارەکاندا کار و وەبەرهێنانیان هەبووە.
هەروەها قەبارەی ئاڵوگۆڕی سەرمایەی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، لەساڵی ٢٠١٢ هەشت ملیار دۆلار بووە، لە ساڵی ٢٠١٣ نزیکەی ١٢ ملیار دۆلار بووە، ئەمە جگەلەوەی هەرێم و تورکیا لەسەر هەناردەکردنی نەوتی کوردستان، بۆ بەندەرە جیهانی-یەکان لەگەڵ تورکی ڕێک کەوتوون، هەروەها ئەم دوو لایەنەش ڕێکەوتنی ٥٠ سالەیان لە بواری نەوتدا هەیە، بەڵام ئەنقەرە هیچ هاوکاریەکی هەولێری نەکرد بە بیانووی ئەوەی زیاتر لە ٥٠ دبلۆماتکاری لەلای چەکدارانی داعش دەست بەسەرن، دواتر داعش دبلۆمتکارەکانی ئازاد کرد بەبێ ئەوەی زیانی گیانیان پێبگەینێت، بەڵام هاوکاری نەکردنی تورکیا بۆ هێزی پێشمەرگە جێگای باوەڕ نەبوو، چونکە هەرێم چاوەڕوان بوو وڵاتە هاوسێ و هاوپەیمانەکەی بەدەنگیەوە بێت، بەڵام بەو جۆرە دەرنەچوو، دوای تێپەڕبوونی چوار مانگ بەسەر شەڕی داعش،لەناوچەی ڕواندوز، تورکیا بنکەیەکی ڕاهێنانی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کردەوەو شارەزایانی سەربازی تورکیا ڕاهێنانیان بەپێشمەرگە دەکرد.
لە٢٢.١١.٢٠١٤، سەرۆک وەزیرانی تورکیا ئەحمەد داود ئۆغلو سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد لەچوارچێوەی سەردانەکەیدا پێش گەڕانەوەی لەگەڵ وەزیری پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان مستەفا سەید قادر، سەردانی بنکەی باپشتیانی سەر بەناحیەی دیانەی کرد کە شوێنی مەشقی پێشمەرگەکانی کوردستان بوو، هەروەها پاڵپشتی تورکیای نیشاندا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە.
دوای مانەوە چەکدارانی داعش لەناوچەکە، کە نزیکەی هەفتەیەک دەبوو، هێرشی ئاسمانی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا دەستی پێکرد لەسەرەتای ئۆپەراسیۆنەکە هێزەکانی پێشمەرگە لە چەند ناوچەیەکی کێشە لەسەر لەپێشڕەویدابوون و بەشێکی ئەو ناوچانەیان کۆنترۆڵ کردەوە، کە لە ژێر کۆنتڕۆڵی چەکدارانی داعشدا بوون.
هەر لەناوەڕاستی مانگی ئاب-دا هێزەکانی پێشمەرگە بە پاڵپشتی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکاو عیراق و بەهێزێکی پڕ چەکەوە لەچەند قۆڵێکەوە هێرشیان کردە سەر گوندی

مەحمودیەی ســـەر بە شـــارۆچکەی ڕەبیعە، کە ماوەیەک بوو لە ژێر دەستی چەکدارانی داعشدابوو، بەڵام توانیان کۆنترۆڵی بکەنەوە.
هەروەها هێزەکانی پێشـــمەرگە هێرشیان کردە ســـەر گوندی تەلموسی سەر بە ناحیەی زوممـــار دوای چەند کاتژمێک پێکدادان لەگەڵ چەکدارانـــی داعش ناوچەکەیان کۆنترۆڵ کردەوە.
ســـات بەســـات جەنگەکە بەرەو ئاقارێکی جیاوازتر هەنگاوی دەنا هێزەکانی پێشمەرگە ســـەرقاڵی خۆ کۆکردنەوە بوون و هاوپەیمانانیش لەو ماوەیەدا لەسەر ئاستی سیاسی و سەربازی زوو زوو پەیوەندییان بە بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستانەوە دەکرد.
پاش ١٠ ڕۆژ بەسەر بەردەوامی شەڕ لەمیحوەری زوممار شەڕەکە قۆناغێکی نوێی بەخۆوە بینی کورد ڕۆژ بەڕۆژ خەریکی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ ئەوەی بەهەر شێوەیەک بێت بتوانن ناوچەکەی ژێر دەسەڵاتی داعش کۆنترۆڵ بکەنەوە، ئەوەبوو لەڕۆژانی ٢٠ی ئاب هێزەکانی پێشـــمەرگە بەهاوکاری فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا توانیـــان چەند گوندێکی نزیک لە ناحیەی زوممار کۆنترۆڵ بکەنەوە.
شـــەڕی هێزەکانی پێشـــمەرگە ڕۆژ بەڕۆژ لە میحوەری زوممار کە بـــە ناوچەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتـــی دیجلە دادەنرێت لەلایەن زەعیم عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاســـی پ.د.ک سەرپەرشتی دەکرا. نزیک دەبۆوە لەناحیەکەو چەکدارانی داعشیش بەپێچەوانەی ڕۆژانی ڕابردوو، زیاد لەوەی بەرگریان دەکرد کەمتر هێرشـــیان بۆسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەهێنا.
لەڕۆژانی ٢٨ تا ٣١ ئاب هێزی پێشـــمەرگە هێرشـــێکی بەرفراوانی کردە سەر چەکدارانی داعش لە سنووری ناحیەی زوممار ئەو ناوچەیە بۆ هێزەکانی پێشمەرگ بوو، چونکە کورد بە کۆنترۆڵکردنەوەی زوممار ناحیەی ڕەبیعەی بۆ ئاسانتر دەبێت بۆ هێرشکردن، هەروەها بەرەو ناوچەکانی نزیکی قەزای شنگالیش دەتوانێت پێشڕەوی بکات.
ڕۆژی ٣٠ی ئابـــی ٢٠١٤ لەگەڵ هەردوو هاوپیشـــەم "ئیمرا یورڵمـــازو ئیمرا ئیلیکان" لە هەولێرەوە بەرەو زوممار بەڕێکەوتین، پێش ئەوەی بگەیتە زوممار دەبوو بەڕێگای فیشخاپور لە زاخۆوە خۆمان بگەیەنینە ئەو ناوچانە، دووری نێوان هەولێرو سنوری زوممار نزیکەی ٣٨٠ کیلۆ مەتر دەبێت.
زاخۆ، زۆرترین پەنابەری ئێزدیو خەڵکی ناوچەکانی زوممارو ڕەبیعەی تێدابوو، لەســـەر جادەو شـــوێنە گشـــتیەکان دەیان خێـــزان و ژن و منداڵت بەرچاو دەکـــەوت تەنانەت لەدەرەوەی ئەو شـــارە کە بەرەو زوممار دەڕۆیشتی هاوڵاتیانت بەرچاو دەکەوت بەدەستی بەتاڵ و بەشێکیشـــیان بەپێ خاوســـی دەهاتن و دەچوون، حکومەتی هەرێم-یش توانای هاوکاری بۆ ئەو ژمارە زۆرە ئاوارەی نەبوو، چونکە بەهۆی کۆنترۆڵکردنی شـــاری موسڵ لەلایەن داعشەوە پەنابەرێکی زۆر ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد بەتایبەتی بەشی زۆری

ئێزدییەکان روویان کردە زاخۆ، بەپێی ئامارێکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، نزیکەی ٦٠٠ هەزار هاوڵاتی لە سنوری پارێزگای نەینەوا ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون.

لە ٣٠ی ئاب هێزەکانی پێشـــمەرگە توانییان نزیکەی ٤٠ کیلۆمەتر پاشەکشە بەهێزەکانی داعش بکەن، گەرمی ناوچەکەو دەشتاییەکانی زوممارێش پالەپەستۆی زۆری بۆ هێزەکانی پێشمەرگە هێنابوو ئەوان ترسی بۆمبی چێنراوی داعش-یان هەبوو لەناوچەکە، بۆیە کەمتر بیریان لەخراپی دۆخەکەو کەش و هەوای ناوچەکە دەکردەوە.

هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی رۆژی ٣٠ی ئاب لەنزیک ناحیەی زوممار ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراوی چەکدارانی داعش بەکاروانی ئوتومبێلەکانی هێزەکانی پێشمەرگەدا تەقیبووە لەسەر جادەی گشـــتی ئەوە زیانی زۆری بەهێزەکانی پێشـــمەرگە گەیاندبوو باسیان لە شەهیدبوونی شەش پێشمەرگە چەند بریندارێکی دی دەکرد.

بەپێـــی ئەو زانیاریانەی کە هێزەکانی پێشـــمەرگە ئاشـــکرایان کرد "لـــەو چەند رۆژەی ئۆپەراســـیۆنی هێزەکانـــی پێشـــمەرگە توانیویانە زیاد لە ٥٠ چەکـــداری داعش بکوژن، دەستگیرکراویشیان هەبووە".

بەرەبەیانی رۆژی ٣١ی ئاب لە زاخۆوە بەرەو ناوچەکانی بەرەی شـــەڕ لەســـنوری زوممار بەڕێکەوتین، ناوچەکە ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگەی تێدا جێگرکرابوو چەندین خاڵی پشکنین هەبوو، بەڵام ئەوەی دەتبینی هەموو هێزەکان لەچوارچێوەی سەربازی رێکخرابوون، وەکو ناوچەکانی مەخموور و گوێڕ نەبوون.

ناوچە ئازادکراوەکان کە لەژێر دەســـەڵاتی پێشمەرگەبوون، بەهۆی بۆمبڕێژ و دانانەوەی مین و تەقەمەنی لە خانوو و رێگا ســـەرەکییەکان، لەلایەن داعشـــەوە، ئەرکی هێزەکانی پێشمەرگەی قورستر کردبوو ئەوانیش بەوریایەوە، هەڵسوکەوتیان دەکرد.

ئـــەو بەیانیەی بەر لەوەی بگەینە نزیک بەرەکانی شـــەڕ لەنزیکەوە گوێمان لە هۆڕێنێکی زۆری ئۆتۆمبێل بوو کاتێ زانیمان ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگربوو چەند پێشـــمەرگەیەک ئاڵای کوردستانیان بەرزکردبۆوە، پاش ئەوەی چەندین پارچە بۆمبی پڕ لە تەقەمەنی و تیئێنتی چەکدارانی داعشـــیان پوچەڵکردبـــۆوە، بەپێی ئەو زانیاریانـــەی وەرم گرت لەهێزەکانی پێشمەرگە مەزندەی ٥٠٠ کیلۆ تیئێنتی دەکرا. هەموو ئەو پارچە تەقەمەنی و تیئێنتیانە لەناو مەنجەڵ و قابلمە ئامادەکرابوو چۆنیەتی ئامادەکردنەکەشـــی وەها بوو هەرکەسێک سەری قابلەمەکانی هەڵبدابایەتەوە دەتەقیەوە.

دوای چەند رۆژێک لەشـــەڕو ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی پێشمەرگە، لە ٣١ی ئاب هێزەکانی پێشـــمەرگە توانیان بڕۆنە ناو شـــارەدێی زوممار، بێگومان ئەمەش ئاسان نەبوو داعش بەرگریەکی بەهێزی دەکرد، بەڵام پێشمەرگە بڕیاری شەڕی یەکلاکەرەوەی دابوو، هەروەها فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکاش هاوکارێکی باشـــی پێشمەرگە بوون بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکە.

لەو ئۆپەراسیۆنە کورد ئامانجی سەرەکی دەستبەسەردا گرتنی پاڵاوگە نەوتییەکان بوو بەتایبەتی "عەین زالە" و ئەوانی تر، ئەوەی پێشمەرگە توانی بیکات لەزوممارن ئەوەبوو هەرزوو بەبێ ئەوەی داعش زیانی زۆر بگەیەنێت بە پرۆژە نەوتییەکان، هێزەکانی پێشمەرگە سنوورەکەیان کۆنترۆڵ کرد.

کێڵگەی نەوتی عەین زالە، لەسێ بیری گەورەی نەوت پێکهاتووە، بەپێی ئەو زانیاریانەی خراوەتە روو نەوتی ئەم کێلگەیە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٩، نەوتەکەشی لەلایەن کۆمپانیای گەشەپێدانی بەریتانیەکان دۆزراوەتەوە.

ئەم کێڵگەیە راستەوخۆ سەر بە ناحیەی زوممارە، بەدووری ٨٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای موسڵ، پێش هاتنی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لەحوەزیرانی ٢٠١٤ رۆژانە ٢٠ هەزار بەرمیل نەوتی لێ دەردەهێنرا.

لەو کاتەی پێشمەرگە چوونە شارەکە، چاوەڕوان دەکرا پێشڕەوی زیاتر بکەن، بەڵام چاوەڕوانیەکە پێچەوانە بۆوەو نەیانتوانی پێشڕەوەی بکەن.

لەو بازگەیەیی دەکەوێتە پێش هێڵی شەڕەکە، لەگەڵ کوڕی بەرپرسێکی سەربازی لەفەرماندەی سەفین، قسەم کرد بە ناوی (شۆرش) قسەم کرد.

من و دوو هاوڕێکەم (ئیمرا)کان، کە خەڵکی باکوری کوردستانن، بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەیەکەوە بووین و وەک سێ هاوڕێ بەیەکەوە بەسەر تەواوی نارەحەتیەکان سەردەکەوتین، خۆمان ئامادەکرد بۆ ڕۆیشتن لەگەڵ کوڕی بەرپرسەکە، پیکابێکی سەربازی هێنا بەرێکەوتین.

لەکاتی چوونمان بۆ ناو زوممار زوو درکت بەوە دەکرد کە دوکەڵ تەواوی ئەو ناوچەیی داپۆشیوە، شۆرش، ئێمەی بۆ سەرەتای گەڕەکەکان برد، بەڵام لەنێو ئوتومبێل دەبوو سەرت نەوی بکەی لەبەر مەترسی قەناس، چونکە لەدوای بۆمبی چێنراو و هاوەن قەناس تاکە چەک بوو داعش بەکاری بهێنێت لەرێگا سەرەکیەکان و نێوماڵەکاندا.

لەپشت خانوێکی تازە دروستکراو دانیشتبووین و پێشمەرگەکانی لەنێو خانوەکە شەڕیان بەرامبەر بەداعش دەکرد چەکی کلاشینکۆف بەئاسان بڕی دەکرد، چونکە مەوداکەی نێوانیان زۆر نەبوو. کات نزیک دەبۆوە لەنیوەڕۆ، شەڕیش بەردەوام بوو، یەکێک لەپێشمەرگەکان وتی: "ئێوە شێتن، ئێمە سەرمان لێ شێواوەو توشی شەڕێکی خۆسەپێن بووین، بۆچی ئێوە هاتوون بۆ ئێرە؟ لەپێناو وێنەیەک، یان پارچە ڤیدیۆیەک، بەخوا شێتن، من ١٥ رۆژە ماڵەوەم نەبینیوە".

لەسەنگەرەکاندا ماندبوونت بەرووخساری هێزەکانی پێشمەرگەوە دەبینی، ئەگەر هێزەکە زۆر بوون، بەڵام پشوودان و شوێنی مانەوەیان خراپ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا شەڕکردنیان لەدژی داعش بەئەرکی خۆیان دەزانی، چونکە پێیانوابوو "داعش خاکەکەیانی داگیرکردوەو شەڕی بە کورد فرۆشتووە و غەدری لێ کردوون، بۆیە پێویستە رووبەڕووی ببنەوە.

کاتژمێر ١٢:٣٠ بوو ئۆتۆمبێلیکی زۆری هێزەکانی پێشمەرگە بۆ دواوە پاشەکشەیان کردو دەگەڕێنەوە بۆ بەرزاییەکانی دەوروبەری زوممار، ئەوەش وایکرد بپرسـم، ئایا پێشمەرگە دەکشێتەوە؟، لەوەڵامدا پێشـمەرگەکان وتیان: "نەخێر، ناکشێینەوە، لەدوێنێوە چەند شەهیدێکمان داوە چۆن ئێستا بەرپرسەکان بڕیاری کشانەوە دەدەن".

لەم گفتوگۆیانە بووین، پێشمەرگەکانی دەوروپشتی خۆشمان خۆیان ئامادەکرد بۆ کشانەوە، ئێمەش لەگەڵ کوڕی بەرپرسـە سەربازیەکە گەڕاینەوە، بۆ دەرەوەی سەنتەری شارەدێی زوممار، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە سنووری پالاوگەی "عەین زالە"یان چۆڵ نەکرد.

لە٣١ی ئاب کە پێشمەرگە بۆ دەروازەکانی دەرەوەی شارەدێکە کشایەوە، ئیدی لەوە بەدوا هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ماوەیەکی زۆر جێگربوون، کشانەوەی پێشمەرگە بەبڕیاری سەرووی خۆیان بوو بەشێکی زۆر لەهێزەکان تووشی سەرسوڕمان بوون، تەنانەت بەشێکیان دڵگران بوون بەکشانەوە، چونکە بۆ چوونە ناوەوەی زوممار زۆر ماندوو بوون. بۆیە لەبەرامبەر ئەو بڕیارەدا نیگەرانیان پێوە دیار بوو.

هێزەکانی پێشـمەرگە کێشـەیان ئەوەبوو لەگەڵ یەکتر پلانێکـی تۆکمەو پەیوەندیەکی باشیان نەبوو، تەنانەت ئامێری پەیوەندی کردنیان بەیەکترەوە تەنیا بەمۆبایل بوو ئەوەش کاریگەری نەرێنی هەبوو، چونکە چەند پێشـمەرگەیەک لەناو شـارەکە بەهۆی نەبوونی پەیوەندی و ئاگادارکردنەوەی سـەرووی خۆیان لەنـاو گەڕەکەکاندا مابوونەوە، دواتر کە زانیان پێشمەرگە کشاوەتەوە ئەوانیش بە خێرای پاشەکشەیان کرد.

لەسـنوری ناوچەکە شـەڕ هەر بەردەوام بوو، لەگەڵ ئەوەش بەردەوام دانیشـتوانەکەی ئەوانەی مابوونەوە هەوڵیان دەدا بگەن بەو ناوچانەی پێشمەرگەی تێدایە، بۆیە بەردەوام خەڵکت دەبینی بەرەو سنوری پێشـمەرگە دەهاتن تەنانەت لەنێو ئوتومبێلی هێزەکانی پێشـمەرگە ئوتومبێلی مەدەنیت دەبینی کە لەترسی داعش هەلدەهاتن، ئەوانیش بەشی هەر زۆریان کورد بوون.

بەڵام ئەوەی بەلامەوە سـەرنج راکێشا بوو لەسندوقی ئوتومبێلەکان چەند کچێکی گەنجم بینی بە بەتانی و سـەرچەف سـەریان داپۆشی بوو، لەبەرامبەریشـدا کەس و کاریان بەلایانەوە شتێکی ئاسایی بوو، وایان نیشاندەدا کە کچەکان وایان پێخۆش بووە، بەڵام من ئەمەم بەپێچەوانەوە دەبینی ئەو خێزانانە بەشێکیان لە ناو دەسەڵاتی داعش هەڵهاتبوون، ترسیان لە ئافرەتە گەنجەکانیان هەبوو بەشێکی تریش رێگای هاتووچۆ خراپ بوو ناوچەکە چۆڵەوانەکەشـی بوو، هۆکاری دروستبوونی ئەو گومانانەم لەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە بینیم پیاو و کوڕە گەنجەکانیان لە پێشەوە، یان لە ناوەڕاست دانیشتوون، بەڵام کچەکان لە سندوقی ئۆتۆمبێلەکانن و بە بەتانیان داوە بەسەریاندا.

ئەو ناوچانەی پێشـمەرگە کۆنترۆڵی کردنەوە، بارودۆخەکەی تا ڕادەیەک ئاسایی دەبۆوە بەهۆی نەمانی شـەڕ، پێشمەرگەش سەرقاڵی هەڵگرتنەوەی مین و تەقەمەنی چەکدارانی

داعش بوون، هەر لە ڕۆژانی مانگی٩ بوو پێشمەرگە چەند خانوێکی تەقاندەوە، پەیوەندیم بە بەرپرسێکی سەربازی کرد وتی: "داعش خانوەکانی بۆمب ڕێژکردوە، ئێمەش هەستاوین بە تەقاندنەوەیان".

سـنوری زوممار بەشێکە لەمیحوەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دیجلە، زەعیم عەلی، ئەندامی مەکتەبـی سیاسـی پارتی دیموکراتی کوردسـتان لەناوچەکە سەرپەرشـتی هێزەکانی پێشـمەرگەی دەکرد، ئەو پێشـمەرگەیەکی دێرینی دیاری نێـو هێزەکانی پارتی بووە، ناوچەکـەش پێگەیەکی گرنگە بۆ کوردو بـۆ پارتی، ڕەنگە هەر ئەوەش هۆکار بوو بێـت (مەسعود بارزانی) زەعیمی هەڵبژارد بێت.

ئاسـان نییە دوای ئەو ماوە زۆرەی شـەڕ لەناوچەکە بوو، کە زەرەرو زیانی بە بالەخانەو خانوەکان گەیاندووە زوو وەک خۆی لێ بێتەوە، هەندێ گوند بەجۆرێک زیانی بەرکەوتووە وا دێتـە بەرچاو سـالانێک بێـت ژیانی تێدا نەبوو بێت، ئەو گونـدەی کە خۆم بینیم و بووە جێگای سـەرنج و ورد بوونەوەم گوندی (بارزان کی) بوو کە دەکەوێتە لای چەپی پێش شـارەدێی زوممار، گوندەکە هیچی بەسەر هیچەوە نەمابوو بە تەواوی خاپور ببوو، ئەوەش لە کاتێکدا بوو لە ئۆپەراسـیۆنی ڕۆژانی ٢٩ تا ٣١ ئابی ٢٠١٤ ئەو گوندە چەند خانوێکی لەلایەن فڕۆکەکانی هاوپەیمانانەوە بۆردومان کرابوون، بەڵام ئەوەی سـەرنجی ڕێبواران رادەکێشێت تەنیا مزگەوتێک بە تێک نەدراوی ماوەتەوە، هەر بە بینینی دیمەنی گوندەکە پرسـیارت لا دروست دەبێت، بۆچی ئەم گوندە وەها خاپوور بووە؟ ئایا هەموو دانیشتوانەکەی کە نزیکەی ١٠٠ ماڵ دەبێت، لایەنگری داعش بوون؟.

ڕۆژی ٢٠١٥ ,٤ ,٢٧ کاتێـک لە گونـدی عەین فارس بووم بۆ چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ زەعیم عەلی بەرپرسـی میحوەری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، پرسـیاری ئەوەم لێ کرد بۆچی خانوەکانی ئەم گوندە وەها ڕووخاون، وتی "داعش بوون".

ڕووخان و تێکدانی دوکان و خانوو لەسنووری زوممارو ڕەبیعە زۆر بەرچاو دەکەوت، ئەمەش دوای کۆنتڕۆڵکردنـەوەی ناوچەکان بوو لەلایەن هێزەکانی پێشـمەرگەوە تێک دەدران، بەشێکیش لەو خانووانە گومانیان لێ دەکرا لەلایەن چەکدارانی داعش بۆمبڕێژ کراو بن.

# زوممار. شارێکی وێران، له‌ نێوان سێ ده‌سه‌ڵاتی ناوچه‌که‌

له‌ به‌رواری ٢٥ی ئایاری ٢٠١٥ له‌گه‌ڵ هاوکارانم ئاده‌م ده‌میر و ئیمرا یۆرڵماز چوومه‌وه‌ بۆ ناحیه‌ی زوممار، له‌دوایی دروست بوونی شه‌ڕ له‌ناوچه‌که‌ سێیه‌م جارم بوو بۆ ناوچه‌ برۆم ئه‌و چونانه‌م له‌کاتێک بوو که‌ ئه‌م ناوچه‌یه‌ یه‌ک پارچه‌ جه‌نگ بوو هاوڵاتیه‌کی ئاسایی به‌تایبه‌تی ژن و منداڵت به‌رچاو نه‌ده‌که‌وت، به‌ڵام دوای کۆنترۆڵکردنه‌وه‌، هه‌ندێ له‌ دانیشتوانه‌که‌ی ده‌گه‌ڕانه‌وه‌ بۆ سه‌ر زێدی خۆیان، چونکه‌ زوممار ناوچه‌یه‌کی کشتوکاڵیه‌ ئه‌مه‌ش به‌شێکی زۆری داهاتی خه‌ڵکه‌که‌یه‌تی.

سنووری ناحیه‌ی زوممار له‌ ١٧ی کانوونی یه‌که‌م به‌ یه‌کجاری له‌لایه‌ن هێزه‌کانی پێشمه‌رگه‌ له‌چه‌کدارانی رێکخراوی ده‌وڵه‌تی ئیسلامی له‌عێراق و شام ناسراو به‌داعش پاکرایه‌وه‌.

به‌ره‌به‌یانی رۆژی چوارشه‌ممه‌ ٢٠١٤ ,١٢ ,١٧ هێزه‌کانی پێشمه‌رگه‌ی کوردستان، به‌هاوکاری فرۆکه‌ جه‌نگیه‌کان هێزی هاوپه‌یمان، له‌ سنووری میحوه‌ری رۆژئاوای دیجله‌ هێرشیان کرده‌ سه‌ر چه‌کدارانی رێکخراوی ده‌وڵه‌تی ئیسلامی و توانیان شه‌ش گوندی سه‌ر به‌ناحیه‌ی زوممار کۆنترۆڵ بکه‌ن.

هه‌مان رۆژ له‌گه‌ڵ هاوکارانم فه‌رهاد جه‌هان په‌ناو ئیمرا یورڵماز وه‌ک تیمی رۆژنامه‌وانی ئاژانسی هه‌واڵی ئانادۆڵ له‌به‌ره‌ی شه‌ڕه‌که‌ ئاماده‌ بووین.

سه‌ره‌تای رۆژ شه‌ری نێوان هێزه‌کانی پێشمه‌رگه‌ و چه‌کدارانی داعش له‌ گونده‌کانی ده‌وروبه‌ری ناحیه‌ی زوممار ده‌ستی پێکرد نزیکه‌ی ١٠ کاتژمێری خایاند ئێواره‌ دره‌نگانێ هێزه‌کانی پێشمه‌رگه‌ توانیان بچنه‌ نێو گوندی قه‌سه‌ریج.

له‌و هێرشه‌ی هێزه‌کانی پێشمه‌رگه‌ی کوردستان، بۆ سه‌ر چه‌کدارانی داعش گونده‌کانیش به‌هۆی فراوانی نێوانیان و پانتای جوگرافیای ناوچه‌که‌ ژماره‌یه‌کی زۆر له‌هێزی پێشمه‌رگه‌ بڵاوه‌یان پێکرابوو چه‌کی قورسیشیان پێ بوو ته‌نانه‌ت ده‌بابه‌ و تۆپی دوورمه‌وداش ده‌بینرا.

دوای چوونه‌ نێو گوندی قه‌سه‌ریج له‌ نێو پێشمه‌رگه‌کان به‌رپرسی سوپای چواری هێزه‌کانی زێره‌ڤانی عه‌مید حه‌مه‌ ره‌شید حاجی رۆسته‌م بۆ ئاژانسی ئانادۆڵ وتی: "له‌به‌ره‌ به‌یانی زوو هێرشمان کردووه‌ته‌ سه‌ر چه‌کدارانی داعش خۆشبه‌ختانه‌ توانیمان به‌زیانێکی که‌م گورزی کوشنده‌ له‌ داعش بده‌ین".

ئه‌و پیاوێکی باڵا به‌رزی ره‌شتاڵه‌ بوو خه‌ڵکی سنووری ده‌ربه‌ندیخانه‌و له‌ عه‌شیره‌تی شه‌مێرانی نزیک هه‌ڵه‌بجه‌یه‌ پیاوێکی زۆر به‌جوڵه‌یه‌و له‌هه‌ر شوێنێک حزب بڕیار بدات، خۆی ده‌گه‌یه‌نێته‌ ناوچه‌که‌، چونکه‌ پێش چه‌ند رۆژێک له‌ سنووری میحوه‌ری خازر بوو.

له‌و شه‌ڕ و هێرشه‌ی هێزه‌کانی پێشمه‌رگه‌ بۆ سه‌ر داعش ژماره‌یه‌ک گوند ئازاد کرا له‌وانه‌ (قه‌سه‌ریج، فه‌قیرۆک، گرگامێش هه‌روه‌ها کۆبانکێ، حوگنه‌، کارێز له‌گه‌ڵ گونده‌کانی به‌رشۆری گه‌وره‌ و بچووک ئازاد).

هێزەکانی پێشـــمەرگەو بەرپرســـانیان بەردەوام جەختیان لەوە دەکردەوە کە چەکدارانی داعش توانای بەرگریان نەماوە، ئەوان ڕۆژ بەرۆژ هەڵدێن، ئێمەش وەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بڕیاری سەرووی خۆمان جێبەجێ دەکەین، هەر شوێنێک کە ناوچەی کوردستان بێت، کۆنترۆڵی دەکەینەوە.

لەو چەند کاتژمێرەی شـــەڕی نێوان پێشـــمەرگە و چەکدارانی داعش ژمارەیەکی زۆر لەو گوندانەی ســـەربە ناحیەی زوممار-ن کۆنترۆڵ کرانەوەو هێزەکانی پێشمەرگە باسیان لە زیانەکانی هەردوولا دەکرد، بەڵام بەراورد بە داعش پێشمەرگە شەهید و برینداری کەمتر بوو، لەدوو شوێنی جیاوازدا ٢١ تەرمی داعش هەبوو.

لەوکاتەدا، هێزێکی زۆری پێشمەرگە بە چەکی قورسەوە، لە سنووری زوممار کۆکرابوونەوە، لەو هەڵمەتەدا هێزەکانی پێشـــمەرگەی کوردستان، توانیان سێ ڕێیانی ستراتیژیی شاری موســـڵ و ناوچەی کەســـکێ بە عوێنات و زوممارەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە.

گەورەتریـــن ڕووداو لـــە گوندی قەســـەریج بوو لەلایەن چەکدارێکـــی خۆکوژی داعش بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بە کاروانێکی ئۆتۆمبێلەکانی هیزی پێشمەرگەدا تەقاندەوە، ئەمەش دوای کۆنترۆڵکردنی چەند گوندێک بوو لە ناحیەی زوممار، کە
ژمارەیەک بریندارو شەهیدی لێ کەوتەوەو دیاریترین ئەو کەسانە بەرپرسێکی دژە تیرۆری ئاسایشی دهۆک بوو ناوی ئەحمەد شێخ مزوری بوو.

چیرۆکی ئەحمەد مزوری بە ئاســـانی باس ناکرێت، چونکـــە بەئۆتۆمبێلەکەی ڕێگری لە ئۆتۆمبێلی کەســـە خۆکوژەکەی داعـــش گرتبوو بۆ ئەوەی کەمتریـــن زیان بەهێزەکانی پێشمەرگە بگەیەنێت.

دوای ڕووداوەکە کە قوربانی لێکەوتەوە، ئەحمەد مزوریش یەکێک بوو لەو پێشمەرگەکان، بەهۆی ئەو ڕێگری و گیان فیدایەی خۆی وەک پاڵەوان پێناسە دەکرا، لەلای پێشمەرگەکان بە"پیاوێکـــی جوان و مـــەرد" ناوی دەهێنرا. ئەمەش بۆ هێزەکانی پێشـــمەرگەو خەڵکی کوردســـتان، جێی قســـەو باس بوو تەنانەت بەشـــی زۆری بەکار بەرانی کورد لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکانـــی ئینتەرنێت بۆ ماوەیەک باس هەر باســـی ئەحمـــەد مزوری بوو هۆی گرنگی پێدانی شەهیدان و قوربانییانی هێزەکانی پێشمەرگە لەشەڕی داعش ئەوەبوو کە کورد بە هەموو ڕەنگ و ئایدیایەکەوە پێیانوایە داعش "هێزێکی بەربەری تاریک پەرستی کۆنخوازە، دەیەوێ کۆمەڵگا بگەڕێنێتەوە بۆ چاخە کۆنەکان و دژی ئازادی و یەکســـانی نێوان کۆمەڵگاو ئایین و نەتەوە جیاجیاکانە، بۆیە پێویستە ئەو کە هاتوەتە سەر خاکی کوردستان، کورد لەدژی شەڕ بکات".

دوای ســـێ مانگ کە گەڕامەوە بۆ سنووری زوممار هێشـــتا ناوچەکە بەدۆخێکی ئاسایدا تێنەدەپەڕی راســـتە ئازادکـــراوە و چەند ماڵێکیش گەڕاونەتەوە، بـــەڵام بەو مانایە نیە

دۆخەکە وەک جارانی لێ هاتووەتەوە، چونکە بەشێکی زۆر لە خانووی ناحیەو دەوروبەری رووخێنرابوون، پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیش راگیرابوون.
دوای سەردانمان بۆ لای بەرێوەبەری ناحیەکە چەند گەڕەکێکی شاردێیەکەمان بینی بەشێکی زۆر لەخانوو بینایەکانی رووخابوون، ئەو خانوانە بەشێکیان بەتایبەتی باڵەخانە حکوومیەکان بەهۆی چەکدارانی داعش کرابوونە ئامانجی فڕۆکە سەربازیەکانی هاوپەیمانان، بەشێکی تری خانووەکان چەکدارانی داعش تیئێنتی رێژیانکردبوو ئەوەش ئاشکرا بوو کە بەشێکی تر خانووەکان بەتایبەتی هی ئەو ماڵە عەرەبانەی کە گومانیان لێ کرابوو لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە تەقێنرابوونەوە.
لەلایەکی تریش ئەم ناوچەیە تایبەتی خۆی هەیە، چونکە لەڕووی ئیداری سەر بەپارێزگای نەینەوایە و کورد تێیدا دەسەڵاتدارە، زومماریش وەک ناوچەی جێناکۆک دادەنرێت، بەڵام سەیر تر دۆخی ئێستایە کە ناوەندی پارێزگاکە چەکدارانی داعش تێیدا دەسەڵاتدارن، هیچ پەیوەندیەکی ئابوری و سیاسی و کلتوری نیە لەنێوان زوممار و موسڵ هاتووچۆ قەدەغەیە ئەوەی هەیەو کراوە حکوومەتی هەرێم هاوکاری ئیدارەو خەڵکەکەی کردوە لەرووی خزمەتگوزاری ئاو کارەباو ئاسایش... ئەمەی خوارەوە دەقی راپۆرتێکمە کە هەمان راپۆرت لە بەشی تورکی ئاژانسی ئانادۆڵ بڵاو کراتەوە، چەندین مێدیای نێوخۆی و بیانی بڵاویان کردوەتەوە.
شاری زوممار لە ٢٥ی مانگی تشرینی یەکەمی رابردوو لەلەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە کۆنترۆڵکراتەوە، پێشتر چەکدارانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش دەسەڵاتداربوون.
لەئێستا ژمارەیەکی زۆر خانووی هاووڵاتییان و باڵەخانەی حکوومی بە بۆردومانی فڕۆکەکانی جەنگی و تی ئێن تی تەقێنراونەتەوە.
گەڕەکەکان چۆڵن، ناوە ناوە، منداڵان و گەنجانت بەرچاو دەکەوێت چەند دووکانێکی خواردەمەنی کراونەتەوە.
بەڕێوەبەری ناحیەکە مزاحم سلێمان سەعدون، لە دیدارێکی ئاژانسی ئانادۆڵ دەڵێت:
"سەدا ٨٥ دانیشتوانی ناحیەی زوممار گەڕاونەتەوە بۆسەر ژیانی ئاساییان و بەشێکی تری ئەو هاووڵاتییانەی نەگەڕاونەتەوە، هاووڵاتی عەرەبن چوونەتە نێو داعش بەشێکی تریشیان، تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە. بەگشتی نزیکەی ١٣ هەزارو ٥٠٠ خێزان گەڕاونەتەوە و خزمەتگوزاری ئاو و کارەبا و قوتابخانە و نەخۆشخانە هەیە ئەوەش حکوومەتی هەرێم دابینیکردووە".
بینای ناحیەی شارەکە پێشتر چەکدارانی داعشی تێدابووە، لەلایەن فڕۆکەکانی جەنگی رووخێنراوە، ئێستا کاروباری ئیداری لە خانووی هاووڵاتیەکی عەرەب رایی دەکرێت.
راستە شارەکە لەرووی ئاسایشەوە پارێزراوە، بەڵام چەکدارێکی زۆر بەرچاو دەکەوێت

کەسانی دەورووپشتی بەڕێوەبەری ناحیەکەش چەکیان هەڵگرتووە.
مزاحم سلێمان، لەژوورەکەی دەمانچەیەکی لای ڕاستی دانابوو لەدرێژەی دیدارەکەی لەگەڵ پەیامنێری ئانادۆڵو بەڕێوەبەری ناحیەکە ڕەخنە لە حکومەتی ناوەند گرت دەڵێت: "بەداخەوە حکوومەتی ناوەند هیچ هاوکاریەکی نەکردووین، شارەکەمان بەهۆی شەڕی داعش ژێرخانی ئابووری و خزمەتگوزارییەوە رووخاوە، هەتا ئێستا بەغدا بوودجەی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ی بۆ خەرج نەکردووین".
لەپاڵ ڕەخنەی کاربەدەستانی ئیداری شارەکە بەڵام حکوومەتی عێراق مووچەی فەرمانبەران و ئیدارەی زوممار خەرج دەکات.
بەڕێوەبەری ناحیەکە دەڵێت: "ناوچەکەی ئێمە سەربە پارێزگای مووسڵە و حکوومەتی ناوەند دوو مانگ جارێک مووچەی فەرمانبەران دەدات".
مزاحم وتیشی: "هیچ پەیوەندیەکمان بە پارێزگای مووسڵەوە نییە ئێستا چونکە داعش دەسەڵاتدارە و سەردان و هاتووچۆ لەنێوانماندا نییە خۆراک و پێداویستییەکانیش لە سنووری پارێزگای دهۆک دەیهێنین".
هەر هاووڵاتیەک زیانی ماددی بەرکەوتبێت سەردانی پۆلیسی شارەکە دەکات و دەڕواتە دادگا بۆ ئەوەی سکاڵا تۆمار بکات، قەرەبوو بکرێتەوە.
مزاحم سلێمان، دەڵێت "ئەوە بڕیارێکی ئیدارییە دەمانەوێت بزانین هاوڵاتیان، لە شەڕی داعش چ زیانێکیان بەرکەوتووە، بۆ ئەوەی بتوانین لەداهاتوودا لەلایەن حکومەتی ناوەند قەرەبوو بکرێنەوە، بەڵام تا ئێستا نەچووینەتە بەغدا".
پێش حوزەیرانی ساڵی رابردوو ناحیەی زوممار لە نێوان حکومەتی ناوەندی عێراق و هەرێمی کوردستان، هەندی جار باجی ململانێ سیاسیەکانی داوە، بۆ ساڵێکیش دەڕوات کە چەکدارانی داعش لەپارێزگاکە دەسەڵاتدارن، ئەم ناحیە کێشەکانی زیاتر بووە.
بەرێوەبەری ناحیەکە گوتی: "کێشەکان زیاتربوون، بەوپێیەی ئەم سنوورە سەربە ماددەی ١٤٠ و ناوچە کێشە لەسەرەکانە سەرەڕای ئەوەی کێشەی ناوچەکە چارەسەرنەکراوە، داعشیش هات کێشەکانی ئاڵۆزتر کرد ژێرخانی ئابووری و خزمەتگوزاری لە شارەکەمان تێک چووە، لەساڵانی رابردوو بوودجەی ناوچەکەمان هەشت و نۆ ملیار دینار بووە، ئەمرۆ پێویستمان بە دوو ئەوەندەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارەکە".
مزاحم وتیشی: "پێشتر چەندین پرۆژەی جۆراوجۆر لەبواری تەندورستی ئاو و کارەبا و خوێندن ئەنجامدراون، گوند نەمابوو کارەبای بۆ رانەکێشرێت بێگومان حکوومەتی هەرێم رۆڵی باشی هەبووە، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە، چونکە داعش ئیدارەی پارێزگای مووسڵ دەکات و ئێمەش پەیوەندیمان لەگەڵیان نیە هەروەها بوودجەش لە بەغداوە نایەت و بارودۆخی حکوومەتی هەرێمیش هەموولایەک دەزانێت چۆنە".

## شنگال برینه سارێژ نەکراوەکە

شارۆچکەی شنگال دەکەوێتە رۆژئاوای کوردستانی باشوور- هەرێمی کوردستان، هەروەها ١٢٠ کیلۆمەتر لەشـــاری موســـڵی ناوەندی پارێزگای نەینەوا دوورە، شنگال یەکێکە لەو شارە کۆنانەی بەدرێژایی مێژوو ژیان تێیدا بەردەوام بووە، تەواوی ئەو گەشتیارو مێژوو نوسانەی سەردانی شوێنە دێرین و مێژووییەکانیان کردوە ئەو راستیەیان ئاشکرا کردوەو ئێســـتاش ئاســـەواری نەخش و نیگار لەســـەر بەردەکانی ئەم ناوچەیەو شاخی شنگال بەجێهێشتووەو دەبینرێت.

تەنانەت پێش حوکمڕانی عوســـمانیەکان، ١٥٠٠ی زایینی و دواتریش لەماوەی حوکمڕانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی شـــنگال رووبەڕووی گەلێک ئاستەنگ و شەڕو قڕکردن بۆتەوە، هۆکارەکـــەی دەگەڕێتـــەوە بۆ ئەوەی بەردەوام ژیانی تێدا کراوە، لەو کاتیشـــەوە هاتنی داگیرکەران بۆ هەر ناوچەیەک بوو بێت بەشەڕو خۆسەپاندن بووە بەسەر ناوچەکان، وەک لە کتێبی رۆژ ژمێری موســـڵ کە لەلایەن تۆفیق فکرەتەوە ئامادەکراوە، لە ســـاڵی ١٨٩٣ باس لەوە دەکات، کە رێژەی خانوو لە ناوچەی شـــنگال پێش هێرشی سەلجوقیەکان ٣٥ هەزار بووە.

ئـــەم ناوچەیە چەندین جار رووبەڕووی تەعریب و بەعەرەبکردن و راگواســـتن بووەتەوە، لە ســـاڵی ١٩٦٣ دوای کودەتای حزبی بەعس شـــاڵاوی بە عەرەبکردنی شاری شنگال و دەوروبەری زیادیکرد، بەڵام فراوانتری شـــاڵاوی گۆڕانـــکاری دیمۆگرافی و قەڵاچۆکردنی دانیشـــتوانی ئێزیدی کە کوردن لە ســـاڵی ١٩٧٥ دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول دەستی پێکرد هەر لەو ساڵەدا پێنج گەرەکی ئەو شارە "برج، کلاهی. برسهی، جوسقی، پیرزگر" و ٦٠٪ی بربروش تەختکران و دانیتشـــوانەکەیان دەرکران، زیاتر لە ١٣٣ خێزان رەوانەی ناوچەکانی تری کوردستان کران.

هەر لەدرێژەی شـــاڵاوی دەرکردن و تەعریبەی لەلایەن دەســـەڵاتدارانی پێشـــووی عێراق لەساڵی ١٩٨٠ بەدواوە کارەکانی حکومەتی بەعس بۆ تەرییبکردنی ناوچەی شنگال دەستی پێکرد، کە مەترسی دارترین شت ئەوەبوو حکومەت ٣٩٧٦ پارچە زەوی بەخۆڕای بەسەر هۆزە عەرەبەکاندا لە شـــنگال و دەوروبەری دابەشـــکرد. هەروەها بەپێی ئاماری ١٩٩٧ ژمارەی دانیشتوانی شنگال و ناوچەو گوندەکانی لە ١١٠٨٧ خێزان پێکهاتبوون و ١٥٤٧٩ خانووی تێدابووە.

دوای رووخانـــی رژێمی بەعس لەعێـــراق هەلومەرجی شـــنگال و ناوچەکانی دەوروبەری بەشـــێوەیەکی روونتر ئامار و رێژەی دانیشـــتوانەکەی خرایـــە روو، بەپێی ئامارەکانیش ناوەندی قەزاو دەوروبەری شنگال لە ٨١ هەزار کەس پێکهاتووە، کە رێژەی کوردی ئێزیدی لە٪٨٤ی ژمارەیدانیشتوانەکەی پێک دەهێنێت، کوردی موسڵمان لە٪٢٥و عەرەبیش ٪٤ پێک دێنن لەقەزاکە، ئەمەش بەپێی ئاماری دەستەی گشتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی

کوردستان، قەزاکە پێکهاتووە لە ناحیەی گرعوزێر، شنگال، سنوون، زوممار".
لە٣ی ئابی ٢٠١٤ کاتێ چەکدارانی داعش هێرشـــیان بۆ سەر ناوچەکانی موسڵ و نەینەوا کرد توانیان شـــاری شـــنگال و دەوروبەریشی کۆنترۆڵ بکەن، لەو سەروبەندەدا ٣٠هەزار کەس لەدانیشتوانی شنگال روویان لە ناوچە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان کرد بەتایبەت لەکەمپی باجد کەندالا لە پارێزگای دهۆک نیشـــتەجێبوون، ئاوارەکان خەڵکی شـــیخان و تلکێف بوون، کە ئەوان جیاواز بوون لەدانیشتوانی شنگال.
دوای ئەوەی داعش ناوچەکەی کۆنترۆڵکرد لە٪٢٥ی دانیشـــتوانەکە هەڵهاتن و شنگاڵیان جێهێشـــت، لەکاتێکدا ٧٥٪ لەنێو شـــنگاڵ و دەوربەری مابوونەوە کە دەکاتە ٢٠٠ هەزار کەس روویان لەســـەر چیای شنگال کرد ئاوارەکان بەزۆری دانیشتوانی شنگال شارەکەو ناحیەی سنوونێ بوون. بەپێی زانیارییەکان لە٪٩٥ی ئەوانەی چوونە سەر چیاکە ئێزدی بوون٪٥ی شـــیعەو کریســـتیان و ٤٪یان منداڵ بوون ٢٪یان تەمەنیان لەســـەرووی ٦٠ ساڵیەوە بوو.
زیاتـــر لە ٤٣٠ هەزار کوردی ئێـــزدی ئاوارەبوون و نزیکەی ١٤٠هەزار کەس-یش زیاتر لە (١٠) رۆژ بێ خۆراک لە سەر چیای شنگال گیریان خواردبوو توانای هاتوچۆکردنی پیادە نەبوو بۆ ئەو ســـەر چیایە نزیکەی ٢٩٠هەزار کەسی تریشیان ئاوارەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بوون، بەشێکیش روویان لە تورکیاو سوریا کرد.
لەدوای هاتنی داعش سەدان هاوڵاتی ئێزیدی بێ سەرو شوێن بوون و تا ئێستا دیار نین، بەپێی ئامارێکی نافەرمی نزیکەی پێنج هەزار کەس چارەنووس و ناسنامەیان دیار نیە، ئەوانەی تائێستاش بێ سەرو شوێنن لەهەموو چین وتوێژێک و رەگەزو تەمەنێکی تێدایە، تا مانگی ئاياری ٢٠١٥ نزیکەی شـــەش ســـەد کەس لەو هاوڵاتیە ئێزدیانە ئازادکراون کە نزیکەی ٣٥٠ لەوانە ئافرەت و ژنن لەتەمەنی جیاوازدان لەدایک بووی ١٩٢٢ تێدایە تا ١٩٨٠ و ١٩٩٠ و هەروەها لەدایک بووی ٢٠٠٠یشی تێدایە، بەهەمان شێوە رەگەزی نێرینەش لە تەمەنی یەک ساڵی تا سەروی پەنجا ساڵی تێدایە.
لەسەرەتای داگیرکردنی ناوچەی شنگال لەلایەن داعشەوە بەپێی ئامارێک زیاتر لە ١٨٠٠ کەس دووچاری کوشتنی بە کۆمەڵ بوونەتەوە، تەنیا لە گوندی کۆچۆ چوارسەد کەس کە پیاوبوون لە گۆڕێکی بەکۆمەڵ نێژراون.
هەروەها رفاندنیش بەشـــێکی ترە لەو کارەساتەی بەسەر ئێزدیەکاندا هات زیاتر لە سێ هەزار کچ و ژن و منداڵ جیاکراونەتەوەو بەزۆر دەســـتدرێژی سێکسی کراوەتە سەریان، جگەلەوەش بەزۆر ئاینیان پێگۆڕاوە ئائینی ئیسلامیان بەسەردا سەپاندون.
لە ســـەروبەندی دیارنەمانی کچان و ژنانی ئێزدی، ژمارەیەک کچ و ژنی مەسیحیشـــیان لەناودا هەبووە، بەڵام بەرێژەیەکی کەمتر لەو ســـاتەدا دەســـتەی بیت المال"ی رێکخراوی دەوڵەتی ئیســـلامی لە عێراق و شام ناســـراو بەداعش بەپێی بەڵگەنامەیەک کە بڵاویان

کردوە، بریاریانداوە نرخ لەســـەر ئافرەتان و ژنانی ئێزیدی و مەسیحی دابنێن هەر نرخەو بەپێی تەمەن بێت بۆ ئەوەی هەموو پابەند بێت بە یاســـاو ئەو نرخانەی کە رێکخراوەکە دیاریکردوە، سزای لە سێدارەدانیشی تێدا ئاماژە بۆ کردوە.

نرخەکانی ژنان و کچانیش بەشـــێوەیەک لە شـــێوەکانی دیاریکراوە، ژنێکی پێگەیشتوو تەمەنی لە نێوان ٣٠بۆ٤٠ ســـاڵ بێت، ئێزدی و مەســـیحی نرخەکـــەی ٧٥ هەزار دیناری عێراقی بووە، هەروەها ژنێکی پێگەیشتوو لەتەمەنی نێوان ٢٠بۆ ٣٠ ساڵیدا، ئەوا ئێزدی و مەسیحیش بێت نرخەکەی ١٠٠ هەزار دینارە.

هەروەها بۆ مێینەی پێگەیشتوو تازە گەیشتبێتە قۆناغی هەرزەکاری باڵغبوون تەمەنی لە نێوان ١٠ بۆ ٢٠ ساڵ بێت لەسەر ئاینی مەسیحی و ئێزدی نرخەکەی لە تەواوی تەمەنەکانی تر زیاترە ١٥٠ هەزار دینارە.

رێکخراوەکە ژنانی تەمەنی نێوان٤٠ بۆ ٥٠ ساڵیشی بەدەر نەکردوە لەو کڕین و فرۆشتن بۆ ئەوانیش ٥٠ هەزار دیناری داناوە مەسیحی بێت ، یان ئێزیدی جیاوازی نییە لەنرخەکاندا، هەروەها خراپترین کاری قێزەونی داعش کڕین و فرۆشتنی منداڵانە، کە بۆ هەر منداڵیکی ئێزیدی و مەسیحی ٢٠٠ هەزار دیناری داناوە.

لەکۆتایشـــدا بەڵگەنامەو بڕیارەکەی چەکدارانی داعش باس لەوە دەکات کە رێگە نادرێت هیچ کەســـێک لە سێ دەســـتکەوت زیاتر بکرێت، جگەلە بیانییەکانی ناو داعش نەبێت، هەروەها لەگەڵ تورک، سوری، کەنداوییەکان، کە لەریزی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیدان.

سەبارەت بە ونبووەکانیش زیاتر لە پێنج سەد کەس ونبووە، کەناوی ٢٥٤ کەسیان لەلایەن کەسوکاریانەوە پشتڕاستکراوەتەوەو تائێستاش بێ سەروشوێنن، لەگەڵئەوەشدا زیاتر لە شەش سەد کەس مردون، کە هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ برسێتی و تێنوێتی بەشی زۆریش لەوانەی گیانیان لەدەستداوە ژن و منداڵبوون.

پەرستگاو شوێنە ئاینیەکانی ئێزیدی وەکو گیانی مرۆڤەکان رووبەری لەناو بردن بوونەوە لەلایـــەن چەکدارانی داعش چواردە پەرســـتگا رووخێنراون کە پەرســـتگای ئێزدیەکانەو مێژووەکەی بۆ هەزاران ساڵ پێش ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە.

# کۆنترۆڵکردنەوەی شنگال تەحەدای داعش

٣ی ئابی ٢٠١٤ ڕۆژێک کە کورد لە ئەرشیفی یادگاری و بیرەوەرییە تاڵەکانی یاداشتی کرد و بیری ناچێتەوە، گەرمیانی وتەنی کورد گەلێک ڕۆژی تاڵ و ڕووداوی خراپی بەسەردا هاتووە، هێندە زۆرن لە ژمارە نایەن، کاتێک لە ٣-٨-٢٠١٤ چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بەداعش لەسنوری شنگال هێرشیان کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە بەماوەیەکی کەم توانیان شارەکە کۆنترۆڵ بکەن.

لەوکاتەش هێزەکانی پێشمەرگە بە تایبەتی زۆریان سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، پاراستنی ناوچەکەیان گرتبووە ئەستۆ بە حوکمی ئەوەی لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ پارتی لەو ناوچەیە باڵا دەست بوو هەر ئەوەش وایکردوە لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوایش پ.د.ک زۆرینەی دەنگی ئێزدیەکانی بۆ خۆی مسۆگەر دەکرد.

بە کەوتنی شنگال، دیمەنی تراژیدی زۆر دروست بوو هەزاران هاوڵاتی ئێزیدی و دانیشتوانی ناوچەو قەزای شنگال بوون بە سێ بەش، ژمارەیەکی زۆریان هانایان بۆ چیای شنگال برد، بەشێکی تریان بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان ئاوارەبوون لەوکاتەدا چەکدارانی یەپەگە لە ڕۆژئاوای کوردستان بەهانایانەوە هاتن. ژمارەیەکی تریش لە ئێزدیەکان، ناچاربوون بەرەو موسڵ رابکەن، جگەلەوەش ژمارەیەکی زۆر کچان و ژنان کەوتنە دەست چەکدارانی داعش تا کارگەیشتە ئەوەی وەک کۆیلەو کاڵایەک مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکەن، لە موسڵ و ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی داعش.

هەر زوو دوا بەداوی ئەو کارەساتەی بەسەر ئێزدییەکاندا هات، حکومەتی هەرێم و پەرلەمان ڕووداوەکەیان بە جینۆساید دەرهەق بە خەڵکی ئێزدی ناوبرد و داوایان لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەی کرد بەفریای لێقەوماوان و دۆسیەی شنگالەوە بێن.

ئەو کارەساتەی بەسەر ئێزدیەکاندا هات وەها بە ئاسانی لە بیر ناچێتەوە، جگەلەوەی ئێزدیەکان ناوچەکەیان لە دەستداو زیانی ئابوری و کلتوری و مرۆی زۆریان بەر کەوت، هەزاران هاوڵاتی کە بەشی زۆریان ژن و منداڵ بوون لەناو چوون، خەڵکەکەی تریش ئاوارەو سەرگەردان بوون.

لە٢١-١٢-٢٠١٤ چووم بۆ سەرچیای شنگال، دواتر چووم بۆ نزیک شارەکە لەوکاتەدا دیمەنەکانم دەبینی سەدان ئۆتۆمبێلی ئێزدیەکان بەجێ مابوون و خاوەنەکانیان هەڵهاتبوون، دوکان و بازاڕەکانیان تێک درابوو ناسنامەو جل و بەرگی هاوڵاتیان لەسەر جادەکان کەوتبوون، کەسێکت بەرچاو نەدەکەوت لێی بپرسی خاوەنی ئەم وێنەو ناسنامانە چیان بەسەردا هاتووە.

شەوی ٢٣ لەسەر ٢٤ی مانگی ١٢ لەسەر چیای شنگال باران دەباری و کەشوهەوایەکی

ســاردو ڕەشــەبەیایەکی ناخۆشــی هەبوو لەگەڵ هاوڕێکانم فەرهاد و ئیمرا لە ئۆتۆمبێل دەخەوتیــن، جار جار ناچــار دەبووم بۆ خۆ گەرمکردنەوە پەنام بۆ ناو خێمەکان دەبرد. لەسەر ئەو چیایە ئاشنای پیاوێکی بەتەمەن بووم بە مام ڕەشۆ ناوی دەهات ئەو بەتەنیا هاوشــیوەی ئەو هەزاران هاوڵاتیانەی لەسەر چیاکە مابونەوە خێزان و کەسوکاری بەشی زۆریان هاتبوونە ناوچە ئارامەکانی نزیک لەزاخۆ دیاربوو توانای ڕێکردنی نەمابوو، چونکە لەسەر چیاکەوە بۆ ناوچە ئارامەکان مەودایەکی زۆر بوو هەموو کەس توانای ئەوەی نەبوو بە پیادە خۆی بگەیەنێتە ئەوێ.

ئێزدیــەکان وەکــو هاولاتیانی تر نین ئــەوان بەهۆی هەژاری و نەدارییەوە زۆر شــتیان لەدەســتدابوو تەنانەت ژیانیشــیان لە قۆناغی سەرەتادا بوو وەکو چۆن خەڵکی هەرێمی کوردستان، لە نەوەدەکانی ڕابردوو بۆ پارویەک نان و پەیداکردنی بژێوی ژیانیان زەحمەتی زۆریــان دەکێشــا بیریان لەوە نەدەکردوە، جل و بــەرگ و جۆری خۆاردنیان چۆن بێت، چونکە پارە کەم بووە کارو کەســابەت نەبوو ئابــوری وڵات بەهۆی ئەوکاتەی مانەوەی دەسەڵاتەکەی سەدام وڵاتانی ڕۆژئاوا ئابڵوقەی ئابوری و سیاسیان خستبووە سەر عێراق. بەپێی ئامارێکی ســاڵی ٢٠٠٧ تا ٢٠١٢ کە ئەوە ڕاپۆرتی تەندروســتی جیهانیە لە ساڵی ٢٠٠٧ نزیکەی ٧٠٪ی دانیشــتوانی شــنگال بژێوی ژیانیان لە ژێر هێڵی هەژاریەوە بووە، ئەمەش بەپێی هەمان ڕاپۆرت قەزای شنگال بەراورد بە قەزاکانی تری سەر بە پارێزگای نەینەوا، شنگال بەدووەم قەزا دێت لە ئاستی هەژاریدا، ئەمەش لەکاتێکدایە نەینەوا خۆی هەژارترین پارێزگای عێراق بووە کە ٢٦٪ی دانیشتوانی ئەم پارێزگایە لە ژێر هێڵی هەژاریدا بــوون، بەڵام بەرارود بە ئاماری ڕێژەی هەژاری پاش پێنج ســاڵ بەپێی هەمان ڕاپۆرتی تەندروســتی جیهانی ڕێژەی هەژاری لە شنگال ڕووی لە دابەزین کردوە، لە ساڵی ٢٠١٢دا ڕێژەی هەژاری ٦٢٪بووە.

مام ڕەشــۆ ریش و ســمێڵێکی درێژی هەبوو، توتنی بە دەســت دەپێچایەوەو دەیکردە جگەرەو زوو زوو دەیکێشا ئەوەندە گرنگی بە پاکو خاوێنی و خۆشۆردن نەدابوو ڕەنگ و ڕووخســاری یەک پارچە زەردو بۆر هەڵگەڕابوو وەکو چۆن ریش و سمێڵی لەتاو دوکەڵی جگەرە زەرد هەڵگەڕا بوو دەیوت "ئێمەی ئێزیدی هەردەم ژیانمان وەها بووە، کاتی خۆی لە سەردەمی ڕژێمی بەعسیش ئازاد نەبووین، بیرمان بۆ ژیانێکی باشتر نەدەچوو، چونکە ڕێگەیان پێ نەدەداین، بەهۆی خراپی گوزەرانمان و کورد بوونمان، ئێستاش داعش سەری لێ تێکداین".

ئەو پیاوە زۆر بە پەرت و شێواوی قسەی دەکرد ئاخافتنەکانی تێکەڵ ببوون، بەشی زۆری قســەکانی عەرەبی بوون، یەکێک لەو کارەســاتانەی بەسەر ئێزدیەکاندا هاتبوون لەدوای ڕووخانی ڕژێمی ســەدام و پێشتریش کێشەی نەخوێندەواری بوو، لە نێویاندا ژمارەیەکی زۆریان بە دەســت نەخوێندەواریەوە گیرۆدە بووبوون، لەم چەند ســاڵەی دوایش بەهۆی

کرانەوەی ســنوورەکانیان بەڕووی ئیدارەی هەرێمی کوردســتان، ئاستی خوێندەواری و بژێوی ژیانیان کەمێک باشتر گۆڕابوو، بەڵام بەهاتنی داعش کۆتایی بەو باشیە هات.

لە شنگال ڕێژەی خوێندەواری بەپێی ڕاپۆرتێک کە لە یەکەمین کۆنفرانسی لالش بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان خراوەتەڕوو ٤-٣-٢٠١٤ لە ریزبەندی ئەوانەی تەمەنیان لە ١٢ ساڵ زیاترە بەپێی ڕووپێوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لەســەر ئاستی پاریزگای نەینەوا شنگال لە پلەی دووەمدایە لەبەر زۆری ڕێژەی نەخوێندەواری لە ریزی ئەو کەسانەی تەمەنیان سەرووی ١٢ ساڵیەوەیە دەگاتە ٤٠٪ ئەمەش ڕیژەیەکی بەرزە.

لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ لەلایەن چەکدارانی داعشەوە شنگال کۆنترۆڵکرا، شنگالییەکان، ئەوانەی کە ڕۆیشتنە ڕۆژئاوا بەشێکیان توانیان لە ڕۆژئاواوە بەهاوکاری هێزە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردســتان، لە ژێر ناوی یەپەگــە بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی دەوروبــەری زاخۆو لەوێوە کەمپیان بۆ کرایەوە.

بەڵام ئەو دوو بەشەکەی تری خەڵکی شنگال و دەوروبەری زۆریان هانایان بۆ سەر چیاکە برد کەدەکەوێتە باکوری شــاری شنگال، ژمارەیەکی تریشی ئێزدیەکان ناچاربوون بەرەو ناوچەکانی خواروی موســڵ کۆچ بکەن، لەوکاتەدا کەوتنە ژێر دەســەڵاتی داعش. تەنیا ژمارەیەکی کەم لە ئێزدیەکانی ســنوری ناحیەی سنوونێ پەنایان بۆ مەزاری شەرەفەدین برد.

ڕۆژی ٢٠١٤ ,١٢ ,١٧ بریار لەســەر ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی ناحیەی زوممــار و ڕەبیعــەو ســنوونێ درا تا ئەو بەروارە بەشــێکی زۆر لە تــەواوی ناحیەی زوممار و ڕەبیعە لەلایەن هێزەکانی پێشــمەرگەوە کۆنترۆڵکرابوون، بەڵام بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە تا ٢٠ی مانگ دۆخی ناوچەکە گۆڕدرا، تەواوی سنووری گوندو ناوچەکانی هەردوو ناحیەی ڕەبیعەی هاوسنوری سوریاو زوممار پاشان ناحیەی سنوونێ و کردنەوەی ڕێگای هاتووچۆی چیای شنگال.

لەو ئۆپەراسیۆنە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەدا بووین، بارودۆخ و پێشڕەوییەکان هەموو لە بەرژەوەندی هێزی پێشمەرگە بوون، چەکدارانی داعش بەردەوام لە پاشەکشەدا بوون، لەو چەند ڕۆژەی کە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەبووین، کە تا ٢٤ی مانگ ماینەوە لەگەڵیاندا. کەمتریــن ڕووبەڕوونەوە ڕووی دەدا لە نێوان چەکدارانی داعش و هێزەکانی پێشــمەرگە بەردەوامیش فرۆکە جەنگیەکان بە ئاســمانی ناوچەکە هاوکار و پشتیوانیان لەهێزەکانی پێشــمەرگە دەکرد ئەمــەش وای لە چەکدارانی داعش دەکرد بەردەوامبن لە پاشەکشــە تەنیا ئەوەندەیان پێدەکرا کە هەستن بە چاندن و نانەوەی بۆمبی دەستکرد و تەقەمەنی ئامادەکراو لەسەر ڕێگا سەرەکییەکان بۆ ئەوەی زیان بە کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی هێزەکانی پێشمەرگە بگەیەنن.

ناوچەی شــنگال بەتەواوی ســنوورەکە لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ لەلایەن داعشەوە کۆنترۆڵکرا

ئۆپراســـیۆنی دووباره كۆنترۆڵكردنەوەی لەلایەن هێزەكانی پێشمەرگەوە زۆر دواكەوت بۆ ماوەی چوار مانگ یەكەم رۆژی دەستپێكی بەرەو شنگال هەرچەندە پێشتر رەبیعەو زوممار كۆنترۆڵكرابوونەوە، بەڵام رۆژی كۆنترۆڵكردنەوەی ســـنوری شنگال لە (١٨, ١٢, ٢٠١٤) دەســـتی پێكرد تا دوای نیوەرۆ پیشـــمەرگە توانیان رێگای ناوچەی زوممار بە سنووری پەرەستگای ئیزدیەكان كە ناوی شەرەفیدن بوو كۆنترۆڵ بكەنەوە.

لە ١٨ی ١٢ دوای نیوەرۆ هێزەكانی پێشـــمەرگە بەنێو گوندی تەلشوت بۆ سنوری قەزای شنگال دەرۆیشتن، ئێمە لەگەڵیاندا بووین، تەنیا كەناڵێكی مێدیای لەوكاتە هەبێت لەگەڵ پێشـــمەرگە كە چوو بێتە ناو گوندەكە ئێمە بووین، لەگەڵ هاوكارانم فەرهاد جەهان پەنا كە كامیرامان بوو ئەو گەنجێكی دانیشتووی ئورمیە بوو لە ئێران جگەلەوەی خۆی تورك بوو زمانی كوردیەكەشی باش بوو تا بڵێی كەسێكی چالاک و لەسەرخۆ و ئیشكەربوو كەم كەس وەک و ئەو ئاشنایەتی تەواوی لەگەڵ كارەكەی هەیە، هەروەها ئیمرا یورڵمازیشمان لەگەڵ بوو ئەویش گەنجێكی دانیشـــتووی باكوری كوردســـتان بوو كەماڵباتی خەڵكی ئاگـــری بوون، ئیمراش فۆتۆگرافەر بوو بۆ هەمان كاریش لە توركیاوە هاتووە بۆ هەرێمی كوردستان، ئەوەی ئەم گەنجە بۆی هەوڵ دەدا لە وڵاتێكەوە بۆ وڵاتیكی تر هاتووە بۆیە بە باشـــی ئامانجەكەی دەپێكا، چونكە لە شـــەڕی داعش ژمارەیەكی زۆر لە وێنەكانی لە مێدیا ناوخۆییەكانی هەرێمی كوردستان و وڵاتی توركیاو وڵاتانی تریش بڵاو كرابوونەوە.

گوندی تەلشـــوت، تەواوی دانیشـــتوانەكەی عەرەب بن. خانووەكانیش لە خشتی قوڕین دروســـتكراون پێدەچوو بژێوی ژیانیان لەسەر كشـــتوكاڵ و ئاژەڵداری بێت. كە چووینە گوندەكە كەوتینە كەمینی چەكدارانی داعش دوای ١٥ خوولەک شەڕ سێ چەكداری داعش كوژراو پێشمەرگەیەک بریندار بوو.

ئەو رووداوە، بۆ ئێمە ناخۆش و جێی مەترســـی بوو ئۆتۆمبێلەكەمان لەنێوان ئۆتۆمبیلی پیشـــمەرگەو خانوویەكی قوڕ راگرتبوو ئەو دەمەی داعشـــەكان و پێشمەرگە بە خەستی تەقەیـــان لەیەک دەكرد ئێمەش لەتەنیشـــت تایەی ئوتومبێلەكە خۆمان حەشـــار دابوو دەرفەتـــی وینەگرتنمان نەبوو، چونكە رووی تەقەكان دیـــار نەبوو لە هەرچوارلاوە تەقە دەكرا بەتایبەتی پێشـــمەرگە زیاتر شـــەڕی تۆقاندنیان بەرامبەر داعش دەكرد بۆ ئەوەی توانای بەرگریان نەبێت هەڵبێن، یان خۆیان رادەست بكەن.

كاتێ تەقەكان تەواو بوون شـــوێنی داعشەكان ئاشـــكرابوو یەكێک لەخانوەكان لەلایەن پێشـــمەرگە ئاگری تێبەردرا وەک وتیان داعشەكان لەوێوە تەقەیان لە پێشمەرگە كردوە، پاشان پێشـــمەرگەكان دەستیانكرد بە پشـــكنینی ماڵەكان، لەیەكێک لەماڵەكاندا زیاتر لەچوار ماڵی تر كۆببووبونەوە لەترسی شەڕو تەقەكان، پێشمەرگەكان هەندێكیان توندبوون، لەگەڵیان پێشمەرگەیەک میلی چەكی هێنایەوە داوای كرد ژن و پیاوی منداڵ بێنە دەرەوە لەو خانوەو دەست بەرز بكەنەوە، بۆ ئەوەی ماڵەكانیان بپشكنرێت.

شـــەرەفەدین، ئەو پەرەســـتگایە بۆ ئیزدیەکان شـــوێنێکی پیرۆزەو گرنگی هەیە، دەیان ماڵ و خێزان لە دەوروپشـــتی ژیان دەگوزەرێنن، کاتێ داعش هاتە سنوورەکە چەکدارە خۆبەخشـــە ئیزیدیەکان توانیان بەرگری لە پەرەستگاکە بکەن داعش چەند جار هەوڵیدا پەرەســـتگاکە کۆنترۆڵ بکات، بەڵام ئەوان خۆبەخشانە بەرگریان کرد، هەوڵی داعش بۆ ئەوە بوو شەرەفەدین کەوتوتە لای باکور و خۆرهەڵاتی ناحیەی سنوونێ بە ئۆتۆمبێلیش دووری لە سنوونێ تەنیا ١٠ کیلۆمەترەو دەیویست دەستی بەناوچەکانی تریش بگات.

لە ڕۆژی ســـێیەمی ئۆپەراسیۆنی هێزەکانی پێشـــمەرگە بۆ سەر چەکدارانی داعش توانرا ڕێگای نێوان ناوچەی زوممار و شەرەفەدین کە زۆربەی دانیشتوانەکەی ئێزدین ئازاد بکەن، ناوچەی شەرەفەندینیش بۆ چوار مانگ دەبوو لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکەو پێشمەرگەی کوردستان، پارێزگاری لێوە دەکرا.

دوای شـــەڕێکی بەردەوام هێزەکانی پێشمەرگە توانیان سنورێکی فراوان لەقەزای شنگال کۆنترۆڵبکەنەوەو ناوچەکەیان پاککردەوە لەچەکدارانی داعش.

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩ی ١٢ چووینە مەزاری شـــەرەفەدین ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە لەگەڵ خەڵکی ناوچەکـــە کۆبوونەوە، زەردەخەنە بە ڕووخســـاری خەڵکەکەوە دیار بوو بەشـــێکیان پێدەکەنین هەبوو سەری ســـوڕمابوو لە شـــکانی ئەو ئابڵوقەی بەسەریاندا سەپێنرابوو ئەوان خۆشحاڵ بوون بە هاتنی هێزی پێشمەرگە بۆ سنوورەکەیان، هەر زوو دەســـتە دەستە دەچون بۆ پێشوازیکردن لەهێزەکانی  پێشمەرگەو بەتامەزرۆییەوە لێیان دەڕوانین.

لەو کاتەدا فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە قاسم شەشۆ-م دواند ئەو پیاوێکی بە تەمەن و چوار شانە بوو، بەردەوام چەکی لەشان بوو کە باسی داعشی دەکرد بێ شاردنەوەو پاساو بۆ ئەو ڕێکخراوە دەیوت "داعشی سەگبابی قەحبە باب".

شەشۆ دەشـــیوت: "ئەمڕۆ جەژنی ئێمەیە، توانیومانە بەرگری لەناوچەکەمان بکەین، بۆ چوار مانگە لە دژی چەکدارانی تیرۆریســـتی داعش شـــەڕ دەکەین، خۆشبەختانە داعش تێکشکاون و خەریکی راکردنن".

زیاتر بۆم دواو وتی: "داعشـــی هیچی بەدەســـتەوە نەماوە، خەڵکی ئێمە چەند مانگێکە هێرشـــیان کراوەتەسەر بەڵام تا ئاســـتێکی باش بەرگریمان لەخۆمان کردووە، هێزەکانی پێشمەرگە لە شەرەفەدین، سەلماندیان کە دوژمن ناتوانێ ماڵ و حاڵمان داگیر بکات".

شـــەوی ١٩ لەســـەر ٢٠ی مانگ ئێوارەیەکی درەنگ لەگەڵ کاروانی هێزەکانی پێشمەرگە بووین، دوای چەند ســـەعات لە ڕێکردن بە پێ و بـــە ئۆتۆمبێل بەناو ڕێگای خراپ و پر مەترســـی پێشمەرگەکان دابەش بوون بەســـەر هەردوو گوند، گوندی حەردانی بچووک و حەردانی گەورە ئێمەش ڕێمان کەوتە گوندی حەردانی بچووک، ئەو گوندە بەشـــی زۆری ماڵەکانی عەرەب بوون، نزیکەی ٣٠ ماڵێکی تێدابوو بەشـــێک لە خەڵکەکەی مابوونەوەو

خەریکی ئاژەڵداری بوون.
زۆری پێشمەرگەو ناسەقامگیری ئاسایشی ناوچەکە وایکرد بەشی زۆری پێشمەرگە نەڕۆنە بۆ نێو خانووەکان پشـــوو بدەن تا خۆرهەڵاتن پێشمەرگەکان هاتووچۆی دەکرد. ئێمەش ناچاربووین تا درەنگ لەدەرەوە بین، بەڵام دواتر لەنێو ئوتومبێل کەمێک پشووماندا.
مانەوە لەگەڵ پێشمەرگە جێی متمانە بوو، چونکە لەو چەند میحوەرەی لەگەڵیان بووین بەردەوام هاوکاریان کردوین، هەرچەندە ئەوانیش زۆر ماندوو بوون و بەشی زۆریان شارەزایی میحوەرەکانیش نەبوون کە بۆیان دەناردن، لەو ئۆپەراسیۆنە بەشی زۆری پێشمەرگەکان خەڵکی ناوچەی دهۆک بوون، بەشـــێکیش سەر بە لیوا تێکەڵەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بوون، کە خەڵکی سنوری سلێمانی و هەولێر و گەرمیانیشی تێدابوو ئەوەش وایکرد ئەوان شـــارەزایی ناوچەکە نەبن، چونکە هەبوو دەیوت "بە ژیانم زوممار و ناوچەکانی شـــنگالم نەدیوە".
شـــەوی حەردان یەکەم شـــەوی مانەوەم بوو لەگەڵ پێشـــمەرگە، ئەگەرچی پێشـــتر لە میحوەری گوێڕ پێشـــمەرگەکان زۆر هەوڵیانـــدا لەگەڵیان بمێنینەوە، بەڵام بەهۆی نزیکی هەولێر نەدەماینەوەو دەگەڕاینەوە، بەڵام سنوری نێوان شنگال و هەولێر بەگشتی زیاتر لە چوار سەد کیلۆ مەتر دوور بوو ئەوەش وایکرد هەموو پێداویستیەک لەگەڵ خۆمان ببەین و بمێنینەوە.
ئەو شـــەوەی لەگوندی حەردان ماینەوە لەنێو ئوتومبێل خەوت بووین، بەیانی زووەکەی پێش ئەوەی بەڕێبکەوین لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک داوامان لەماڵێکی عەرەب کرد، بەڵکو مۆلیدەی کارەبایان هەڵبکەن تا کەمێک مۆبایل و کۆمپیوتەرەکانمان شەحن بکەینەوە.
ماڵی ئەبوو محەمەد خێزانێکی گەورەو خانەدانی گوندەکە بوون، دیکۆری ماڵ و ڕاخەف و مێزو کەلوپەلی ماڵەکەیان دیزاینی کۆن بوون، دەتگوت ئەم ماڵە نەیانویستوە دەستکاری دیکۆرات و جوانکاری لە ناوماڵیان بکەن و ویســـتویانە هەر ئاوا بە ســـادەیی وەک خۆی بمێنێتـــەوە، یان ژیانی ئێرە هـــەر ئەوهایە لە دیوارەکانی ژورەوەیـــان وێنەی ئەندامانی خێزانەکانیان هەڵواسیبوو تەنیا پیاوەکانیان وێنەی ئافرەتم نەدی.
شەو،و ڕۆژێک بەسەر هەڵهاتن و ڕۆیشتنی داعش لەو گوندانە تێپەڕی و خەڵکەکەی پەیتا پەیتا دەگەڕانەوە بۆ ســـەرماڵ و حاڵیان بەشێکیان دەترسان لە پێشمەرگە بەشێکیشیان دڵخۆش بوون، پێشمەرگەش بۆ هیچ لایەکیان خراپ نەبوو تەنیا داوای هاوکاری لێ دەکردن ئەگینا ئەوەی من دیتم ئەو شـــەوە لە حەردان پێشمەرگە دەستکاری ماڵەکانیشی نەکرد تەنانەت شـــەو درەنگانێ پێشمەرگەیەک دەیویست کەڵەشێرێکی یەکێک لە ماڵەکان سەر ببڕێت ئەفسەری ئێشکگر کە پیاوێکی بەتەمەن و چاو نەترس دیار بوو بەناو پێشمەرگەکاندا دەهاتوو دەچوو بەو شەوە نەیهێشت ئەو پێشمەرگەیە کەڵەشێرەکە سەرببڕێت بە کرمانجی هاواریکردو پێی وت: "تۆ ئێوارە گۆشتت خواردوە، حەرامە بیلا حەرامە".

بەشی زۆری ڕێگا سـەرەکیەکان بە بۆمبی دەستکرد و تەقەمەنی چێنرابوون، هێزەکانی پێشمەرگە ئەو تەکنیکەی داعشیان بۆ ئاشکرا بوو پێش گەیشتنی کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی پێشـمەرگە تیمی پوچەڵکردنـەوەی مین و تەقەمەنی هەمـوو تەقەمەنیە چێنراوەکانی داعشـیان پوچەڵ دەکردەوە. چەکدارەکان چەند جۆر تەقەمەنیەکیان لەسـەر ڕێگاکان دانابوو ئەو تەقەمەنیانە زیاتر مەترسی دروستکردبوو لەسەر پێشمەرگە لەمبەر بۆ ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە بە سـیمێکی باریک تەقەمەنیەکان ئامادە باش کردبوو بۆ تەقاندنەوە تەنیا تایەی ئۆتۆمبێل بچێت بەسـەر سیمەکەدا دەتەقێتەوە. من ئەو تیئێنتیانەم پێشتر لە نزیک گوندی حەسـەن شام بینی بوو داعشـەکان هەموو تیئێنتیەکەیان کردبووە ناو مەنجەڵی گەورە، یان سەتڵی گەورە کە بۆ ئاو و دۆشاو بەکار دێت.

سەرەڕای ماندووبوون وێنە گرتن و ترسیش لەگەڵ هەردوو هاوڕێم فەرهاد و ئیمرا بەردەوام بووین لەسـەر بەڵێنەکەمان، تا کۆتایی ئۆپەراسـیۆنەکە لەگەڵ هێزەکانی پێشـمەرگە بمێنینەوە، تا بڵێی کارێکی زەحمەت بوو پێشـمەرگەکان فەرمانیان لە بەرپرسـەکانیان وەردەگـرت ئێمە کەس نەبوو فەرمانی لێ وەربگرین، پێشـمەرگە رووی لە هەرکوێیەک بکردبایە دەبوو لەگەڵیان بین، لەکاتی شـەڕ و ماندووبوون و پشـووەکانیش هەر لەگەڵ ئەوان دەماینەوە.

ئۆپەراسـیۆنەکەش بەرفراوان بوو بەشێک لە هێزەکانی پێشمەرگە لە ناحیەی رەبیعەوە بەرەو ناوچەکانی سـنونێ و خانەسوور دەهاتن بەشێکی تریش لە هێزەکانی پێشمەرگە کـە ئێمەش لەگەڵیان بووین لەرووی رۆژهەڵاتەوە ئۆپەراسـیۆنەکەیان دەسـتپێکردبوو. دوای پاککردنەوەی ناوچەی ڕەبیعە تاوەکو ناحیەی سـنونێ پێشمەرگە بەدرێژایی پەنجا کیلۆمەتر لەلایەن هێزەکانی حەفتاو هەشـتاو لیوای حەوتو هەشتو دوانزەو فەرماندەیی سەفین و فەرماندەیی هەڵگورد پلانی ئۆپەراسیۆنەکەیان هێنابوو دەیان ویست سەرجەم ڕێگا سەرەکیەکان کە ناحیەی سنوونێ ورەبیعە دەبەستێتەوە بەیەکەوە بە زووی کۆنترۆڵی بکەن.

ئێوارەی درەنگانێ لەگەڵ کاروانی هێزەکانی پێشمەرگە چووینە شارۆچکەیەک بەناو خانوو گەرەکەکانم بینی وتم تۆ بڵێی ئەمە شـنگال بێت؟ کە لـە ئۆتۆمبێل هاتمەخوارەوە بۆ وێنەگرتن لە پێشمەرگەیەکم پرسی ئێرە کوێیە؟ وتی "سنونێ"یە.

گرنگـی ناحیەی سـنونێ لەوەدایە، ئەو ناحیەیە لەڕووی باکـورەوە ناحیەی رەبیعەو لە رۆژئاواو رۆژهەڵاتەوە سنووری چیای شنگال و ناوچەکانی زوممار بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها لە خۆرئاواشـەوە خانەسـوور و ڕێگای سەرەکی شـنگال بۆ موسڵ و هەروەها سوریاش تا ١٢/٢٠ هێزەکانی پێشمەرگە توانیان تەواوی سنوری رەبیعەو زومارو سنوونێ کۆنترۆڵ بکەنەوە، کە ڕێگای سەرەکی چیای شنگالیشی لەگەڵدا بوو.

راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی لەناوچەی

سحێلان، لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی رایگەیاند "هێزەکانی پێشمەرگە گەیشتنە سەر چیای شـــنگال و لەگەڵ هێزەکانی پاراستنی چیای شـــەنگال یەکیان گرتووەتەوە و لە ئێستادا رێگەی دهۆک-چیای شنگال کراوەتەوە و هاوڵاتیانیش دەتوانن هاتووچۆی پێدا بکەن".

ئەو ئۆپەراســـیۆنە راســـتە هێزەکانی پێشمەرگە سەرپەرشـــتیان کرد، بەڵام بەرپرسانی پارتـــی دیموکراتی کوردســـتان، رۆڵی ســـەرەکیان هەبوو ئەوانیـــش رێنوێنی هێزەکانی پێشمەرگەیان دەکرد دواتریش وەکو دەستکەوتێک بەرپرسەکانی پارتی بۆ راگەیاندنەکان ئۆپەراســـیۆنەکەیان بە بەرنامەی خۆیان دانا لەسەر هەمووشـــیانەوە بەبڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان (مەســـعود بارزانی) لەهەمانکاتدا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە.

هەروەها مەســـرور بارزانی باسی لە سەرکەوتن و پێشڕەوییەکانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردســـتانی لە چەند رۆژی رابردوودا کرد و ئاشـــکرایکرد کە هێزەکانی پێشـــمەرگەی کوردستان لەو ئۆپەراسیۆنە ٧٤٠ کم چوارگۆشە لە خاکی کوردستانیان ئازاد کردووە".

ئـــەو ئێوارەی گەیشـــتینە ناو ناحیەی ســـنونێ درنگانێک بوو ناچاربووین شـــەو لەوێ بمێنینەوە، ناحیەکەش چۆڵ بوو هەزاران پێشـــمەرگەش پـــەرت و بڵاوبووبوونەوە بەناو شارۆچکەکەدا شەو لەگەڵ تیمێکی پزیشکی هێزەکانی زێرەڤانیداماینەوە، لەناوخانوویەکی تازە دروســـتکرابوو کارەباو ئاو نەبوو زۆریش ساردبوو پێدەچوو ئەو ماڵەی پێشتر لەناو خانوەکەدا بوون، لایەنگری یەکێتی بن، چەند رەســـێکی مام جەلال ســـکرتێری گشـــتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەدیوار و کەوانتەری پێخەفی ماڵەکەدا هەڵواسرابوو بەهەر شـــێوەیەک بێت شەومان بەسەر برد باشی پێشـــمەرگەو لەبزی قسەکردنیان هەستت بە ماندوبـــوون یان جیای نەدەکرد لەگەڵیان بەردەوام پێیان دەگوتین چیتان پێوســـتە بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن.

ناحیەی سنونێ نزیکەی ٢٥ کیلۆمەتر لە قەزای شنگالەوە دوورە، لەڕووی ئیداریشەوە سەر بەهەمان قەزایە پێکهاتەکەی کورد و عەرەبی تێدا نیشـــتەجێیە بەشی زۆری خەڵکەکەی لەسەر ئایینی ئێزدین، ژمارەیەکی زۆریش گوند سەربەو ناحیەیین لەوانە گوهبەل، دوگور، بورک، زۆراڤا و دهۆلای بێگومان ناوی گوندەکان بە ئاســـانی لە ســـەرو وەختێکی وەها دەست ناکەوێت.

سەرلەبەیانی ٢٠.١٢.٢٠١٤ لەناو ناحیەی سنونێ بووین، هەواڵ هات کە رێگای ناحیەکە بۆ سەر چیای شنگال کراوەتەوە، چیاکە لەناو سەنتەری سنوونێ بە ئۆتۆمبێل بە ٢٥خولەک دەچوویتە ســـەر چیاکە ئەو رۆژە نزیکەی ١٢ی نیوەڕۆ بوو لەچوار ریانی ناو ســـەنتەری ســـنوونێ وەستابووین لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک ئەوان پێیان وتین جارێ ناتوانن بچنە ســـەرچیاکە تیمی پوچەڵکردنەوەی مین و تەقەمەنی ســـەرقاڵی پاکردنەوەی رێگاکەن، ئێمەش لە چاوەروانیدا بووین.

ئەو چوار ریانە فولکەیەکی بازنەی بوو لەناو فولکەکە چەکدارانی داعش سێ چەکداری یەپەگەیان شەهید کردبوو لەناو فولکەکە خستبوویاننە ژێر خۆڵ هەر کەس دەهات سەیرێکی ئەوێی دەکرد و ئاخیان بۆ شەهید بوونی ئەو سێ چەکدارەی یەپەگە هەڵدەکێشا یەپەگە لە سنوونێ بۆ سەر چیای شنگال لە دوای سێی ئابی ٢٠١٤ کاتێ شنگال کەوتە دەست داعش ئەوان هاوکاریەکی زۆری لێقەوماوانی ئێزیدیان کردبوو توانیبوویان ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی ئێزیدی لە برسێتی و ترسی داعش رزگار بکەن و بەرەو رۆژئاوای کوردستانیان ببەن.

لەناحیەی سنونێ چەکدارانی داعش بەشێک لە دوکانەکانیان تێک دابوو ژمارەیەک لە دوکانی مەی فرۆشتنیش هەبوو دەستکاری نەکرابوون تەنیا دەرگاو دەڕابەکیانیان تێک درابوو دوکانی ترشیان هەبوو ئاگریان تێبەردابوو چەندین دروشمی جیاجیا کە گوزارشتی لە پابەندبوونی ئینسان دەکرد بە ئایینی ئیسلامەوە چەکدارانی داعش لە دیوار و باڵەخانەو دەرگای دوکانەکان نووسیبوویان.

سەعات یەکی دوای نیوەرۆی هەمان رۆژ گەیشتینە سەر چیای شنگال ئەو شوێنەی لە تەواوی جیهان لەدوای ٣ی ئابەوە بەهۆی داعشەوە بووبووە جێی سەرنج و تێرامان، ئێمە بەچاوێک سەیری خەڵکەکەمان دەکرد ئەوان بەدووچاو ئێمە سەیریمان لەوان دەهات چۆن ئەوان زیاتر لە چوار مانگ کە ئابڵوقەی ئابووری و هاتووچۆ و ژیانیان لەسەر ئەوان هێشتا ماون و دەژین، ئەوانیش وەها لە ئێمەیان دەروانی هاوکاریمان بۆ هێناون، چونکە بیرکردنەوەی ئەوان تەنیا بۆ هاوکاری دەچوو لەبەر ئەوەی پێویستیان بە سەرەتایترین کاڵاو خۆراک و خزمەتگوزاری بوو.

بەشی زۆری منداڵەکان لەسەر چیای شنگال بەپێ خاوسی هاتووچۆیان دەکرد ژنان و کچان زۆر ماندو دیاربوون، بە تەمەنەکان جل و بەرگی سپیان لەبەردابوو بەهۆی خۆڵ و پیسی کە ماوەیەکی زۆریش نەیان شۆردبوو رەنگی بۆر و خۆڵەمێشی هەڵگرتبوو، پیاوەکانیش ریشو سمێڵیان یەکجار بەزۆری هاتبوو بەتەمەنەکانیان تەواو دەستیان لە ژیان شۆری بوو باوەرت نەدەکرد چوار مانگە دەموچاویان نەشۆردبێت مووی روخسارییان لەگەڵ ریش و سمێڵ تێکەڵ بەیەک بووبوون.

بەهەرحاڵ ئەوان لە ژیانێکی ناهەمواردابوون، ئێمەش رۆژنامەنووس بووین، هیچمان پێ نەدەکرا هەر ئەوەندە نەبێ تەنیا دەنگ و رەنگیان بگەیەنین، لەو سەروبەندە ژمارەیەک وێنەمان گرت گفتوگۆم لەگەڵ چەند کەسێکدا کرد ئەوەی باش بوو ئێمە کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتمان پێ بوو هەرکات هەواڵ و وێنەو ڤیدیۆمان لابوایە پەخشمان دەکرد لەو چەند رۆژەی کە لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بەشداربووین، چەندین هەواڵ بە وێنەو ڤیدیۆمان بڵاوکردەوە، سەدان کەناڵ و مێدیای ناوخۆی و بیانی سوودیان لێ وەرگرت، بێگومان ئێمەش روماڵێکی بێلایەن و هاوسەنگمان دەکرد هیچ کات هەواڵێکم پەخش نەدەکرد

زیانی بۆ ســـەر هێزەکانی پێشـــمەرگە هەبێت، بێگومان ئەمەیان زیاتـــر پەیوەندی بەو بەرپرسیاریەتەوە بوو کە پێشمەرگە لەگەڵ لایەنێک کە داعشە شەڕ دەکات، ئەم رێکخراوە دژی هەموو پرەنسیپێکی ئینسانی و ئایینی و کەلتوریی سەردەمین.
سەر لە ئێوارەی هەمان رۆژ هەواڵ هات لە هەولێرەوە، گوایە شنگال کۆنترۆڵکراوە، مێدیاکانی نزیک لە پارتی دیموکراتی کوردستان و میدیاکانی ئەو حزبە بەتایبەتی بانگەشەی ئەوەیان کرد کە شـــنگال کۆنترۆڵ کراوەتەوە، ئەم هەواڵە بۆ ئێمەی مایەی سەرنج و تێرامان بوو خۆم باوەڕم بەم دەنگۆیانە نەکرد لەلایەکی تریش گومانم لا دروست بوو لەوەی کە پارتی دەیەوێت شـــەڕێکی دەروونی لەگەڵ یەکێتی و ئەو لایەنانە بکات، کە پارتی لە شـــنگال شکســـتی خواردوە و ناتوانێ کۆنترۆڵی بکاتەوە، چونگە لە هەرێمی کوردســـتان دۆخێک دروســـت بوو لەمیحوەرەکاندا شەڕی دەســـتەو یەخەی داعش و پێشمەرگەبوو لە ئاستی مێدیایش مێدیای پارتی و یەکێتی و نزیکەکانیان میدیای "سێبەریان" پێ دەوترێت، شەری دەرونی و ســـایکۆلۆژیان دەرهەق بەیەک دەکرد وەک چۆن پێشتر بانگەشهی چۆڵکردنی مەخمور کرا لەلایەن مێدیای نزیکی یەکێتی و تەنانەت پەکەکەش، بەڵام هەواڵەکە راست نەبوو تەنیا بۆ دژایەتی پارتی و شـــکانی ئەو حزبە بوو. بۆ هەولێریش بەهەمان شـــێوە بانگەشەی چۆڵکردن و راکردنی خەڵکی هەولێریان لەقەبارەی خۆی گەورە تر کردبوو کە لە بنەڕەتەدا ئەوەش دەنگۆ بوو هیچ ئەسڵی نەبوو.
کات نزیکەی٨ی ئێوارە بوو بەرەو تاریکی دەرۆیشت نزیکی هێزەکانی پێشمەرگە بووینەوە لە خواروی چیای شـــنگال کە دەکەوێتە باکوری شـــارەکەوە، پێشمەرگەو داعش شەڕی دەســـتەو یەخەیان دەکرد شـــەڕەکەش لە نزیک دەروازەی چوونە ناوەوەی شاری شنگال بوو نەک ناو شـــاری شنگال وەک هەندێ راگەیاندن هەواڵی کۆنترۆڵکردنەوەی شنگالیان بڵاوکردبووە .
شـــەڕەکە تا بڵێی ســـەخت بوو لە یەکاتدا هەزاران فیشەک و هەموو جۆرەکانی چەک و تەقەمەنی لە نێوان هەردوولا دەتەقینران، چەکی قورس کاری دەکرد فرۆکەی هاوپەیمانان، کە پەیوەندی باشیان لەگەڵ پێشمەرگەدا هەبوو بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕانەوە، جار جارێکیش چەند چەکدارێکی پەکەکەت بەرچاو دەکەوت ئەوان وەکو خەڵکە خۆبەخشەکە نارێکخراوبـــوون، جلوبەرگی کوردیان لەبەردابوو بەشـــی زۆریان هەندێکیشـــیان بەرگی سەربازی بوو بەڵام هیچ جۆرە بەرگێکی دژە فیشەکیان نەپۆشی بوو یان تەنانەت کڵاو-ی خودەی سەربازیشیان لەسەر نەکردبوو بەگشتی بارودۆخەکە ئاڵۆز بوو هەر چۆنێک بێت خۆمان گەیاندە نزیک شـــەڕەکە چووینە ناو چەند دوکانێکی تازە دروستکراو کە سەیری ناو دوکانەکانم کرد جل و بەرگ و پێخەف و تەنانەت خواردنی تازەی چەکدارانی داعشی تێدابوو بەجێیان هێشتبوو.
تـــا درەنگانـــی ئێوارەی رۆژی ٢٠ی ١٢ لە دەروازەی شـــاری شـــنگال لەنزیک هێزەکانی

پێشمەرگەماینەوە شەڕیش بەردەوام بوو بەردەوامیش هەواڵ دەهات لە هەولێرەوە دەیان وت شنگال کۆنترۆڵکراوە، کە دەموت نەخێر باوەڕیان نەدەکرد، بەڵام ڕاستیەکە ئەوە بوو پێشـــمەرگە تەنیا ئەو شوێنانە ڕۆیشـــتبوو ئێمەش لەوێ بووین، ئیدی هەر هەواڵێک بڵاو دەکرێتەوە گوایە شنگال ئازاد کراوە ئەوە هەڵەیەو هیچ ڕاست نیە.

یەکێک لەو گرفتانەی کەهەبـــوو نەبوونی یەک گوتاری بوو لەنێوان هێزەکان و بۆچوونی سیاســـی جیاواز بوو لە نێوان پارتی و پەکەکەو یەکێتی هەرچی پەیوەندی بە پەکەکەو یەکێتیەوە هەبوو لەدژی بەرپرســـانی پارتی قسەیان دەکرد یەکێتیش وەکو حزب و هەم وەکو چەکداری لە سنوورەکە وەک پێویست نەبوو کەچی کەوتبووە، ژێر کاریگەری پەکەکەو ڕاگەیاندنـــی ئەو حزبەش خرابوونە خزمەتی ئامانجی پەکەکە بێگومان میدیای پەکەکەش هاوشێوەی میدیای پ.د.ک بەلای بەرژەوەندی و سیاسەتی خۆیان ڕووداوەکانیان پەخش دەکرد.

دەتوانین دوو نموونەی سیاســـەتکردنی پەکەکەو پارتی لێرەدا ئاشکرا بکەین، لە شنگال پەکەکە دەیانوت "ئێمە پلانی ڕزگارکردنی شنگالمان دەستپێکردوە".

لە بەرامبەردا بەرپرســـانی پارتیش دەیانوت "بەپێی ئەو ئۆپەراسیۆنەی دەستمانپێکردوە دەبوو پێشـــمەرگە تا سنووری خانەسوور بڕۆن ئیدی ئۆپەراســـیۆن ڕادەگیرێت، کەچی پەکەکە بێ ئەوەی حیساب بۆ قسەی ئێمە بکەن، هێرشیان کردوەتە سەر شاری شنگال داعشیش بەرگری دەکات".

ئەم بێنەو بەردەی پارتی و پەکەکە لە شـــنگال خەڵکی بەخۆیەوە ســـەرقاڵ کرد، بەڵام ئەوەی پارتی و بەرپرســـانی سەربازی پێشـــمەرگە دەیانزانی پەکەکە نەیدەزانی، چونکە پارتـــی لەناوچەکە زۆرینەیەو هاوپەیمانان لە ڕێی فڕۆکەو ڕاوێژکاری ســـەربازیش لەگەڵ بەرپرسانی هەرێمی کوردستان کۆنتاک و پەیوەندیان هەبوو هاتنە سەرخەتی پەکەکەش زیاتر هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە ئەو حزبە دەیوت لە کارەساتی شنگال ئەوان بەهاناو فریای خەڵکی شـــنگالەوە هاتوون، بۆیە ئێستاش دەیانەوێت ڕۆڵی ئازادکردنی شنگالیان هەبێت.

پەکەکە پێشـــمەرگەکانیان، یان بابڵێین گەریلا، چونکە ئەوان ناڵێن پێشـــمەرگە و ئاڵاو دروشـــمی تایبەت بەخۆیان هەیە ئاڵای هەرێمی کوردســـتان بەرز ناکەنەوە. گەریلا وەک زاراوەو هەم ناویش لە پێناســـەکاندا بە "پارتیزان" پێناســـە کراوە، ئەو چەند ڕۆژەی لە شـــنگال بووم چەند جارێک هاوشیوەی پێشـــمەرگەکان گفتوگۆم لەگەڵ ئەوانیش دەکرد بـــەش بەحاڵی خۆم وەکو ڕۆژنامەنووس هەم وەکو کوردیش هیچ بیرکردنەوەیەکی حزبیم لە پشتەوە نەبوو و بڕواشم بە ناوچەچێتی ئەفکاری حزبی تەنانەت ڕقم لە هەڵگری فکری نەتەوەیی ڕادیکاڵیش هەیە، بۆیە تێکەڵی هەموویان دەبووم لەنزیکەوە چەکدارەکانم بەبێ جیاوازی دەدواند.

لەناو پەکەکە چەند باڵێکی ســەربازی یان چەند گروپێــک هەبوون ئەوان پێیان دەوت "هێزی پاراستنی شنگال. یەپەگە و هەروەها پەکەکەش ئەم هێزو گروپانە بەیەکەوە بوون، پێکهاتەیەکی تارادەیەک تێکەڵە لە هەردوو رەگەز زۆربەیان تەمەنیان لە نێوان ١٥ بۆ ٣٠ ســاڵ بوون، بەڵام کچەکان زیاتر خەڵکی باکووری کوردستان بوون. لەناو پیاوەکانیشدا جیا لە خەڵکی باشــوور کە هەبوون زۆربەیان ئێزدی بــوون. خەڵکی باکور، رۆژهەڵاتی کوردستان-یش هەبوون.

چەکدارانی پەکەکە زۆر حەزیان بە پرســیار بوو، بەڵام کە تۆ پرســیارت دەکرد پێیان ناخۆش بوو وەڵامی راستت بدەنەوە،

تەنانــەت زۆری گەنجەکانییان، ئەوان کەمتر ئاشــنایەتیان لەگەڵ مێدیاکان هەبوو، بەڵام وشــیاربوون، حەزیان نەدەکرد وێنەی شەخســیان بگیردرێت خۆیان وتەنی "لە وڵاتییان قاچاغن و بۆ کەسوکاریشیان جێی مەترسیە".

لەدوا ســەنگەری پەکەکە بەرامبەر داعش لە سەروشــیانەوە هێزی پێشمەرگەی تێدابوو لەگەڵ کچە گەریلایەک کەوتینە گفتوگۆ ئەو بەقسەی خۆی دەیوت "خەڵکی وان"ی باکوری کوردســتان، زیاتر لە چوار ساڵە هاتوومەتە ریزی پەکەکەوە، باسی بارگوزەرانی خۆیانی دەکرد لە سەنگەرەکان دەیوت "کاربەدەستانی پێشمەرگە وەک پێویست هاوکاری لەڕووی ســەربازی و خۆراکمان ناکەن، ئێمە تەنیا ئەوەمان هەیە قەناعەتین و بە باوەڕەوە شــەڕ دەکەین".

کچە گەریلاکە جگەرەکەی دەرهێناو دایگیرســاند پێی وتم هەڤاڵ "پێشــمەرگە سیاسەت بەسەر خەڵکی شنگالەوە دەکەن، ناموسی شنگالیەکان چوو تازە کێ قەرەبووی مەعنەی ئەوان دەکاتەوە، ئەوەی بەسەر ئێزدییەکان هات، تراژیدیاو جینۆساید بوو دەبێ ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین".

چەکدارانی پەکەکە چاونەترســی وەهای لێکرد بوون سڵ لە بینینی تەرم و دەنگی تەقە نەکەنەوە لەنزیک یەکێک لە ســەنگەرەکان کە پەکەکەی تێدابوو چوار تەرمی چەکداری داعش کەوتبوو ئێوارەی رۆژی ٢٠ی ١٢ لەلایەن فرۆکە جەنگیەکانەوە لێیاندرا بوو، تەنانەت شوێنی مانەوەشیان کە باڵەخانەیەک بوو رووخابوو بەسەریاندا، بەڵام گەریلاکانی پەکەکە دانیشــتبوون نانیان دەخــوارد وەک ئەوەی ئەو چوار کەس دراوســێیان بێت و خەویان لێکەوت بێت.

لە پاڵ چەکدارانی پەکەکەو پێشــمەرگە خەڵکی خۆبەخشــی شنگال و ئێزدی هاوشانی پێشــمەرگە شــەڕیان لە دژی داعش دەکرد ئەوان زۆر ناڕێکخراوبوون هەرکەسەو بۆخۆی دەســتی لە چەک دابوو هاتبووە سەنگەرەکانی پێشــەوە لەکاتێک هیچ جۆرە جلوبەرگو پێداویستیەکی خۆ پاراستیان لە دژە گوللەو تەقەمەنی پێ نەبوو.

لەوە دەچوو ئێزدیەکان بۆیە دەستیان دابێتە چەک، چونکە "ماران گەست"بوو بن، ئەوان

لەرابردوودا بەهۆی بەرگری نەکردنی پێشـــمەرگە لە ناوچەکەیان داعش توانی ســـەیتەرە بکات. بۆیە بە تەواوی هەستی دژی بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستیانیان لادروست ببـــوو گەنجەکانیان بەتایبەتی رەخنەی زۆریان لە بەرپرســـانی پ.د.ک دەگرت، بەڵام بە ســـاڵاچوانیان کەمتر ئەوان لاریان نەبوو لەوەی کە دەبـــێ کەمتەرخەمان رووبەڕووی لێ پێچینەوە بکرێن.

هەر لەو ســـەروبەندەی لە شنگال بووم، دوای نیوەرۆیەک بوو لە نزیک سەنتەری شنگال لەگەڵ ژمارەیەک پێشـــمەرگە دانیشتبووم دواتر سێ گەنجی ئێزدیم بینی ئەوان چەکداری پەکەکە بوون، دیارە ئێزدیەکانیش لەدوای ئەوکارەســـاتەی بەسەریاندا هات پەرت و بڵاو بـــوون. لەو کات بەچەکدارەکانم وت :تەمەنی یەکێکتان زۆر منداڵەو چەکیشـــیتان پێیە، ئێســـتا تیمێکی فەرەنســـی نازانم سەربازین، یان هەرشـــتێکی تر دێتە ئێرە وا باشترە، چەکەکەت لانەبێت با نەڵێن کورد منداڵ بۆ شەڕ بەکاردێنێت. لەسەر جادە مەرۆن، خۆتان بپارێزێن، چونکە بەپێی یاسایی نێودەوڵەتی و رێکەوتنامەی مافەکانی مرۆڤ نابێ کەسێک لە تەمەنی ١٨ ســـاڵ بە خوارەوە بێت، لەلایەن رێکخراوە چەکداریەکانەوە بەکاربهێنرێت، ئەگەر هەر رێکخراوێکیش ئەو کارە بکات ئەوان دەچێتە خانەی فریودان و پێشـــێلکردنی مافەکانی منداڵ.

لەبەرامبەر قســـەکانمدا، ئەو قسانەشی کردم لەسۆنگەی کورد بوونەوە ئەو قسەیەم کرد زانیم تیمە بیانی و چاودێرەکانی بەدوای هەموو شـــتێکدا دەگەڕێن و لای خۆیان یاداشتی دەکەن، یەکێک لە چەکدارەکان وتی "ئێوە بۆ دەچنە لای پێشـــمەرگە ئەوان سیاســـەت دەکەن. بەڵام ئێمە بەرخودان دەکەین".

زانیم ئەو گەنجانە وا هەســـت دەکەن من دژیان وەســـتاومەتەوە کە لە ریزی پەکەکە-ن، بەڵام لەراســـتیدا بۆ من هەموو حزبە کوردیەکان وەک یەکن، لە رووماڵی رووداوەکانیش هەوڵی هاوسەنگیم داوە. ئەوەم وت "جیاوازیتان نیە ئێوەش چۆن بیر دەکەنەوە، ئارەزووی خۆتانە بەرخودان سەلامەت".

دوای ٣ی ئابی ٢٠١٤ کارەســـاتی شـــنگال. پەکەکـــەو یەکێتیش هەوڵیانـــدا پ.د.ک و ئێزدیەکان لەیەک جیا بکەنەوە، سیاســـەتی ئەم دوو حزبە سەرکەوتوو نەبوو لەو روەوە خوێندنەوەیەکی وردیان نەبوو کەســـانێک لـــە دەوری پەکەکەو یەکێتی کۆبوونەوە لەناو ئێزدیەکان ژمارە نەبوون، پێگەیەکی گرنگیان لەناو ئێزدیەکاندا نەبوو هۆکارەکەشی ئەوە بوو پارتی دیموکراتی کوردستان کەمێژوویەکی لەگەڵ کۆمەڵگای ئێزدی پەیدا کردوە، بۆیە ئاسان نیە کورسی پارتی و پێگەی ئەو حزبە لەناو ئێزدیەکاندا لەق بکەیت.

لەنـــاو ئێزدیەکانیش کلتوری خێڵ و میر و شـــێخەکان باوەو ئێزدیەکان زۆر وابەســـتەی بڕیارەکانی میرو شـــێخەکانیانن، ئەم میرو شـــێخانەش بیر لە دەســـتکەوت بۆ خۆیان و شوێن کەوتوەکانیان دەکەنەوە، چینی خوارەوە نابینن. ئیتر واهاتووە و ئێستاش وەهایە

ئەوانەش کە قوربانی دەدەن و دەبنە قوربانی هەر چینی خوارەوەن، هۆکاری ئەم جۆرە ژیانـــەو دروســـتبوونی فەزایەکی وەها پەیوەندی بە حکوومەتـــە یەک لە دوای یەکەکانی ناوچەکەوەیە دیارە هیچ لەو دەسەڵاتدارانە بە دەسەڵاتی حزبێکی وەکو پارتی دیموکراتیش نەیانویســـتووە بنەمایەکی هاوڵاتی بوون و هۆشیاری گشـــتی لەسەر ئاستی تاک لە ناو ئێزدیەکاندا دروست ببێت، لە بەرامبەردا دونیایەک پارەو داهاتیان بۆ میر و شێخ و بنەماڵە دەستڕۆیشـــتوەکان خەرج کردوە، بەخاتری ئەوەش ئەو کارەیان کردوە، لە چوار چێوەی بەرژەوەندیەکانی حزبدا بن، ئەمرۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی.

کەواتە پ.د.ک زۆر زانایانە توانیویەتی لەم رووەوە ســـەرکەوتوو بێت، بە ئێزدیەکان بڵێت ئەوەتـــا تەنیا پارتی ئێوەی لە بیرە، هەر بۆیە ئەم مەرجەعانەی ئێزدیەکان و کەســـانی دیاریان زیاتر لەخۆی نزیک بکاتەوە بە پارەو پۆست و ئیمتیازیش زیاتر هاوسەنگیەکەی راگرتـــوە، بۆنموونە دوو پەرلەمانتاری ئێزدی هەیـــە لە بەغدا ڤیان دەخیل و لە هەرێمی کوردستانیش شێخ شامۆ شێخۆ.

باشـــی پەیوەندیەکانی پارتی و ئێزدییەکان ئەوەندە لێـــک نزیکن رۆژی ١١ی ئابی ٢٠١٥ سەبارەت بە مانەوەی مەســـعود بارزانی لە پۆستەکەیدا وەک سەرۆکی هەرێم رۆژی سێ شەممە وەکیلی میری ئێزدیان حازم میر تەحسین بەگ یاداشتی میر تەحسینی سەبارەت پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە پەرستگای لالش خوێندنەوە و داوای مانەوەی مەسعود بارزانی لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کرد.

شـــەوێک لەســـەر چیاکە لە خێمەی چەند گەنجێکی ئێزدی خۆبەخش دانیشتبووم ئەوان هەرگیز تاوانەکانی داعش و رووداوەکانی سەرەتای مانگی ئابی ٢٠١٤ یان لە بیر ناچێتەوە، جیا لە هەژاری خەڵکەکەیان و نەداری بەهۆی خراپی سیاســـەتی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، کەچی رووبەڕووی جینۆســـاید و ئاوارەبـــوون و راوەدونانیش بوونەوە لەسەر دەستی داعش.

دوای هاتنـــی داعـــش بۆ ناوچەکەیان ئێزدیـــەکان پەرتەوازەش بوون کەوتنە بەرداشـــی نێوان لایەنە سیاســـییەکان و هەر لایەن و بە بەرژەوەندی خۆیدا کاڵای بەباڵای ئێزدی و شنگالیەکاندا دەدووری.

رۆژی یەکشـــەممە ٢١.١٢.٢٠١٤ مەســـعود بارزانی، ســـەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە سەردانێکی رانەگەیەنراودا گەیشتە سەر چیای شنگال کە دەکەوێت باکوری شاری شنگال و چیاکەش بەســـەر ناوچەکەدا دەڕوانێت پێشتر و لەکاتی هاتنی داعشیش رێژەیەکی زۆر هاوڵاتیانـــی ئێزدی لێ نیشـــتەجێ ببوو هەر چەندە ئەو رێکخـــراوە نەیتوانی جەنگاوەرە ئێزدیەکان و پێشـــمەرگە چەکدارانی یەپەگە بشکێنێت، بۆیە نەیتوانی بگاتە سەر چیاکە بەهۆی ئەوەی داعش نەیتوانی بگاتە سەرچیاکە هەزاران هاوڵاتی لەسەر ئەو چیایە مانەوە لە دوای ٣ی ئابەوە تا ٢٠ی ١٢ ئەو هاوڵاتیانەی لەسەر چیاکەبوون رووبەڕووی رەوشێکی

ناخۆش و دژوار بوونەوە. برسێتی. بێ ئاوی و خراپی باری تەندروستی هەموو ئەوانە وەک قەیرانێک رووی کردە ئێزدیەکان.
ســـەرۆکی هەرێم لەسەر چیای چیاکە رایگەیاند "سوپاسی پێشمەرگە دەکەم کە توانیان داستانێکی مێژوویی تۆمار بکەن و لە میانەی ٢٤ سەعاتدا دوو رێگای سەرەکی ڕەبیعە و زوومار بۆ چیای شنگال بکەنەوە.
ســـەرۆک بارزانی پیرۆزبایی لە خوشک و برایانی ئێزدی کرد بەبۆنەی کۆنترۆڵکردنەوەی بەشـــێکی زۆری ناوچەکانیان لەلایەن پێشـــمەرگەوە و ئاماژەی بەوەدا کە ئاواتێکی ئەوە بوو کە بێتە سەر چیای شنگال و پیرۆزبایی سەرکەوتن لە خوشک و برایانی خۆی بکات. دەستخۆشیی لە پێشمەرگە دەکەم داستانێکی مێژووییان تۆمارکرد".
ئـــەو رۆژەی بارزانی هاتە ســـەرچیاکە ئێمە لە ناو بەرەی شـــەڕ بووین لەلای هێزەکانی پێشـــمەرگە رۆژ نزیک دەبوویەوە بۆ سەعات یەکی پاش نیوەرۆ بەدرێژایەی زیاتر لە دوو کیلۆمەتر لەدووری بناری چیاکە دانیشـــتبووین چووینە لای تیمی پزیشـــکەکان کەمێک پشووماندا لەو کاتەدا پێشمەرگەیەکیان بە برینداری هێنا لای ئەو پزیشکانە کە ئەمبولاسیان لابوو تەنیا چارەســـەری سەرەتایی بۆ بریندارەکان دەکرا، بەڵام ئەو پێشمەرگەیە دیاربوو برینکەی قورس بوو یەکێک لە کارمەندەکانی تەندروستی بەدەنگی بەرز هاواری کرد "ئەم پێشمەرگەیە بە خێرای بگەیەننە سەرچیاکە حاڵی باش نیە".
دەرگای دیوی چوونە ژوورەوە بۆ سەر چیاکەش کە هاوشێوەی قەڵای هەولێرە تەنیا رێگای چوون و دەرچوون هەیە دیاربوو بەهۆی قەرەباڵغی و زۆری کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی سەرۆکی هەرێم بوونی ژمارەیەک کەسایەتی سەربازی لەسەر چیاکە ئاستەنگ بۆ ڕەوانەکردنی ئەو پێشمەرگە بریندارە دروست بوو، چونکە رێگاو بانەکان هەموویان کۆنترۆڵکرابوون.
پێنج رۆژێک لە شـــنگال بووین، شـــەو لەســـەر چیاکە دەماینەوە بەیانیان زوو دەهاتینە خوارەوە بۆ نزیک بەرەکانی شـــەڕ، چیاکە کەوتۆتە باکووری شـــنگال لە ئاســـتی شاری شنگال و ناوچەکە زۆر بەرزە شنگالیش کەوتۆتە ناو قولایەییەک بەشی زۆری دەوروپشتی بە شـــاخ و تەپۆڵکە تەنراوە. یەکێک لەو ناوچە بەرزیانە بەڕووی بەشـــێکی شـــارەکەدا دەروانێ گردی بەرۆژە ئەو گردە لە رۆژی ١٩ی ١٢ بە دەســـت چەکدارانی داعشـــەوە بوو، بەڵام دواتر کەوتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە.
شـــەوی ٢١ لەســـەر ٢٢ی ١٢ یەکێک بوو لەشەوە ناخۆشـــەکانم کە لەسەر چیاکە بووم شـــەوێکی زۆر ســـارد بوو ئاو کارەبا نەبوو خواردنیش زۆر کەمبوو خەڵکەکە بۆ ئەوەی گەرمیان بێتەوە پەنایان بۆ دار سوتاندن دەبرد چەندین رۆژنامەنووس و مێدیای بیانی و نێوخۆیش بۆ رووماڵی شەڕو رووداوەکان هاتبوونە شنگال.
ئەو شـــەوە سەرکردەی پێشـــمەرگەو ئێزدیە خۆبەخشەکان قاسم شەشـــۆ-م بینی ئەو پیاوێکـــی چاو بچووکی ســـمێڵ گەورە بـــوو بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێت دوو قەمســـەڵەی

لەبەرکردبوو تەنانەت لە شـــوێنە ئەمینەکانیش چەکی لە شـــان بوو ژمارەیەک چەکداری ئێزدی لەدەوروپشت بوو. ئەوەی شەشۆی جیا دەکردەوە لە بەرپرسەکانی تر ئەم یەکێک بوو لەو بەرپرسانە کە لەناو مەزارگەی شەرەفەدین دوای ٣ی ئاب تا سەرەتای مانگی ١٢ی ٢٠١٤ لەدژی چەکدارانی داعش بەرگریان لە مەزاری شەرەفەدین کرد.

بە باشمزانی قاسم شەشۆ بدوێنم لەسەر دواین گۆڕانکاری ناوچەکە ئەو هەر لەسەرەتاوە دەســـتیکرد بە "جنێو"دان بە چەکدارانی داعش ئەمەش بۆ من و بۆ کاری مێدیا گونجاو نیە وەها لێدوانێکی رۆژنامەوانی بلاو بکرێتەوە ئەو دەیوت: "داعشـــی سەگبابی خوێڕی و قەحبانە".

چەکدارە ئێزدیەکان دابەشـــبووبوون بەسەر چەند بەرەیەکدا کەمێکیان چەکی پەکەکەیان هەڵگرتبـــوو گروپێکی تریـــش هەبوو ئەوان لە نزیک مەزاری شـــەرەفدین زیاتر دەبینران کە حەیدەر شەشـــۆ سەرپەرشـــتی دەکردن خۆیان ناونابوو "هێزی پاراســـتنی شنگال". بەشـــێکی تریش هەر لەناو ئێزدیەکان ســـەربەخۆ و بەبێ بەرنامە هاتبوونە ناو شـــەڕەو لەنزیک سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەبینران، باقی تری ئێزدییەکان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بوون. بەشێکیان لەناو لق و لەڕیزی سوپا و ئاسایش و پۆلیس بوون. بەشێکی تریان سەرکردە ئێزدیەکان وەکو قاسم شەشۆ و قاسم سمێڵ و قاسم دەربۆر ئەوانە تەبەنی ریزەکانی پارتیان دەکرد.

قۆناغـــی دوای ئۆپەراســـیۆنەکەی ١٧ی ١٢ بەدواوە ئیدی پێشـــمەرگە لەشـــوێنی خۆی پێشـــرەوی نەکرد لەدەروازەی چوونە ژوورەوەی شاری شنگال بەڕووی چیاکە پێشمەرگە جێگیر بوو پاش گەڕانەوەم لە شـــنگال بۆ هەولێر دواتر لە رۆژی ٢٨.٤.٢٠١٥گەڕامەوە بۆ شـــنگال دیمەنەکانی ئەو ناوچەیەم بینی سەرم ســـوڕما بۆچی پێشمەرگە هەر لەشوێنی خۆیدایەو هیچ پێشـــرەویەکیان نەکردوە. لەجیاتی چوونە پێشەوە هێزەکانی پێشمەرگە ســـەنگەرەکانیان باشتر توندوتۆڵکردبوو لە بەرزایی گردی بەرۆژ بەسەر بەشێکی شنگال دەڕوانی پێشمەرگە شوینەکانیان ئامادەباش کردبوو لە خوارەوەش سەنگەرێکی چەکدارانی پەکەکەی تێدابوو.

لەماوەی زیاتر لە هەشـــت مانگ کە پێشـــمەرگە تەنیا لە دەروازەکانی سەنتەری شنگال جێگیر ببوون چەندین جار داعش هێرشی کردە سەر پێشمەرگە، بەڵام پێشمەرگە وەڵامی دەدانەوە بەردەوامیش فرۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانان بە ئاســـمانی شارەکەو ناوچەکەدا دەسووڕانەوە بۆ بەرگریکردن لە سەنگەرەکانی پێشمەرگەو لاوازکردنی تواناکانی چەکدارانی داعش.

شـــاری شنگال بەشـــی زۆری بەدەست چەکدارانی داعشـــەوە بوو تەنیا ئەو بەرزاییانەی بەتایبەتی گەڕەکی حەی نەســـر و بەرزاییەکانی بەرۆژ، کە بەڕووی شارەکەدا دەڕوانێت، بەدەســـت هێزەکانی پێشـــمەرگەوەبوون، هەروەها هاوشـــانی هێزی پێشمەرگەش چەند

شەڕڤانێکی یەپەگەش دەبینرێن.
فرۆکەکانی جەنگــی هاوپەیمانان هاوکاریەکی تەواوی هێزەکانی پێشــمەرگەیان دەکرد، هەرکاتێــک چەکدارانی داعش هێرش بکەنە ســەر هێزەکانی پێشــمەرگە فرۆکە بەزووی دەگاتە ئاسمانی ناوچەکە و بەهانای پێشمەرگەوە دەچن.
لەڕووی باکوری شارەکەوە کە بە ڕێگای چیای شنگال دەچێتە خوارەوە، بەرزایی "بەڕۆژ" هەیە بەڕووی شــنگالدا دەڕوانێت، هاتووچۆی کاروانی ئۆتۆمبێلی ســەربازی چەکدارانی داعش و ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری لۆری و تانکەر دەبینرێت، بە ڕێگای سەرەکی شنگال بۆ سووریا و بەپێچەوانەشەوە دێن و دەڕۆن.
فەرماندەی هێزەکانی پێشــمەرگە لە شــنگال، عەقید عیســا زێوەیی دەڵێت "ڕۆژ بەڕۆژ مەعنەویاتی هێزەکانی پێشمەرگە بەرز دەبێتەوە، لە بەرامبەریشدا چەکدارانی تیرۆریستی داعش بەرەو شکان دەڕۆن".
ئەو وتیشی: "بەپێی زانیارییەکانی ئێمە چەکدارانی داعش لەناوخۆیاندا دووبەرەکیان تێدا دروست بووە، ئەوەش وای کردووە نەتوانن هێرش بکەنە سەر هێزەکانی پێشمەرگە تەنیا شــەڕی قەناسیان هەیە ئێمەش بە بڕیاری سەرکردایەتی خۆمان لە سەنگەرەکاندا جێگیر بووین و هەرکاتێک داعش هێرشی کردبێت بەتوندی وەڵاممان داونەتەوە".
فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە جەختی لەسەر ئەوەشکردەوەکە چوونی ئەوان بۆ تەواوی ســنووری شنگال گرێ دراوە بەبڕیاری ســەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی و بەشێکی تریشی پەیوەستە بە کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی مووسڵ و ناحیەی تەلعەفەر.
ئەو عەقیدەی هێزەکانی پێشمەرگە باسی لەوەشکرد "چەکدارانی داعش زیاتر لە خەڵکی ناوچەکە کەســانی بیانیشــیان لەگەڵە، بەڵام ئــەوە نەبووەتە هۆی ئــەوەی بتوانن لە هێرشەکانیان، سەرکەوتووبن کە دوایین هێرشیان لەم مانگەدا بوو بە درووشمی الله اکبر ئەنجامیان دا و تێکمان شکاند".
شنگال بە عەرەبی سنجارە، لەڕووی جوگرافییەوە کەوتووەتە ڕۆژئاوای پارێزگای نەینەوا، ١٢٠کم دوورە لە مووســڵ، هەروەها دەکەوێتە ئەوپەڕی خۆرئاوای هەرێمی کوردســتان، قەزایەکی گرنگی عێراقە و بەشێکیشــە لەناوچەی جێناکۆک لەســەر مادەی ١٤٠ زۆربەی دانیشــتوانەکەی کوردن و بە ئایین ئێزدین. ژمارەی دانیشــتوانی بەپێی ئاماری نافەرمی نزیکەی ١٢٠هەزار کەسە.
دوای هاتنی داعش بۆ عێراق، لە حوزەیرانی ٢٠١٤ لەســەرەتای مانگی ئابی هەمان ساڵ شنگال کەوتە دەست ئەو چەکدارانە و زیانێکی زۆر بە ناوچەکە گەیشت.
چوار مانگ بەســەر کۆنترۆڵکردنەوەی بەشی زۆری سنووری قەزای شنگالدا تێدەپەڕێت، بەتایبەتی کۆنترۆڵکردنەوەی ناحیەی سنوونێ و مەزارگەی شەرەفەدین و ڕێگای هاتووچۆی چیای شــنگال و ڕێگای ناحیەی تەلعەفەر ســنوونێ، ژمارەیەکی کەمی دانیشتوانەکەی

گەڕاونەتەوە بۆ جێی و ڕێی خۆیان.
لەدەروازەکانی شـــارە تەنها هێزەکانی پێشمەرگە دەبینرێن، لەگەڵ یەک بنکەی سەربازی یەپەگەو پەکەکە پێکەوە، ئەگینا ئێزدیەکان، لەســـەر چیاکەو لە چەند شـــوێنێک و لە پەرستگای شەرەفەدین هەن.
ڕووداوەکانی دوای هاتنی داعش، بەڕووخســـاری ئێزدییەکانەوە دیارە کە داعش "دوژمنی" سەرســـەختی ئێزدییەکانە و هەوڵی داوە، پاکتاویان بکات، ئـــەوەش وای لەئێزدییەکان کردوە، لەڕێگا ســـەرەکییەکان و نزیک مەزارگەی شەرەفەدین، چەندین درووشمی جیاجیا کە گوزارشت لە مانەوە و مێژوو کولتووری ئێزدییەکان دەکات بڵاو بکەنەوە کە نووسیویانە "بژی کورد، بژی ئێزدییەت، بژی پێشمەرگە، بەرخۆدانی ئێزدییەکان، یا تاوس".
ئێزدییەکانیش دابەش بوون، بەشـــی زۆریان لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانن، بەشێکی تریشـــیان لە نێو چەکدارانی یەپەگەن، هێزیکی تریشیان لەناودا دروست بووە، هێزی پاراستنی شنگال، حەیدەر شەشۆ سەرپەرشتی دەکرد.
لە مەزارگەی شەرەفەدین، هەوڵی زۆرمدا بەرپرسانی هێزی پاراستنی شنگال قسە بکەن، بەڵام ئەوان بەبیانووی ئەوەی بەرپرســـەکەیان حەیدەر شەشـــۆ گەڕاوەتەوە بۆ ئەورووپا ناتوانن لێدوانی ڕۆژنامەوانی بدەن، هەوڵەکەمان بێ ئاکام مایەوە.
شەشۆ لە ماوەکانی رابردوودا بەبریاری سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان، لەلایەن ئاسایشی پارێزگای دهۆک بەتۆمەتی ئەوەی "حەشـــدی شەعبی" دروست کردووە، دەستگیر کرا و دواتر ئازادکرا.
یەکێک لە بەرپرســـەکانی هێزی پاراستنی شـــنگال زیاد لە جارێک ئەو قسەیەی دووبارە دەکردوە، کە ئەو هێزە "ئێزدین" کوردن و شەهید و قوربانیان داوە، ڕۆڵی باشیان بینیوە لە شەڕکردن، لەدژی چەکدارانی داعش. ئێستاش لە چەند شوێنێک هێزیان هەیە.
چەکدارانی هێزی پاراســـتنی گەل کە حەیدەر شەشۆ سەرپەرشـــتی دەکات، چاوەڕوانی بەرپرســـانی خۆیان دەکەن، چی بڕیارێک بدەن، ســـەربەخۆبن یان لـــە ریزی وەزارەتی پێشمەرگەدا بن.
ئەوەشـــیان نەدەشاردەوە کە ئەوان ئامادەن بچنە ســـەر وەزارەتی پێشمەرگە بەڵام بەو مەرجەی کە "شەڕڤانن و هێزەکەشیان بەناوی هێزی پاراستنی شەنگال دەبێت".
ڕەوشـــی شنگال و دەوروبەری بەدۆخێکی نائاسایدا تێدەپەڕێت، لەو ڕووەی هێشتا شاری شنگال بەدەست داعشە هەروەها هاووڵاتییانی ئێزدیش نەگەڕاونەتەوە، ئاوارە و پەرتەوازە بوون، ناوچەکەش زیانێکی زۆری بەرکەوتووە و کێشەی ئاو و کارەبای هەیە و ڕێگاوبان و بەشێک لە خانوو و بیناکان رووخێنراون.
چەکدارانی داعش بەردەوام توانای ســـەربازی لە نوێ بوونەوەو هێرش و بەرگریشـــدا بوو پێشمەرگەش بەهەمان شێوە لە شنگال پێشمەرگە بۆ جاری دووەم بینیم چەندین چەکی

جۆراوجۆر و پێشـــکەوتوویان لابوو بەردەوام کە داعش هێرشـــی دەکردە سەریان ئەوان وەڵامیان دەدایەوە.

هۆکاری ئەو بەردەوامییەی داعش لە شـــنگال و ناوچەکە بەپاڵپشتی سوریابوو هەروەها شاری موسڵیش چونکە شنگال لە هەردوو میحوەرەکەوە نزیک و هاوسنوور بووو تەنانەت بۆ ئەوەی هەموولایەک لای ئاشکرابێت ڕۆژی ٢٨ی نیسان کاتێ لەسەر گردی بەرۆژبووین بە دووربین لەسەر گردەگەوە کاروانی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و سەربازی چەکدارانی داعشت دەبینی لەنێوان هێڵی سوریا بۆ موسڵ و ناوچەکانی شنگال هاتووچۆیان دەکرد فڕۆکەی هاوپەیمانانیش بۆردومانی نەدەکرد.

ئەفســـەرێکی پێشـــمەرگە لەسەر ئەو دیمەنانە شـــتێکی بۆ باســـکردم و تی "لەرۆژانی رابردوو قەناســـێکی داعش لەناو ئەو خانوانـــەی بەرامبەرمان ئیزعاجی کردبووین. خەوی لـــێ تاڵکردبووین. دواتر هەرچۆنێکمان کـــرد داوامان لەســـەرووی خۆمانکرد فڕۆکەکان ئاگاداربکەنەوە لەسەر ئەو قەناسەیە باش بوو فڕۆکە لێیدا ئەوە چەند ڕۆژێکە قەناسەکە دەنگی نیە".

ئەو ئەفســـەرە تەمەنێکی لە ریزەکانی پێشمەرگە بەسەربردوو پێشتریش چەندین شەڕی بینی بوو خۆی گوتەنی ســـەری لەناو شـــەڕو شـــۆڕ ســـپی کردوە بە توانجەوە دەیگوت "ئەمریکی و ئەجنەبیەکان ســـەیارەی داعش دەبینین قســـەی لەگەڵ ناکەن بەڵام داعش نزیکی ئێمە بکەوێتەوە ناگاتە ٢٠ خوولەک فڕۆکە لێیان دەدا".

# پێنج مانگ گەڕان و فرمێسک ڕشتن

پێنج ڕۆژ لە شنگال مامەوە زۆر چیرۆک و بەسەرهات و دیمەنی سەر سوڕهێنەرم بینی و بیست، چیرۆک گەلێکی تریش لەچاوی منداڵان و ژنان و پیرە پیاوان و گەنجانی سەرچیا دەبینــرا، لەناخەوە مرۆڤەیان دەهێنایە هەژان، دڵی ئەو مرۆڤانە نەبیت کە بوونتە هۆکار بۆ دروست بوونی ئەو هەموو تراژیدیایەی ئێزیدیەکات، هەر مرۆڤێکی تر گەر دڵی بەردیش بێت ئەوا دەبێت بەئاو، ئەگەر ڕۆماننووس و چیرۆک نووســێک چەند ڕۆژێک لەم ناوچەیە بمێنێتەوە، ئەوا سەختی ژیانی ئێزیدیەکان بۆی دەبێتە هۆی نوسینی تراژیدیاترین ڕۆمان لەم سەدەیەدا.

لەگەڵ هاورێکانم فەرهاد و ئیمرا، بەهۆی کەم ئاوی و خراپی خواردن و ساردی ناوچەکە روو بەڕووی ئازار و ناخۆشـــی زۆر بووینەوە، بەڵام لەسەرووی هەموو ئەو چیرۆکانەی لەم ناوچەیە بەدی دەکرا چیرۆکی "ئەلیاس" تاڵترین و ناخۆشترین تراژیدیایی ئێزیدیەکان بوو.

چونکە سەدان ژن و پیاوم لەسەر چیای شنگال بینی کە دوای هاتنی داعش لەسەرەتای مانگی ئاب هەڵاتبوون، هەر یەکێک بۆ سەر چیای شنگال بچوبوایە ئەوا خەڵکەکە داوای یارمەتیان لێدەکرد بەهۆی خراپی باری ژیان و برســێتی وئازارەکانی ژیان کە رووبەرویان بوویتەوە، لەم ماوەیەدا ژنان ڕێگەیەکی زۆریان دەبڕی و دەرۆیشتن بەشان ئاویان دەهێنا و منداڵەکانیش بەبرسێتی و جلی دڕاو چاویان دەبڕییە ئەوانەی سەردانی چیای شنگال-یان دەکرد بۆ ئەوەی خواردن و یاری منداڵانیان پێبدەن.

ئــەوەی مایەی تێڕامان بــوودژواری ژیانی رۆژانە و بێئاگا بوون لـــەوەی لەداهاتوو چی چاوەڕێیان دەکات، بەڵام لەگەڵئەوەشـــدا ئێزدییەکان لە ژیانی جڤاکیدا زۆر پەیوەســـت بوون بە عادەت و دابوونەریت و داســـەپاندنی نەریتەکانی کۆمەڵ بەسەر تاکدا بەتایبەتی کچان و ژنان. لەو دیدەوە وەها دەڵێم بەناو چەندین خێمە گەڕام و هاتووچۆمکرد بەشی زۆری کچان هەر چەندە گەرم و تاریکیش بوو کەچی لەناو خێمەکان دانیشتبوون ئەوەش بە پێچەوانەی پیاوان بوو ئەوان دەگـــەران و دەردەکەوتن. تەنانەت لەکاتی گفتوگۆکاندا دەمویســـت بیاندوێنم بۆ ریپۆرتاژە رۆژنامەوانیەکانم، بەڵام ئەوان خۆیان لە کامیرا بەدوور دەگرت کەمێکیان نەبێت ئەوانیش هێندە خەمی ژیان و تراژیدی رووداوەکان کە بەسەریاندا هاتبوو خەریک بوو خۆیان بیر بچێتەوە، بۆیە ئاســـان نەبوو بتوانن گوزارشت لە ژیانیان بکەن.

ئەوان دەیانوت: "خۆتان هەموو شـــتێک دەبینن، دەتوانن وەڵامی کۆی پرســـیارەکانتان خۆتان وەڵامتان بۆیان هەبێت، چونکە خۆتان ژیان و حاڵی ئێمە دەبینن".

بەرەبەیانـــی رۆژی ٢٥ی کانونی یەکەم، پێنجەم ڕۆژی مانەوەمان بوو لەشـــنگال، بەرەو پێشـــەوەی بەرەکانی شەڕ رۆیشـــتین، بەنیاز بووین دوای گەڕانەوەمان لە دامێنی یەکێک لەچیاکان پشوێک بدەین، بەڵام لەگەڕانەوەماندا ژمارەیەک ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیانی ئێزدی-

مـــان بینی کە لەترســـی گیانی خۆیان ئۆتۆمبێلەکانیان جێهێشـــتبوو، لەنێو ئەو هەموو ئوتومبێلە پیاوێکی باڵا بەرزی جل وبەرگ ڕەشم بینی وەستا بوو. ئەو جگە لەگریان جار جار سەیری ناسنامەو بەلگەنامەکانی دەستی دەکرد و جارێکی تر فرمێسکەکانی بەروویدا دەهاتنە خوارەوە.

وەک هەر کەســـێکی ئاســـایی هەســـتم بەوەکرد دەبێت چیرۆکێکی تراژیدیا لەپشت ئەو فرمێســـکانەوە بێت، بۆیە لێی نزیک بوومەوە بۆ ئەوەی چیرۆکی فرمێســـک رشتنەکەی لەزاری خۆیەوە ببیســـتم و چیرۆکەکەی وەک خۆی بنوسمەوە، ئەو ناوی (ئەلیاس) بوو کە داوام لێکرد چیرۆکەکەی خۆیم بۆ باس بکات ڕەزامەندی خۆی نیشاندام و هەستم کرد دەیەوێت هەموو کەس چیرۆکی ئەو ببیستێ دوای بلاوکردنەوەشم لەئاژانسی ئەنادۆل، زۆر لەمیدیاکان گرنگیان بەچیرۆکەکە دابوو بلاویان کردبۆوە.

ئەلیاس، لە تەنیشـــت ئۆتۆمبێلە بەجێماوەکـــەی باوکی چیرۆکی ونبوونی خێزانەکەی بۆ دەگێڕامەوە.

هێرشی چەکدارانی داعش بۆ شنگال، کە بە جینۆسایدکردنێکی دیکەی کورد و بە تایبەت کوردە ئێزدییەکان ناودەبرێت، ســـەدان چیرۆکی پڕ لە نەهامەتیی و ستەمی خستە سەر دیرۆکی پڕ لە نەهامەتیی کورد.

هاتنی چەکدارانی داعش بۆ ســـنووری شـــنگال ئێزدییەکانی رووبـــەڕووی کۆچ و دابڕان کردەوە، دوای گەڕانەوەی پێشـــمەرگە و هێزەکانی کورد، خەڵکە دەربازبووەکە بە دوای کەسوکاریاندا دەگەڕێن.

ئەلیاس خزر، ئەو گەنجەی بەســـەیرکردنی روخساری درکت بەوە دەکرد ماوەیەکی زۆرە بەماندووێتی ماوەتەوەو هیچ پشوێکی نەداوە، جل و بەرگ و روخساری کۆی چیرۆکەکەی ژیانی نەبوو، چونکە فرمێسکەکانی تەنها بۆ خۆی نەبوو کە دابڕاوە، بۆیە دوای داگیرکردنی شنگاڵ بەبێ وەستان شەو و ڕۆژ بۆ سۆراخی خێزانەکەی دەگەڕێت و پرسیاریان دەکات. بەڵام پێنج مانگ بەسەر دیار نەمانی خێزانەکەی تێپەڕیوەو تا ئێستاش هیچ هەواڵێکیان نییە، ئەو نازانێت خێزانەکەی لەژیان ماون، یان نە ماون.

لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی (٢٠١٤) چەکدارانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق-شام ناسراو بە (داعش) شاری موسڵیان کۆنترۆڵ کرد، دوا بەدوای ئەوە هێرشیان کردە سەر سنوری قەزای شنگال و لە ٣ی ئاب قەزاکەیان کۆنترۆڵ کرد.

ئێزدییەکان بەشـــێکی زۆریان ئاوارەبوون و بەشێکی تریشیان لەلایەن چەکدارانی داعش دەســـت بەسەرکران و بەشێکیشـــیان بەکۆمەڵ کوژران و بەشێکی تریش لەیەکتر دابڕان و هیچ هەواڵی یەکتریان نەدەزانی، چونکە هاتنی داعش بۆ شـــنگال شـــتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو، بۆیە تائێســـتاش ئەلیاس یەکێکە لەو کەسانەی دوای پێنج مانگ نەیتوانیوە خێزانەکەی بدۆزێتەوە.

لـــە ٢٠ی ئەم مانگەدا لە چوارچێوەی ئۆپەڕاســـیۆنی هێزەکانی پێشـــمەرگە بۆ کۆنترۆڵ کردنەوەی ناوچە کوردییەکانی دەوروبەری پارێزگای نەینەوا، لەم ئۆپەراسۆنەدا پێشمەرگە توانی چەندین کیلۆمەتر کۆنترۆڵ بکاتەوە و تا دەروازەی قەزاکەش بڕوات.

دوا بەدوای چوونەوەی پێشـــمەرگە بۆ ناوچەکانی شـــنگال، بەشـــێک لەکوڕە گەنجەکان دەگەڕێنەوە بۆ بەســـەرکردنەوەی ماڵ و موڵکیان، بەشێکی دیکەشیان بە دوای سۆراخی کەسوکاریان دەگەڕێن.

ئەلیاس خزر، جگە لەدایک و باوکی هەشـــت ئەندامی تری خێزانەکەی ون بوون، کە دوو لەئەندامی خێزانەکەی کچن و تەمەنیان لە نێوان (١٣بۆ١٦) ساڵە، ئەو سەرەڕای دڵتەنگی بۆ دایک و باوک و ئەندامانی تری خێزانەکەی، زیاتر دڵتەنگ بوو بۆ ئەو دوو خوشکەی، ئەو دەســـتێکی خســـتبووە ســـەر ئوتومبێلە بەجێماوەکەی باوکی و بەدەستەکی تریش ئاماژەی بۆ ئەو شوێنانە دەکرد کە خەڵک چۆن شنگاڵیان چۆڵکردوە، ئەلیاس بۆ ئاژانسی ئانادۆل وتی: "ئەو ڕۆژەی داعش هاتە قەزای شنگال هەمووومان بڕیارماندا ماڵ بەجێبهێڵین، من لەگەڵ ژن و منداڵەکانم ڕۆیشـــتم بە هەر شـــێوەیەک بێت خۆمان گەیاندە ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، چاوەڕێ بووم باوک و دایکم و خوشک و براکانیشم زوو بگەن، بەڵام ئەوان نەیانتوانی بگەنە نزیک چیای شنگال و ناچار بوون بۆ چەند ڕۆژێک لە شنگال بمێننەوە".

ئەلیاس، سەیری ئەو شوێنەی دەکرد کە خۆی پێیدا دەرباز ببوو بەحەسرەتێکی زۆرەوە باسی بینینەوەی خانەوادەکەی و چۆنیەتی جێهێشتنی شنگالی دەکرد "دوای هاتنی داعش بۆ نێو قەزای شـــنگال یەک دوو ڕۆژ پەیوەندیم بە خێزانەکەمەوە هەبوو، بەڵام دواتر ئەو پەیوەندییە پچڕا و بۆ ماوەی پێنج مانگە ئاگامان لە یەکتر نەماوە، نازانم دایک و باوک و خوشک و براکانم لە ژیاندا ماون، یان نا".

ئەلیاس، خۆی ســـەرباز بووە لەسوپای عێراق، باوکیشی خانەنشینە و خوشک و براکانی بەشێکیان خوێندکاربوون و ئەوانەی تریش کاسبکاربوون.

ئەلیاس، بێ هیوا نەبووە لەدۆزینەوەی کەس و کاری، بەڵام ئەو باسی لەوەکرد کە بەتەنها خۆی ســـەختە بۆ دۆزینەوەی خێزانەکەی، بۆیە داوای لـــە لایەنە پەیوەندارەکان و لەو ڕێکخراوانە دەکرد کە لەبواری مافی مرۆڤ کار دەکەن، بەدواداچوون بۆ کەســـوکارەکەی بکەن بۆ ئەوەی بەیەک شاد ببنەوە.

ئەو بۆ پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆڵ وتی: "زۆر خێزانی دیکە لەیەک دابڕان، ئێستاش ڕۆژانە لەســـنوری شنگاڵ دام بۆ ئەوەی زانیاریەکم دەســـت بکەوێت لەسەر خێزانەکەم، چونکە تەواوی چیا گەڕاوم نەمدۆزینەوە، زۆر هەواڵم پرســـیون، بەڵام هیچ هەواڵێکم نەزانیون و ئێستاش نازانم لەکوێن".

لەکۆتایی ئەلیاس تەواوی ناسنامەی خێزانەکەی بەدەستەوە گرت و بە هەنسک و گریانەوە وتی: "ئەو ڕووداوەی بەسەر خێزانی من و خەڵکی شنگال-دا هات بە ئاسانی باس ناکرێت، لەم سەدەیە ئەوەی بەسەر ئێمەی ئێزیدی هاتوە باوەڕ ناکەم بەسەر هیچ نەتەوەو خاوەن ئاینێکــی تــر هات بێت، چونکە ئەوەی بەســەرمان هات بەهۆی ئێزیــدی بوون و کورد بوونمانەوە بووە".

دوا قســەی ئەلیاس ئەوە بوو "جینۆسایدکردنی ئێزیدییەکان لەلایەن داعش، گەورەترین تاوان بوو بەرامبەر بەمرۆڤایەتی ".

٢٥ کانوونی یەکەم ٢٠١٤

# هوجام چیرۆکێکی بێ کۆتا

شەڕی داعش لە دژی کورد یان بڵێین هێزەکانی پێشمەرگە تەنیا شەڕ بە تفەنگ و چەکە قورســـەکان نەبوو، یان هەوڵی خۆکوژی بۆ نێو هێزەکانی پێشمەرگە لە پێناو ئەوەی کە زۆرترین زیان بە پێشمەرگە بگەیەنن، داعش شەڕێکی دەروونی سەختیشی لە دژی کورد و هێزەکانی پێشـــمەرگە بەرپا کرد ئەوان بە هونەر و تەکنیکێکی نوێ توانیان ســـوود لە ئینتەرنێت و ماڵپەڕە کۆمەڵایەکان وەربگرن، تا ئەوەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەو کۆمەڵگانەی لەدژی دەجەنگن تێیان بگەیەنن، کە توانای چەکداری و کاری ئەم ڕێکخراوە لە چی ئاستێکدایە.

یەکێک لەکارە ترســـناکەکانی ڕێکخراوی داعش کوشتنی پێشمەرگە بوو بە دڕندانە ترین شـــێوە، ئەویش ســـەربڕین بوو، بەڵکو تەنیا بە سەربڕینی پێشـــمەرگە بەدیلگیراوەکان نەوەستان، هاتن کات و ساتی عەمەلیەکەشیان بڵاو کردەوە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردی و کەسوکاری پێشمەرگەی پێ بترسێنن و کاریگەریان بەسەر کەس و کاری پێشمەرگەوە هەبێت.

لەماوەی ئەم ســـاڵە زیاتر لە ٢٠ پێشمەرگە لەلایەن چەکدارانی داعش بەدیلگیران، چەند پێشـــمەرگەیەکی بە خراپترین شێوە شەهید کرد یەکێک لەو پێشمەرگانە کە چیرۆکێکی تاڵی هەیە شـــەهید (هوجام ســـورچی) بوو لەنزیک موسڵ ســـەریان بری و ڤیدیۆکەیان بلاوکردەوە، دوای چەند ڕۆژێک سەردانی خێزان و منداڵەکانیم کرد.

کەم کورد هەیە چیرۆکی "ســـەربڕین"ی هوجام سورچی نەبیستبێ، خێزانەکەی چیرۆکی ژیانی بەو جۆرە دەگێڕنەوە:

لـــەدوای ئەو ئێوارەی هوجام بە توڕەبوون و خێراییەوە هاواری بەســـەر کچ و کوڕەکانی کرد بۆ ئەوەی جل و بەرگ و پێداویســـتییە ســـەربازییەکانی بۆ ئامادە بکەن تاکو بچێتە سەنگەرەگان، بەڵام دوای ئەو گەڕانەوەی بۆ بەرەی شەڕ جارێکی تر نەگەڕایەوە.

ئەڤیـــن، کچە گەورەی هوجام بـــوو، ئەو لەچاوەڕوانی ئەودا بـــوو باوکی بگەڕێتەوەو بۆ نەخۆشخانەی ببات، بەڵام "مەرگ" ڕێگەی نەدا.

هوجام عەبدولڕەحمان خزر، ئەو پێشـــمەرگەیەکی تەمەن ٤٥ساڵ بوو. لە٦ی ئابی ٢٠١٤ لەســـنووری شەلالاتی نزیک موسڵ بەبریندراری دەکەوێتە دەست چەکدارانی داعش لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر.

شەهید هوجام ساڵی ١٩٧٠ لەگوندی بەردەسۆری سەر بەشارەدێی ڕۆڤیای سەر بەقەزای بەردەڕەش لەدایک بووە کە ١٠ کیلۆمەتر لەپارێزگای دهۆک دوورە، لەساڵی١٩٩١ بووەتە پێشـــمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ٢٠١٥ ,١ ,٢٥ لە گەڕەکی عەرەبی شاری موسڵ لەلایەن چەکدارێکی کوردی داعش بەناوی موەفەق ئەسعەد وەک لە گرتە ڤیدیۆکەشدا

دیارە بەشێوەیەکی دڕاندانە سەری لەجەستەی جیاکرایەوە، کە ئەمەش کاردانەوەی خراپی لێکەوتەوە.
هوجام، لەو ماوەی لای چەکدارەکان دەستبەسەر بووە، لەڕێگەی خەڵک بەبێ ئەوەی ناوی شوێن و مانەوەی ئاشکرا بکەن، پەیوەندیان بە عومەری کوڕیەوە کردووە، تەنیا وتوویانە "هوجام لە ژیاندا" ماوە، تا ئەو کاتەی گرتەیەکی ڤیدیۆی سەربڕینەکەی بڵاو کرایەوە.
ماڵەکەیان لە گوندی بەردە سورە، عومەر، کوڕی شەهید هوجام-ە، ئەو قسەی بۆ کردم وەک نێردراوی ئاژانسی هەواڵی ئانادۆڵ و وتی "لەدوای هاتنی داعش بۆ ناوچەکە باوکم بێ سەروشوێن بوو، لەڕێگەی پیاوێکی عەرەب هەواڵیان پێداین ئەو لە ژیاندا ماوە، بەڵام ناونیشانی هیچ شوێنێکیان بۆ ئاشکرا نەکردین، نەماندەزانی ئەو شەش مانگە باوکم لە موسڵە، یان لە شوێنێکی ترە".
چەکدارانی داعش گرتەیەکی ڤیدیۆییان بڵاوکردەوە، تێیدا پێشمەرگەیەکی کورد سەردەبڕن، سەربڕەکەشی خۆی ئاشکرا دەکات، کەسێکی کوردە و وەک ئەوەی ئاشکرا بووە ناوی "موەفەق ئەسعەد" خەڵکی قەزای بەردەڕەشە و سەری "هوجام سورچی" دەبڕی کە دانیشتووی گوندی بەردەسووری ناحیەی ڕۆڤیای سەر بە قەزای بەردەڕەشی پارێزگای دهۆکە و نزیکەی ٦ مانگ لەلایەن چەکدارانی داعش دەستبەسەر بووە.
١٠ ڕۆژ بەسەر هەواڵی سەربڕینی شەهید هوجام سورچی تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا وەک یەکەم ڕۆژی گەیاندنی هەواڵەکە خەڵکێکی زۆر سەردانی خێزانەکەی دەکەن.
مراری عەلی هاوسەری هوجام دەیوت: "ئەوە شەش مانگە لەماڵی ئێمە پرسەیە شەو ڕۆژمان وەک یەک بەڕێ کردوە، هەر ڕۆژە لە چاوەڕێی گەڕانەوەی هوجام بووم، بەڵام دواجار تیرێکیان لە جەرگمدا بۆهەتا هەتایە خۆشی لەخۆم نەبینم".
مراری تەمەنی ٤٣ ساڵە توانای قسەکردی نەبوو بە دەم هەنسک و گریانەوە نەی دەتوانی زووخاوی دڵی هەڵبڕێژی جار جارە سارای کچە چوار ساڵانەکەی لە باوەش دەگرت.
ماوەی شەش مانگە خێزانەکەی هوجام ڕەشیان پۆشیوە، بەهۆی بڵاو کردنەوەی ئەو گرتە ڤیدیۆییە لەلایەن چەکدارانی داعش لای خەڵکی کوردستان، ناسراون.
هوجام و مراری هاوسەری ١١ منداڵیان هێناوەتە دونیا، شەش کوڕ و پێنج کچ دوو لە منداڵەکانیان کە یەکێکیان کچە گەورەکەیەتی ناوی ئەڤینە کەمئەندامە دوو لە کوڕەکانیشی وەک باوکیان پێشمەرگەن.
ئەڤین هوجام، کە تەمەنی ٢٥ ساڵە دەڵێت: "بەمنداڵی تووشی ئازاری جەستە بووم چەند جارێک باوکم بردمی بۆ لای پزیشک ئەوانیش وتیان لەدەرەوەی وڵات چارەسەرت بۆ دەکرێت، بەڵام بەهۆی خراپی باری ئابوری باوکم نەیتوانی من و براکەم بباتە دەرەوە یان پزیشکێکی باش".
ئەڤین ئەوەشی لەدڵ دەرناچێ وەک خۆی وتی "یەکێک لە ئاواتەکانی باوکم ئەوەبوو من

چارەسەر بکرێم، تەنانەت باوکم بەڵێنی دا کە گەڕایەوە بمباتە لای پزیشکێکی باش، بەڵام بەداخەوە ئاواتەکەی نەهاتە دی".

عومەر کوڕی دووەمی هوجام سـورچیە بۆ دووساڵ دەچێ پێشمەرگەیە ئەو وەکو دایکی و خوشـک و براکانی شـەش مانگە جل و بەرگی رەشی پۆشیوە. عومەر دەڵێت: "کاتێ وێنەی باوکم دەبینم بەو جۆرە شەهیدی دەکەن، قارەمانیەتی ئەو پیاوەم دێتە پێش چاو ئەو کەسـێکی زۆر دڵسۆزی خاک و نیشـتمانەکەی بوو بەڕاستی پێشمەرگە بوو رقی لە خۆ پەرستی و خیانەت بوو لەوێنەکەشدا دیارە سەری بۆ داعش شۆڕ نەکرد ئەمە هەموو شتێکە کە باوکم بۆ ئێمەی جێهێشتووە".

ژیانـی خێزانی و باری ئابوری هوجام بەدۆخێکی دژواردا تێپەڕیوە، زۆری منداڵ و بوونی دوو نەخۆشـی بەردەوام لە ماڵەکەی زیاتر فشـاری خستبووە سەر ئەو پیاوە، ناچار بێ لەدوای گەڕانەوەی لە دەوامی پێشمەرگایەتی کرێکاری، یان کاری تر بکات.

هوجام زیاترلە ٢٠ سـاڵ پێشـمەرگە بووە، بەپێچەوانـەی هاوڕێکانی تری ئەو کەمترین قۆناغی پلەی سەربازیی بڕیوە، کە پلەی کۆمیسەر (مفوەز) بووە، موچەکەی لە بەرامبەر پێشمەرگەیەکی ئاسایی شتێکی وەها زیاتری وەرنەگرتووە.

مراری هاوسەری هوجام وتی: "هەر بەهەژاری ژیانمان بەسەر بردووە، هەتا دەستگیریش کرا هوجام قەرزاری خەڵک بوو ئەو قەرزانەش هی ئەوە بوو کە منداڵەکان بباتە نەخۆشخانە، یان پێداویستی ماڵی پێ کڕیوە".

دیمەنەکانـی نـاو ماڵ و دەرەوەی ماڵی هوجام خۆیـان دەدوان، چیرۆکەکان بە بینینی وێنەکانیشەوە دەنووسرێتەوە، کاتێک منداڵەکانی ئەو پێشمەرگەیە دەبینی دەزانی بێبەشن لە مافە سـەرەتاییەکانی ژیان، ئیدی شتێک نامێنێتەوە بۆ وتن، مرۆڤ بەسروشتی خۆی تورە دەبێت، لەم بەسـەرهاتەی لەنزیکەوە دەیبیسـتی و وێنەکانیش دەبینیت پرسیاری ئەوەت لا دروست دەبێت، ئەم ناعەدالەتیە لە پای چیە؟ خێزانەکەی هوجام وەها وەڵامیان دەداتەوە، بۆیە ئاوا بە هەژاری ژیاون بێدەسەڵاتن.

بکوژی هوجام سورچی خەڵکی ناوچەکەیە و لای هەمووان ناسراوە. ئەو کە ناوی موەفەقە پێش ئەوەی بڕواتە ریزی چەکدارانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بەداعش لە گوندی عەلی شانەی سەر بەقەزای بەردەرەش نیشتەجێ بووە.

ئەو کەسەی هوجام سورچی سەربڕیوە، لەهێرشی ماوەکانی رابردوو بۆ سنوری ناوەرانی نزیک موسڵ وەک کەسوکاری هوجام باسی دەکەن، دوو برای لە ریزی چەکدارانی داعش لەلایەن پێشـمەرگەوە کوژراوە، بۆیە وەک تۆڵە سەندەوە لە خوێنی براکانی هەستاوە بە کوشتنی هوجام و ڤیدیۆکەی بڵاوکردۆتەوە.

عومەر-ی تەمەن ١٨ سـاڵ زیاتر قسـەی بۆ دەکردم بەناوی کەسوکاری هوجامی باوکی دەیوت: "راسـتە ئەو کەسەی باوکمی شەهید کردووە، ناسراوە و لە عەشیرەتی زێباریە،

بەڵام ئێمە هیچ کاتێک کێشەمان لەگەڵ ئەو عەشیرەتە نییە و نابێ بەپێچەوانەوە هەندێ کەســـی ناســـراوی ئەو کابرایەی باوکمی کوشت هاتە پرسەکەمان و وتیان ئەو کەسە بێ بەرییە لای ئێمە".

عومەر هوجام وتیشـــی: "کەیســـی باوکم زۆر لە کەیسی عەشیرەتێک گەورە ترە ئێمە لە شـــەڕی داعشداین ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە دژی نەتەوەی کوردە دەبێ بەهەموومانەوە لەدژی بوەســـتینەوە بەڵێنمان بەخوێنی باوکمان داوە، تا لە ژیاندا بین لەدژی داعش و دوژمنانی گەلی کورد شەڕ بکەین".

ئەوەی مایەی سەرنجە لەکاتی بڵاوکردنەوەی ئەو گرتە ڤیدیۆیە هوجام هیچ جموجوڵێکی نییە تەنیا بەنیگایەکەوە سەیری کامێرا دەکات و بکوژەکەش بەدەنگی بەرز چەقۆ لە ژێر چەناکەی دادەنێ.

چیرۆکـــی هوجام لای هەموو تاکێکی کورد بەگرنگیەوە ســـەیر دەکرێ. زۆر نووســـەرو ڕۆژنامەنـــووس و هونەرمەنـــدی کورد وتار و هۆنراوەیان لەســـەر ئەو پێشـــمەرگە بڵاو کردووەتەوە. ئەو چیرۆکە ســـنورەکانی باشووری کوردستانیشی بەزاند و لە سەرانسەری جیهان گەلی کورد بەو تاوانەی داعش سڕ بوو.

ڕۆژنامەنووس چیمەن ســـاڵح وێنەی ئەکتـــەری بەناوبانگی هۆلیۆدی جۆرج کلۆنی لەگەڵ وێنـــەی هوجام بڵاو کردبووە، نووســـیبووی: "هوجام تۆ ئەکتـــەری هۆلیۆد نەبووی ئەو ئاکشنەت لە کوێ هێنا، هۆلیۆد قارەمانێکی وەکو تۆیان دەست ناکەوێ تا شێری زێڕینی پێ ببەخشن".

هونەرمەندی شـــانۆکار کاروخ ئیبراهیم-یش نووسیبووي: "هوجام مردم ئەوەندەی سەیری چاوەکانـــت بکەم، یەک دونیا وێنەی تێدا دەبینم تا لەدەرگایەک دەچمە دەرەوە، هەزاران دەرگای تر دێتە سەر ڕێم ئەوە چ سەیر کردنێکە چ قسە و بەیت و باڵۆرە و مەقامێکە چ ئاوازێکی غەمگینە چی گێڕانەوەیەکی سەیرە، هەندێک جار لەگەڵ ئەو نیگایەت، لە دایک دەبم تا تێر بگریم".

# هەڵەی ڕۆژنامەنووس

لەو ڕۆژەی شـــەڕی چەکدارانی داعش و ســـوپای عێراق و پێشـــمەرگە دەستیپێکردوە، هاوڵاتیانی عێراق و هەرێمی کوردستان روو بەڕووی ترس و دڵەڕاوکێ بوونەتەوە، بەهۆی نیشاندانی کردەوە نامرۆییەکان و قێزەونەکانی ڕێکخراوی داعش کە بەرامبەر بەهاوڵاتیانی ئەو ناوچانەی لەژێر دەستیدایە کردویەتی.

لەلایەکیترەوە گەورەکردنی ڕێکخراوی داعش بەهۆی گواســـتنەوەی شـــەڕەکان لەهەردوو پارێزگای نەینەواو کەرکووک لەلایەن میدیاو ڕۆژنامەنوسانەوە، کە ئەمەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی مەترسی زیاتری لەسەر خەڵک هەبێت.

لەدوای داگیرکردنی موسڵ و چەند ناوچەیەکی تری دەوروبەری موسڵ لەلایەن ڕێکخراوی داعش دەزگاکانی ڕاگەیاندن پێشـــبرکێیان بوو لەسەر گواستنەوەی چۆنیەتی داگیرکردنی موسڵ، میدیاکان بەتایبەت (تی ڤی) ڕۆڵێکی سلبی بینی لەگواستنەوەی بەشێک لەشەڕی نێوان داعش و سوپای عێراق و پێشمەرگە، چونکە بەشێکیان وەک پاڵەوان باسی داعش-یان دەکرد بۆ داگیرکردنی موســـڵ، تەنانەت بەشێک لەگرتە ڤیدیۆکانی ئەو ڕێکخراوەیان بلاودەکـــردەوە، بۆیە ڕێکخـــراوی داعش وەک دێوەزمەیەک بوو لـــەلای خەڵکی هەرێمی کوردستان و عێراق، تەنانەت لەلایەن ئەو سوپایانەی ڕووبەڕوویان دەبوونەوە لەبەرەکانی جەنگ.

هەڵەی میدیـــاکان بەهۆی نەبوونی پەیامنێری ڕاهێنراو دیاریکراو (مختص) بووە لەبەرەی شەڕو گواستنەوەی شەڕو زانیارییەکان بەتایبەت لەڕووی (ئاسایشی کۆمەلایەتی، ئاسایشی نیشتمانی، ئیتیکی ڕۆژنامەنوسی) کە ئەمەش تەنها پێشبرکێیەکی نا دروست بوو بەداخەوە لەبەشێکی زۆری میدیاکان دەبینرا.

ئەگەر بەشێوەیەکی تریش ســـەیری بارودۆخ و ئەزمونی میدیایی کوردی بکەین دەبێنین بەشـــی هەرە زۆری ڕۆژنامەنوس و میدیاکاران ســـەرەڕای بـــێ ئەزمونی لەکاری میدیایی نەیانتوانیوە لەســـنوری پارێزگایەک دەربچێت و کار بـــکات لەکاتێکدا بەرنامەو ڕومالی ڕاســـتەوخۆی کردوە لەبەرەکانی شـــەڕدا، کـــە بەبۆچونی من ئەوە هەڵـــەی بەڕێوەبەرو سەرپەرشـــتیاری دەزگاکەیە، چونکە ڕۆژنامەنوســـم بینیوە لەبەرەکانی شەڕی میحوەری موسڵ، یاخود کەرکوک دووجار ئەو ناوچەیەی نەبینیوە، تەنانەت هەبووە زانیاری لەسەر شـــەڕی گەڕەکێک نەبوو، بەڵام لەم شەڕانەدا ڕومالی ڕاستەوخۆی شەڕی کردوە، دەکرێت کۆی ئەو بێ ئەزمونیە بخرێتە ئەستۆی بەرپرسی یەکەمی دەزگاکە، چونکە ئەگەر خولێک لەدەرەوەی وڵات هەبێت ئەوا خۆی دەچێت، بەڵام بۆ بەرەی شەڕ خۆی لەئۆفیس نایەتە دەرەوەو پەیامنێرێک دەنێرێت ئەگەر ئەزمونیش نەبێت، ئامانجی تەنها ئەوەیە پەیامنێری دەزگاکەیان بوونی هەبێت لەو شوێنە.

لەئێستادا چوونی پەیامنێرەکان بۆ بەرەی شەڕ خۆشحاڵیان دەکات، چونکە بەجۆرێک بیردەکەنەوە کە دەبنە پاڵەوان لەناو ڕۆژنامەنوسان و کۆمەڵگا بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەش ڕۆژنامەنوسێکی هاوڕێم پێی وتم «ئەگەر بچمە ناو شەڕەکەوە دەبمە یەکەم ڕۆژنامەنووسی کورد لەبەرەی شەڕ» بەڵام ئەو بێئاگایە لەوەی چی لەپشت شەڕەکەوە دەگوزەرێت، لەکاتی شەڕو لەیەکتر نزیکبوونەوەی هەردوولا کێ ئەوی ڕۆژنامەنووس دەپارێزێت، بۆیە ئاسان نییە ڕۆژنامەنوس بە دۆخێکی وا دژوار تێپەڕێت و دەبێت چاوەڕوانی هەموو ئەگەرێک بێت لەکاتی شەڕو ڕووبەڕوو بوونەوە.

١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ ڕۆژی کۆنترۆڵکردنی تەواوی شاری موسڵ بوو لەلایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام (داعش) لەگەڵ دوو هاوڕێی ڕۆژنامەنووسم چوومە سنووری نێوان موسڵ و هەولێر بازگەی گوبجەلیان پێدەوت دوا خاڵی هێزەکانی پێشمەرگە بوو بەرامبەر چەکدارانی داعش، بە کۆمەڵ هاوڵاتیانی موسڵ ڕایان دەکرد.

ڕۆیشتن بۆ شوێنێکی وەها بەهەمان شێوەی ڕۆژانی ئاسایی بوو هیچ جلوبەرگێکی تایبەتمان لەگەڵ خۆمان نەبرد تەنانەت ئۆتۆمبێلەکەشمان بۆ ئەو شوێنە نە دەگونجا ئەمەش هەڵە بوو، چونکە دەبێت هەر ڕۆژنامەنوس لەهاوڵاتی جیابکرێتەوەو بەرگی تایبەت بەراگەیاندن لەبەر بکات دواتر چەند ڕۆژنامەنووسێکی تریشم بینی هەمان هەڵەی ئێمەیان دووبارە کردبۆوە.

بەپێچەوانەی بەشێک لە میدیای بیانی و هەندێ لە میدیاکانی عەرەبی میدیای کوردی بۆ ڕوماڵکردنی ڕوداوەکان، هێشتا وەک پێویست خۆیان ئامادەنەکردوە، لەجۆری ئۆتۆمبێل و جلوبەرگی دیاریکراوی پەیامنێران و ئەو کەرەستانەی پێویستن ڕۆژنامەنووس لەگەڵ خۆی بیبات و بۆ هەموو ئەگەرێک خۆی ئامادەکردبێت.

لە گرتەیەکی ڤیدیۆی لەکەرکوک دەردەکەوێت، ڕۆژنامەنووسەکان زۆر پەرتەوازەن، لەناو پۆلیس و پێشمەرگە هەواڵنێری دەزگایەکی زل و زەبەلاحە کەچی پەیامنێرەکە کراس و پانتۆڵ و پێڵاوی پلاستەری لەپێدایە و سەرقاڵی لێدوان وەرگرتنە، ئەگەر هێزە چەکدارەکان بکەونە جەنگێکی سەخت ئەو پەیامنێرە بەئاسانی ناتوانێ پارێزگاری لەخۆی بکات.

لەکاتی ڕومالکردنی ڕوداوەکانی شەڕ دەبێ ڕۆژنامەنوس چ جۆرە کەرەستەو پێداویستیەکی پێبێت، بەپێی ڕێنمایی ئەو کۆرس و ڕاهێنانە ڕۆژنامەوانیانەی کە بینیومانن پێویستە ڕۆژنامەنوس ئەم تایبەتمەندیانەی تێدابێ و هەموو ئەو کەرەستانەی پێبێت کەپێویستن بۆ کاتی چوونە بەرەکانی شەڕ÷

یەکەم: دەبێت ڕۆژنامەنووس توانای جەستەیی و دەروونی ئامادەبێ بۆ چوونە ئەو شوێنانەی کەجەنگی تێدایە.

دووەم: پاڵپشتی دارایی و مەعنەوی ئەو دەزگایەی بۆ یەکلای بووبێتەوە کە کاری بۆ دەکات.

سێیەم: کەرەستەی باشی پێبێت، وەک جلوبەرگی خۆپاراستن، هەروەها جۆری پێڵاو ئەو پۆشاکانەی لەبەریدان لانی کەم گونجاو بێت، بۆ کاتی حەوانەوەو لەکاتی دروست بوونی هەر حاڵەتێکی نەخوازراو.
چوارەم: پێویستە ئۆتۆمبێل و کەرەستەی تەندروستی بۆ راگەیاندنکار هەبێت بۆ ئەوەی لەکاتی برینداربوونیدا چارەسەری سەرەتایی بۆ بکرێت تاکو دەگەیەنرێتە خستخانە.
پێنجەم: پێویســـتە شارەزای ناوچەکە بێت و زمانی ئەو خەڵکەی ئەو شوێنە بزانێت کە بۆی دەچێت، ئەگەرنا دەبێت دەزگاکە وەرگێرێک بنێرێت لەگەڵ تیمەکەدا.
شەشـــەم: پێویســـتە ئەو بەرەیی بۆی دەچن لایەنی پەیوەندار ئاگادار بێت و ئاگاداریان بکەنەوە لەهاتنی تیمەکەیان و ژمارەی تیمەکە بۆ ئەوەی هیچ نەبێت لەکاتی رووبەرووبونەوەو هەر ئەگەرێکی تر پارێزگاریان لێبکرێت.
١٦ی حوزەیرانی ٢٠١٤لە رۆژنامەی هاوڵاتی بڵاوکراوەتەوە.

## بەحزبیکردنی شەڕی داعش

لە ماوەی رابردوو وەها بیرماندەکردەوە، کە ئیدی وردە وردە حوکمی حزبی و بنەماڵەیی و بێ یاسایی کۆتایی هاتوەو بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆ هەنگاو دەنێین.
بەڵام هاتنـــی گروپی تیرۆریســـتی چەکدارانی داعش بۆ ناوچەکانـــی دەرەوەی هەرێمی کوردستانو نزیکبونەوە لەپارێزگای هەولێرو دهۆک، لە ماوەی پێنج رۆژدا بۆمان دەرکەوت کە ئەوە ئێمەین خوێندنەوەیەکی وردو زانستی و ستراتیژمان نەبووە بۆ دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگاو دەسەڵاتەی پارتی و یەکێتی.
کە لەئەرزی واقیعدا هێشتا هێزە سیاسیەکانی ئەم هەرێمە کیانێکی نیشتمانی و مەدەنیان دروســـتنەکردوە، گوزارشت لەهەموو پێکهاتەکان بکاو خاوەن هێزو دەزگایەکی نیشتمانی بین لەم وڵاتە بۆ ئەوەی ئەم دەزگا نیشـــتمانیە لەناویدا هێزێکی بەرگریکار هەبێ دیفاع لەو دەستکەوتانە بکات، کە ساڵەهایە کورد خوێنی لەپێناو رشتوە، نەتەوەیەک ئەنفالو کیمیایی و جینۆسایدکراوە بەهۆی کوردبونەوە.
ســـەرلەبەیانی رۆژی یەکشـــەممە پێشمەرگە هێرشی دەســـتپێکرد بۆ گرتنەوەی قەزای مەخمور کاتێ میدیاکانی پارتی دیموکراتی کوردســـتانو یەکێتی نیشتمانی کوردستانمان بینی لە روماڵی جەنگەکە هەستمان بەوەکرد کە هەرکەس بۆخۆی حزبایەتی دەکات.

وەک لە میدیاکانی ئەوان دەردەکەوت یەکێتی مەخموری گرتۆتەوە، لەلایەکی تر میدیاکانی پارتی دیموکراتی کوردســـتانیش بەپێچەوانەوە ئەوانیش بەرپرسە سەربازی و ئیدارەکانی ناوچەکەیان دەهێنایە سەرشاشەو نمایشی خۆیانیان دەکرد.
دیمەنی نێگەتێڤ و خراپ ئەوەبوو کاتێ چەکدارانی یەکێتی چونە سەر سایلۆی مەخمور وەک لەمیدیای یەکێتی بڵاوکرایەوە، پێشـــمەرگەیەک دەبینرێـــت، ئاڵای داعش دادەگرێ کەچی لەجیاتی ئاڵای کوردسان هات ئاڵای سەوزی حزبەکەی جێگیرکرد.
مایەی شەرمەزاریە بۆ حزبی کوردی دوای ساڵانێکی زۆر تازە دێن تۆوی حزبایەتی دەچێنن لەکۆمەڵگای کوردی، ئەم حیزبانە لەشـــەڕی داعش و ئەو رەوشـــە خراپەی کەدروستبوو دەریانخســـت یەکێتی و و پارتی بەتایبەت حوکمی نیشـــتمانیان ناوێ و هەروا دەیانەوێ هەرکـــەس بۆخـــۆی کۆمەڵێک گەنجی کورد بە پـــارە راگرن، بەناوی پێشـــمەرگە بوون چەکداریان بکەن.
ئەم ماوەیە بەحوکمی ئەوەی لەســـنوری قەزای مەخمورو ناحیەی گوێرو ســـنوری خازر روماڵی روداوەکانم دەکرد زۆر شـــتی ســـەرنجڕاکێش وگرنگم بینـــی لەبەرەی هێزەکانی پێشـــمەرگەو خەڵکی خۆبەخش بەتایبەتی ئەو پرسەی پەیوەندی بەحزبایەتی یەکێتی و پارتی بونەوە هەیە.

رۆژی ٦، ٨، ٢٠١٤ وەک تیمێکی رۆژنامەوانی چوینە بەرەکانی شەڕ لەوکاتەدا هێشتا ناحیەی گوێڕ چۆڵنەکرابوو شـــەڕی قورس کەوتبوە ســـنوری ئەودیوی ناحیەکە دوای نیوەڕۆکەی شـــەڕی ســـەخت لەگوندی کیشاف و ســـیاف بوو لەخواروی ناحیەی گوێر بۆ قسەکردن لەگەڵ بەرپرسی پیشـــمەرگە لەو قۆڵە حەزمکرد بزانم چی دەگوزەرێت بارودۆخەکە بەچ ئاراستەیەک دەڕوات ، دوای هاتووچۆیەک لەناو پێشمەرگە وەک بینیم ئەوان مەعنەویتیان بەرزو هەندێکیان تەنانەت گۆرانیشیان دەوت و بزە لەسەر لێویان بوو. تەنها لەم میحورەدا ناوی سێ بەرپرسی پێشمەرگەیان هێنا دواتر وتیان: مام غەفەش بەرپرسە لێرە.

لەم ماوەی ئەوەی بینیم  تەنیا حزبایەتی لە نێو پێشمەرگەو بەرهەمی میدیاکانی یەکێتی و پارتـــی و ئەوانەی نزیکی ئەم حزبانەن نەبوە، بگـــرە لەناو هاولاتیانیش بەحزبیکردنی دوژمنایەتی داعش لایەنێکی خراپ بوو پارتی و یەکێتی وایانکرد کە لەنێو هاولاتیان بوونی هەبێت و ببینرێت.

رۆژی ٨، ٨، ٢٠١٤ لـــە رێگای نێوان هەولێر ناحیەی گوێڕ بەدوری ١٠ کیلۆمەتر لەهەولێر ژمارەیەکی زۆر هاولاتی و پێشمەرگەی خانەنشین لەپشت هێزەکانی پێشمەرگە وەستابون، بۆ پاڵپشتی هاتبونە سەرجادەو هوتاف و بژی کوردو کوردستانیان دەوتەوە.

بەلامـــەوە گرنگ بوو یەکێک لەوانە بدوێنم، بۆیە پیاوێکی بەتەمەنم هەڵبژارد هەرئەوەندە مایکم بۆڕاگرت و قسەی کرد دواتر پیاوێکی تر بەدەنگی بەرز هاواریکرد «ئەدی ئێمە لۆ قسە نەکەین؟»

تێگەیشـــتم کە ئەو پیاوەی قســـەم لەگەڵی کرد پارتی بوە، بەڵام ئەویان یەکێتی-یە زۆر لام ئاســـایی بوو مایکیشم بۆ ئەو راگرت وتم: فەرموو چیت هەیە؟ بۆچی هاتووی؟ کابرا هەندێ قسەی عاتفی و نەتەوییانەی کرد دواتر بەدەنگی بەرز وتی: بژی کوردو کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان».

لە رۆژنامەی هاولاتی بلاوکراوەتەوە.

## میدیای کوردی و روماڵی شەڕی شنگال

دوای رووداوەکانی سەرەتای مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤ کەچەکدارانی داعش توانیان پارێزگای موســڵ و چەند ناوچەیەکی نزیک کەرکوک و جەلەولا کۆنترۆڵ بکەن. لەوماوەیە چەندین شــەڕو پێکدانان لە نێوان هێزە چەکدارەکانی داعش و پێشــمەرگەی کوردســتان روویدا ســەرەرایی شەهیدبوونی ژمارەیەک پێشــمەرگە، بەڵام داعش نەیتوانی بەسەر هێزەکانی پێشمەرگەدا سەربکەوێت.

رۆژی یەکشــەممە لەقەزای شنگاڵ شەڕ لەنێوان پێشمەرگەو داعش دەستی پێکرد، بەڵام ئەمجــارە بەخت یاوەری کورد نەبوو لەئەنجامدا شــەڕەکە بەدۆڕانی پێشــمەرگە کۆتایی هات، ئەگەرچی پێشــمەرگە تواناو ئیرادەی باشیان هەیەو دەتوانن شەڕ دژی چەکدارانی تیرۆرســتی داعش بکەن، بەڵام راســتیەک هەیە نابێت نکۆڵی لێبکریت ئەویش قەزای شنگاڵ لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە چۆڵکرا.

شــەڕی شنگال کۆمەڵێک پرسی بەدوای خۆیدا هێنا بەتایبەتی شەڕی ساردی میدیاکانی نزیــک لەیەکێتی و پارتی بە ئاشــکرا بەدیار دەکەوێت، ئەگــەر ئاوڕ لەچۆنیەتی روماڵی شــەڕەکە بدەینەوە دەبینین میدیای ئەم حزبانە هەموو ســنورێکی بەرژەوەندی خەڵکی کوردســتانیان تێپەڕاند لەپێناو بەرژەوەندی سیاســی خۆیان گرفتیان لەگەڵ ئەوەنەبوو تەنانەت «درۆ»ش بکەن، یان زانیاری نا ڕاســت بڵاوبکەنەوە بڕوانن رۆماڵی ئەم میدیانە چۆن بووە.

سەرەتا میدیایەکی ی.ن.ک « داعش شنگال داگیردەکات».

دواتر میدیایەکی پ. د. ک «ئەوەی دەڵێ شــنگال کۆنترۆڵ کراوەو پێشــمەرگە چۆڵی کردوە راست نیە«.

هەروەهــا دواتر میدیایەکــی نزیک لە پارتی بەناوی ســەرچاوەیەکی نزیــک لەو حزبە بڵاویکردەوە. «هێزەکانی پێشمەرگە بەسەرۆکایەتی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پ.د.ک فازڵ میرانی و مەسعود بارزانی راستەوخۆ سەرپەرشتی شەڕی شنگال دەکەن».

چەند خولەکێک دواتر میدیایەکی ی.ن.ک بەبێ ناوهێنانی کەس بڵاویکردەوە «هێزەکانی پێشمەرگە سەرقاڵی خۆسازدان و خۆئامادەکردنن بۆ ئەوەی هێرشێکی فراوان بکەنە سەر شنگال و لە چەند قۆڵێکەوە کۆنترۆڵی شارەکە بکەنەوە«.

شــەڕی ســاردی نێوان راگەیاندنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردســتان، تەنیا بەوە نەوەستان ئەوان لەسەر هاتنی چەکدارانی رۆژئاواش بۆچوونیان جیاواز بوو.

زیاتــر لەچەند میدیایەکی یەکێتی و نزیکی ئەو حزبــە بڵاویانکردەوە « هەزار چەکداری یەپەگە بەرێوەن بەرەو شنگال». هەندێکی تریان بڵاویانکردەوە «شەڕوپێکدانان لەنێوان چەکدارانی داعش و یەپەگە رویداوە لە شنگال».

لەبەرامبـــەردا زیاد لەچەنـــد راگەیاندنێکی پارتی هەواڵی هاتنـــی چەکدارانی یەپەگەیان رەتکردەوە، بۆ شەنگال، تەنانەت کارگەیشتە ئەوەی بەرپرسێکی یەکێتی لە رادیۆی نەوا بڵێ: «پێشمەرگە شەڕی نەکردوە، ئەوەی شەڕی کردوە چەکدارانی یەپەگەی رۆژئاوا بوە، کەهاتونەتە شنگال دژی داعش شەڕ دەکەن».
ئەم ململانێ حزبی و شەڕی ساردی نێوان پارتی و یەکێتی لەڕێی راگەیاندنەکانەوە، وەکو ئەوەیە پارتی و یەکێتی کەڵەشـــێر بەخێو بکەن، دەنوک لەهاوڵاتیان بگرێت. مەبەســـت لەدەنـــوک گرتن لەهاوڵاتییان ئەوەیە ئەم میدیایانە زانیـــاری هەڵە بڵاو دەکەنەوە و دێن بەرژەوەندی گشـــتی نەتەوەیـــەک دەکەنە قوربانی بەرژەوەنـــدی حزبێک ئەوەتا میدیای بیانی سود لەم ململانێیە وەردەگرێ ئەوان زۆر بەوردی چاودێری ئەم میدیایانەی خۆمان دەکەن. هەر زانیاریەک بۆنی بوعدێکی نێودەوڵەتی لێبێت ئەوا وەریدەگرن بۆنمونە کاتێک میدیایەکی حزبی دەڵێ «بەنداوی موسڵ لەلایەن داعشەوە دەستی بەسەرداگیراوە« . کە راستیش نەبوو. دواتر ئەم هەواڵە لە میدیا بیانیەکان بڵاوکرایەوە.
لە سەرەتای مانگی ئابی ٢٠١٤ لە رۆژنامەی هاوڵاتی بڵاوکراوەتەوە.

# میدیای نا پەسەند

شـــەڕی داعـــش و رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر کاریگەری خســـتۆتە ســـەر هەموو ئۆرگانە جیاوازەکان. کار، کەسابەت، هونەر، راگەیاندن، خوێندن، سیاسەت، هەروەها گەشتوگوزار و وەرزش و زۆر شتی تر لە کۆمەڵگا، کە هەموویان لە رەگەوە کپ کرد.

شـــەڕی ســـێ مانگی هەرێمی کوردســـتان، لەگەڵ داعش و بەردەوامی شەڕ لە رۆژئاوای کوردســـتان، وایکرد میدیاکانی هەرێمی کوردستان، تاڕادەیەکی زۆر هاودەنگ بن لەسەر پرســـی تیرۆر هەروەها دەرنەچوون، لەو کۆ دەنگیەی کەدروســـت بووە، هەموولایەکیان بەپێویستیان زانی لێی دەرنەچن و لەسەری کۆک بوون.

راستە میدیا حزبیەکان تاڕادەیەکی زۆر هەوڵیاندا و درێخیان نەکرد لە بەحزبیکردنی شەڕی داعشـــدا، بەڵام ئەو هەوڵە کەم تا زۆر کورتی هێنا، ئەگەر ئەوان هەر بەردەوام بن، ئەوا متمانەی خۆیان زیاتر لەلای هاوڵاتیان لەدەست دەدەن و خەڵک گوێیان لێناگرێت، چونکە ئینسانی کورد لەوە تێگەیشتوە، داعش دژی گەلی کوردە و لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی کورد ناکۆکە، بۆیە هەر بەحزبیکردنی شـــەڕ لە دژی تیرۆریستان بەکارێکی قێزەون و لادەر ناو دەبرێ.

ئەوەی پەیوەندی بە مێدیاوەیە ئێستا ئەوان ئەم پێناسەیان تاڕادەیەکی زۆر بەجێهێشتوە (راستگۆی، وردبینی، راشکاوی، خستنەروی راستییەکان) لە هەواڵ و بەرنامەکانیاندا.

کە باس لە راستگۆی دەکەین، مەرج نیە ئەوەی بڵاودەکرێتەوە، ناراستە نەخێر میدیاکارانی ئێمە چاوپۆشـــی لەهەندێ روداوی ناو جەنگەکە دەکەن "شکســـت، پاشەکشە، ژمارەی بریندار و کوژراوان، هەڵهاتن و بەدیل گرتن".

کەواتە ئەوەی بڵاودەکرێتەوە لە مێدیای ئێمە لەئێســـتا بەجۆرێکە دەکرێ بگوترێ مێدیاو راگەیاندنەکان شتێک بڵاودەکەنەوە، خەڵکی کورد بەگشتی هەست بەوە بکا زانیاری میدیا هاوزمانەکەی چارەســـەری برین و ناخۆشـــیەکانیەتی نەک هەواڵی جەرگ بڕ کە باس لە شکستی پێشمەرگە یان شەڕوانان بکا.

هۆکاری چاوپۆشیکردن لە شکستی پێشمەرگە، یان چەکدارانی تری کورد لە پارچەکانی تری کوردستان، بەشێکی پەیوەندی بە پرسی تیرۆرهوە هەیە بەوپێیەی میدیای ئێمەش زیاتـــر مێدیایەکی ناوخۆی و لۆکاڵە ئیتر دەبێ ئەوها بێ ئەگینا لەناو کۆمەڵگا بەمیدیای ناپەسەند ناوزەد دەکرێت.

ئەگەر مێدیایەکـــی کوردی هەوڵی ئەوە بدا چەکدارانی داعـــش وەربگرێت، یان بایەتێک بڵاوبکاتەوە، باس لەشکســـتی پێشمەرگەو شەڕوانان بکا لەکاتێک شەهید هەیەو بریندارو شکستی پێشمەرگەش هەبوە ئەو مێدیایە روبەڕوی توانج و رەخنەی هاوڵاتیان دەبێتەوە.

پرســـیارەکە ئەوەیە ئایا ناکرێ میدیای کوردی باس لە شکســـتی پێشمەرگەو شەڕوانان

بكا؟ لەكاتێک بابەتەکە هەیە؟ ئەی بۆ باسی داعش دەکەن؟ ئایا مێدیا بەو نا هاوسەنگیە متمانەی کاری خۆی لەدەست نادا؟ بینەرو بیسەرو خوێنەر ناچار بکا بەدوای بەدیلی تردا بگەڕێن؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە دوولایەنەیە وەک ئاماژەم پێکرد مێدیای ئێمە زیاتر مێدیای ناوخۆی و یـــەک زمانەو کوردیش وەکو نەتەوە کەوتۆتە بەر پەلامـــاری دوژمنەکانی، بۆیە رەنگە ئەوەی بۆ میدیای بیانی دەست کراوەبێ مێدیای ناوخۆی نەتوانێ وەها دەست کراوەبێ و هەمو بابەتێک بڵاو بکەنەوە.

بـــەڵام لە ڕووی بابەتی و هاوســـەنگیەوە دەبێ لایەنـــی بەرامبەریش وەربگرێ، یان باس لە شکســـتی پێشـــمەرگەش بکرێت، ئەگینا ئەگەر مێدیا بچێتە ژێرباری هەست و سۆزو سیاسەت و هەر ئایدۆلۆژیەوە بێگومان هاوسەنگی لەدەست دەدا ناتوانێ خوێنەر راوبکا، بۆیە خوێنەر یان بینەرو بیسەر ناچار دەبن رو لە مێدیایەکی تر بکەن.

لە ئێســـتا میدیای کوردی لەدۆخێکدایە بیسەر و بینەرەکانی بەجێی هێشتوە، ئەوەندەی لە مێدیاکەی خۆی دەڕوانێ زیاتر بەدوای مێدیای دوەمدا دەگەڕێت کە مێدیای بیانیە یان مێدیایەکە لەدەرەوەی مێدیای کوردیە، چونکە مێدیاکەی خۆی تەواوی شەڕو رووداوەکان رووماڵ ناکات!.

وەک کوردێک ناڵێم تەواوی زانیاری پێشمەرگە بڵاو بکرێتەوە، بەڵام لەڕووی کاری مێدیایەوە ئەگەر وابزانین بڵاوکردنەوەی دروشم و بابەتی لایەنێک لە شەڕەکە کە زۆرجار کەسانێکی بێ دەســـەڵاتیش لێدوان دەدەن بۆ راگەیاندنەکان ئەوە تەواوی مێدیاکان بەهەڵەدا چوین، ناتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئێمە میدیایەکی هاوســـەنگمان هەیەو رو لە مێدیاکانی تر نەکەین.

لە رۆژنامەی هاوڵاتی مانگی١٢ی ٢٠١٤ بڵاوکراوەتەوە.

# کۆتایی